WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23 2ی پووشپەڕ 2714 (750) دینار

## 4 وەزیر بڕوانامەکانیان "وەهمییە"

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئەو سیڤیانەی بۆ پەرلەمانیان نییە، چوار وەزیری کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕوانامەکانیان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دانی پێدا نەنراوە. هەر یەک لە عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ کە بکالۆریۆسی لە زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی بەدەستهێناوە. فاتیح سەنگاوی، سەرۆکی دەستەی ناوچە کێشەلەسەرەکان (بە پلەی وەزیر) یەکێک لە ماستەرەکانی لە زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی بەدەستهێناوە. مەولود باوە موراد، وەزیری هەرێم، ماستەری لە زانکۆی جیهان بۆ زانستە ئیسلامییەکان بەدەستهێناوە. هەروەها سەلاحەددین بابەکر، وەزیری کارەبا ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی سانت کلێمنتس بەدەستهێناوە.



پ.د.ئیبراهیم حەمەڕەش، یاریدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بۆ کاروباری زانستی لەبارەی بڕوانامەی ئەو زانکۆیانە بە (ڕووداو)ی گوت "هەریەک لە زانکۆکانی (حوڕەی هۆڵەندی، سانت کلیمێنتس و زانکۆی جیهانی بۆ زانستە ئیسلامییەکان) وەهمین، بۆیە هەر بڕوانامەیەک لەو زانکۆیانە بەدەستهاتبێت لە کوردستان بە وەهمی حیساب دەکرێت".

« 2

وەزیری پێشووی دەرەوەی دانیمارک:

## دۆخی تازەی عێراق بە سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی دێت

5

## کوردی ئیسرائیل یادی قوربانییەکانیان دەکەنەوە

11



شەهرام نازری بۆ (ڕووداو):

## کەیفم بە هاتوهاواری سیاسی نایەت

10

بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق:

# داعش زیانی 10 ملیار دۆلاری لە سوپای عێراق داوە



« 3




رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (315)   دووشەممە   2014/6/23



## "شێرەکەی مالیکی" لە کوردستانە

**رووداو- شنگال**

دوای ئەوەی سوپای عێراق لە قەزای تەلەعفەر پاشەکشەی دەکرد و چەکدارانی داعش قەزاکەیان کۆنترۆڵ کرد. ئەبو وەلید، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا پەنای بۆ هەرێمی کوردستان هێنا. سەربەست بابیری، بەرپرسی لقی 17ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شنگال بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "دوای نزیکەی هەفتەیەک شەڕکردن لە فرۆکەخانەی تەلەعفەر، دواجار ئەبو وەلید، فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا کە بە شێرەکەی مالیکی ناسراوە، پاشەکشەی کرد و خۆی و گەیاندە شنگال".

# بڕوانامەی 4 وەزیری کابینەی نوێ "وەهمیە"

**رووداو- هەولێر**

سیڤی وەزیرەکانی کابینەی نوێ، جگە لەوەی زۆربەیان بەپێی ستانداردی جیهانی نووسینی سیڤی نەنووسرابوون، لە نێویاندا شتی سەیر و سەمەرەی تێدابوو. وەزیری کشتوکاڵ لە سیڤییەکەی نووسیبووی لە ساڵی 1998 قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە. وەزیری تەندروستی نووسیویەتی "توانای نووسینی راپۆرتی هەیە وەکو رۆژنامەنووس".

دوای تێپەڕینی 270 رۆژ بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، رۆژی 2014/6/18 کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێدرا.

وەزیرەکان کە هەموویان بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران متمانەیان پێدرا، رۆژێک پێشتر سیڤییەکانیان نێردرابوو بۆ نێو بۆکسی پەرلەمانتاران، بۆ ئەوەی سیڤییەکانیان ببینن بەرلەوەی دەنگیان پێبدەن، بەڵام تەنیا یەک پەرلەمانتار نوقتە نیزامی هەبوو، لە کاتی متمانەدان بە وەزیرەکان هاتە دەنگ و گوتی "هەندێک لەوەزیرەکان بڕوانامەی زانکۆ بڕواپێنەکراوەکانیان هەیە". سەرۆکی پەرلەمانیش لە وەڵامدا گوتی "دەتوانی متمانەیان پێنەدەی".

### دکتۆرا و بەکالۆریۆسی "وەهمی"

بەپێی ئەو سیڤیانەی وەزیرەکان پێشکەشی پەرلەمانیان کردووە، 4 وەزیر بڕوانامەکانیان باوەڕپێکراو نییە. لەوانەش عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ کە بەکالۆریۆسی لە زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی بەدەستهێناوە. فاتیح سەنگاوی، سەرۆکی دەستەی ناوچە کێشەلەسەرەکان (بە پلەی وەزیر) کە یەکێک لە ماستەرەکانی لە زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی بەدەستهێناوە. مەولود باوە موراد، وەزیری هەرێم، ماستەری لە زانکۆی جیهان بۆ زانستە ئیسلامییەکان بەدەستهێناوە. هەروەها سەڵاحەددین بابەکر، وەزیری کارەبا لە سیڤییەکەی نووسیویەتی کە ماستەر و دکتۆرای لە زانکۆی سانت کلێمنتس بەدەستهێناوە.

پ.د.ئیبراهیم حەمەڕەش، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بۆ کاروباری زانستی لەبارەی بڕوانامەی ئەو زانکۆیانە بە (رووداو)ی گوت "هەریەک لە زانکۆکانی (حوڕەی هۆڵەندی، سانت کلیمێنتس و زانکۆی جیهان بۆ زانستە ئیسلامییەکان) وەهمین و بڕواپێکراو نین لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆیە هەر بڕوانامەیەک لەو زانکۆیانە بەدەستهاتبێت لە کوردستان بە وەهمی حیساب دەکرێت". فاتیح سەنگاوی، کە ماستەری لە زانکۆی حوڕەی هۆڵەندی بەدەستهێناوە، دان بەوەدا دەنێت کە بڕوانامەکەی متمانەپێکراو نییە لە کوردستان و دەڵێت "من ماستەری دیکەم هەیە، بەڵام ماستەرەکەی زانکۆی حوڕەی هۆڵەندیم وەکو بەهایەکی مەعنەوی لە سیڤییەکەم داناوە".



وەزیرانی کابینەی نوێی حکومەت دوای وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمان (فۆتۆ: AFP)

### وەزیری کشتوکاڵ حافیز قورئانە

سیڤی زۆربەی وەزیرەکان پڕ بوو لە کار و چالاکی رابردوویان کە هەندێک لەو کارو چالاکییانە هیچ پەیوەندییان بە پسپۆڕیی وەزارەتەکانەوە نییە، یان هەر پێویست نەبووە بنووسرێن.

عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ کە لە هەمانکاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامییە، لە سیڤییەکەی نووسیویەتی "لە ساڵی 1998 قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە".

دەرباز عەبدوڵڵا رەسول (دەرباز کۆسرەت رەسوڵ) کە وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوونە، بەپێی سیڤییەکەی، لە ساڵی 1982 لەدایکبووە، بەڵام لە ساڵی 1993 ئەندامی لقی هەولێری کۆمەڵەی خوێندکاران بووە، واتە تەمەنی تەنیا 11 ساڵ بووە کە بووەتە ئەندامی لق.

گۆڕان حکومەتی پڕ کردووە لە یاساناس

بزووتنەوەی گۆڕان، کە یەکەمجارە بەشداری حکومەت دەکات و چوار وەزیر و سەرۆکی دەستەیەکی بە پلەی وەزیر بەرکەوتووە، جگە لە وەزیری پێشمەرگە، بۆ سەرجەم وەزارەتەکانی دیکە کەسانی یاساناسی داناوە.

کەمال موسلیم، وەزیری ئەوقاف، بەکالۆریۆس لە جیۆلۆجی و یاسا. مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە، دبلۆم لە کشتوکاڵ. رێباز محەممەد، وەزیری دارایی بەکالۆریۆس لە یاسا. هەروەها سامال سەردار، وەزیری بازرگانی بەکالۆریۆسی لە یاسادا هەیە.

دوو لە وەزیرەکانی پارتیش: پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردە و نەورۆز مەولود، وەزیری شارەوانی بڕوانامەکەیان لە بواری یاسایە.

ئەمە لە کاتێکدایە سینان چەلەبی، وەزیری داد کە لە کابینەی رابردوو وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بوو، بەپێی سیڤییەکەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە ئەندازیاریی تەلارسازی هەیە.

### بە دەستهێناوە

د.رێکەوت حەمەڕەشید، کە لە دوو کابینەی رابردوودا وەزیری تەندروستی بوو، تاکە وەزیری دووبارە بووەوەی یەکێتییە. ناوبراو هەرچەندە پسپۆڕییەکەی لەگەڵ وەزارەتەکەی دەگونجێت، بەڵام لە سیڤییەکەی هەندێ شتی نووسیوە کە هیچ پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستییەوە نییە. رێکەوت حەمەڕەشید نووسیویەتی "بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە"، "لێزانیی باشم هەیە لە بزنس". لە هەمووشی سەیرتر نووسیویەتی "توانای راپۆرت نووسین وەک رۆژنامەنووس".

هەروەها بەپێی سیڤییەکەی، وەزیری تەندروستی لەو ماوەیەی کە لە حکومەتدا بووە، سەرقاڵی خوێندنیش بووەو لە ساڵی 2013 ماستەری لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە زانکۆی ئەمریکی –سلێمانی بەدەستهێناوە. ئەمەش بەپێی رێنماییەکانی ئەنجوومەنی وەزیران رێپێدراو نییە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت و باس دەکرێت لەنێو سیڤییەکان، سیڤی باش و دەوڵەمەندیش هەبوون. لەوانەش سیڤی د.عەلی سندی، وەزیری پلاندانان و ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان.

بەڵام سیڤی هەندێک لە وەزیرەکان پڕ بوو لە کارو چالاکی حیزبی و پێشمەرگایەتی، لەوانەش جونسۆن سیاوەش، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، مەحموودی حاجی ساڵح، وەزیری شەهیدان. د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

### پێویستی بە سیڤی نەبوو

جەبار ئەمین، کە پەرلەمانتاری پارتی ژینگەیە لە پەرلەمانی سوێد، باسی چۆنیەتی متمانەدان بە حکومەت دەکات و دەڵێت "من نەمبیستووە لە هیچ پەرلەمانێکی دنیا داوای سیڤی لە وەزیر بکرێت، سیڤی بۆ کەسێکە کە بیەوێت ببێتە سەرۆکی زانکۆیەک، یان کۆمپانیایەک". گوتیشی "سەرۆکی حکومەت دەبێت سەیری شایستەیی و لێهاتوویی کاندیدەیتی وەزارەتەکان بکات نەک سیڤی و بڕوانامە".

فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان لە بارەی سیڤی وەزیرەکان گوتی "هەموو ئەو مەرجە یاساییانەی پێویستە لە وەزیرێکدا هەبێت لە سیڤییەکانیاندا هەبوو، لە رووی یاساییەوە هیچ کێشەیەکیان نەبوو".

بەڵام فرسەت سۆفی نەیشاردەوە کە تێبینی لەسەر سیڤی هەندێک لە وەزیرەکان هەبووە و گوتی "بۆ نموونە لە دانانی وەزیری داد نەک دەبووایە رەچاوی پسپۆڕی کرابایە، بەڵکو دەبووایە وەزیر شارەزاییەکی قووڵیشی لە یاسادا هەبێت، بەڕاستی ئەوە یەکێکە لە کەموکورییەکان".

فاتیح سەنگاویش لەگەڵ ئەوەدا نییە تەنیا بەو چەند مەرجە سادانە کەسێک بکرێتە وەزیر، بەبێ ئەوەی رەچاوی پلەی ئەکادیمی کەسەکە بکرێت.

# نەزاهە فۆرم بە وەزیرە نوێیەکان پڕدەکاتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان دەڵێ ئەوان رۆڵی چاودێرێکی باش بەسەر حکومەتەوە دەگێڕن و هەوڵیش دەدەن میکانیزمی دیکە بگرنەبەر بۆ چاودێریکردنی حکومەت "بەڵام ناتوانین جێگەی ئۆپۆزیسیۆن بگرینەوە، چونکە شێوازی کارکردنی ئێمە جیاوازە".

د. ئەحمەد ئەنوەر، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، باسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کرد و گوتی "ئێمە نەماندەزانی ئەوەندە دوادەکەوێ، هەر ئەوەش وای کرد هەندێک لە کارەکانی ئێمەش دوابکەون".

ئەحمەد ئەنوەر دەڵێ کاتێک پەرلەمان متمانە دەداتە حکومەت "کاری پەرلەمانە چاودێری بکات"، هێما بۆ ئەوەش دەکات کە لە هەرێمی کوردستان دیوانی چاودێری دارایی هەیە و چاودێری دارایی سەرجەم دەزگاکانی حکومەت دەکەن "ئێمەش کە چەند مانگێکی کەمە دەستبەکاربووین، دەتوانین بەپێی یاسایەک هەڵسەنگاندن بۆ فەرمانبەران و بەڕێوەبەر و کاربەدەستانی حکومەت بکەین لەرووی سامان و موڵک وماڵیانەوە و چاودێری ئاستی دارایی بەرپرسە باڵاکان دەکرێت بەپێی ئەو مادەیەی لە یاساکەدا هەیە".

کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە بەشداریی هەر پێنج لایەنە براوەکەی هەڵبژاردن پێکهات، ئیدی سەردەمی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستان کۆتایی هات. ئایا دەستەی دەستپاکی تاوەکو چەند دەتوانێ جێگای ئۆپۆزیسیۆن پڕبکاتەوە؟



د.ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی دەڵێت کە ئەوان حیزب نین تاوەکو ببنە ئۆپۆزیسیۆن و دەستەیەکن کە بەپێی یاسا کاردەکەن، هەروەها لایەنێکی دیکەی کارەکانیان رووندەکاتەوە و دەڵێ چاودێری دەرکردنی بڕیارەکانی حکومەتیش دەکەن "دەتوانین چاودێری بکەین بەپێی مادەی 5 لە یاسای دەستەی دەستپاکی، ئایا ئەو بڕیارانە لەرووی دەستپاکییەوە تاوەکو چەند دروستن". گوتیشی "ئێمەش لە ژێر چاودێری پەرلەمانین و دەستەیەکین، بەپێی یاسا کاردەکەین، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی کە هەمانە جۆرێک لە چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتەکان دەگرێتەوە".

رۆژی 2013/5/13 ئەحمەد ئەنوەر مستەفا، وەک سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد و دەستبەکار بوو، دوو ساڵ پێشتریش واتە لە 2011/4/26 یاسای دەستەکە لە پەرلەمان پەسەند کرا.

دوای چەند مانگێک لە دەستبەکاربوون، 1080 فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامان بەسەر پەرلەمانتار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و دادوەرەکاندا دابەشکران، بەڵام هێشتا ژمارەیەک لەوانەی فۆرمیان پێدراوە، وەڵامەکانیان نەگێڕاوەتەوە بۆ دەستەکە. ئەحمەد ئەنوەر دەڵێ "1000 فۆرممان بۆ گەڕاوەتەوە". گوتیشی "سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکەم کەس بوو وەڵامی فۆڕمەکەی داینەوە".

سەبارەت بەوانەی تاوەکو ئێستا فۆڕمەکەیان نەگەڕاندووەتەوە، د.ئەحمەد گوتی "ئەوانەی وەڵامیان نەداوینەتەوە ئاگاداریان دەکەینەوە، بەڵام بەپێی یاساکە هەر کەسێک فۆرمەکە بە ئەنقەست نەگێڕێتەوە، دەستە بۆی هەیە لە یەک ملیۆن تاوەکو 3 ملیۆن دینار غەرامەی بکات و دواتریش ناوەکەی بڵاوبکاتەوە".

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی ئاشکرای کرد لەم هەفتەیەدا فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامان دەدرێتە ئەندامانی نوێی کابینەی نوێ.

لەبارەی ئەو وەڵامانەش لە بەرپرسانەوە پێیانگەیشتووەتەوە، بەرپرسی دەستەی دەستپاکی رەتیدەکاتەوە بتوانێ ئەوە ئاشکرابکات کە ئاخۆ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان زیاتر چ جۆرە موڵکێکیان هەیە ورادەی دەوڵەمەندییەکەیان چۆنە "یاسا رێگەی پێنەداوین ناوەڕۆکی فۆرم بڵاوبکەینەوە، ئێمە داوامان لە پەرلەمان کردووە گۆڕانکاری لە یاساکەدا بکرێت و دەستە بۆی هەبێت ناوەڕۆکی فۆرمەکە ئاشکرا بکات".

دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستاش سەرقاڵی دانانی لیژنە و پسپۆڕێتییەکانە و هەروەها دەیەوێ لە سەرجەم قەزاکانی هەرێمی کوردستان لقی خۆی بکاتەوە لە داهاتوودا بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن پەیوەندییان پێوەبکەن و زانیارییان بدەنێ. هەروەک چۆن دەیانەوێ بەم نزیکانە ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیلەکانی خۆشیان بڵاوبکەنەوە لەرێگای کەناڵەکانی راگەیاندنەوە.

"بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری دادەنێین کە جیاوازی سامانی ساڵانە دەربخات". هەروەها دەڵێ پەیوەندییان لەگەڵ دەستەی نەزاهەی بەغدا نییە "دەستپێشخەریمان کرد بۆ ئەوەی پەیوەندیمان هەبێ، بەڵام مالیکی ئەو دەستەیەی کۆنترۆڵ کردووە".

لە هەرێمی کوردستان، چاوەڕوان دەکرێت دیوانی چاودێری دارایی بەشێوەیەکی یەکگرتوو دەستبەکار بێت، هەرچەندە پێشتر دیوانەکان یەکخرانەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرۆک کاروبارەکانیان راوەستان و ماوەیەکیش نەیانتوانی چاودێری کابینەی حەوتەم بکەن.

د.ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان دەڵێ پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەیە "دەمانەوێ پرۆتۆکۆڵێک ئیمزا بکەین بەیەکەوە، بۆ ئەوەی هەماهەنگی زیاتر دروستبکەین لە نێوانمان". گوتیشی یەکێک لە مادەکانی یاساکە ئەوەیە کە ئێمە و دیوانی چاودێری هەماهەنگیمان هەبێت "بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ نەکراوە".

بەبڕوای د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەوان هەوڵی تەواو دەدەن بەپێی بڕگە و مادەکانی ئەو یاسایەی کاری لەسەر دەکەن، دەستەیەکی بەهێز و کارامەیان هەبێت و بتوانن ئەرکەکانی خۆیان بەباشی راپەڕێنن، بەڵام وەک خۆی دەڵێ "لەبەر ئەوەی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان کارێکی نوێیە، کاتی دەوێ تاوەکو بەرهەمەکانی دەربکەوێ".

ڕووداو
ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23

## بارزانی لە هەندێک کەناڵ نیگەرانە



**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە ڕۆژی 2014/6/22 بڵاوی کردەوە نیگەرانی خۆی نیشانداوە بەرامبەر بە مامەڵەی هەندێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ ڕووداوەکانی ئێستای عێراق و کوردستان. بارزانی دەڵێت "جێگەی داخە کە دەبینرێ ژمارەیەک دەزگای میدیایی لە هەواڵ و ڕاپۆرت و بەرنامەکانیاندا لە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی تازەدا ڕەچاوی بنەماکانی پرۆفیشناڵیی کاری ڕۆژنامەوانی و فەهمی نەتەوەیی بۆ ڕووداوەکان و داب و نەریت و بەهاکانی گەلەکەمان ناکەن؟ هەندێ لە ڕاگەیاندنەکان شەهیدبوونی پێشمەرگە قارەمانەکان بە کوژران ناو دەبەن".

### بەپێی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق:

# داعش زیانی 10 ملیار دۆلاری لە سوپای عێراق داوە

**جەلالەدین سەغیر:**
هاتنی داعش پێمان دەڵێ دەرکەوتنی ئیمام مەهدی زۆر نزیکبووەتەوە

**حەسەن جیهاد، ئەندامی پێشووی لیژنەی بەرگری و ئاسایش لە پەرلەمانی عێراق:**
داعش تەنیا بە 500 چەکدار دەستیان بەسەر موسڵدا گرت

**نەجیبە نەجیب:**
135 ترلیۆن دینار بۆ سوپای عێراق خەرجکراوە کەچی بە چەند سەعاتێک شکا

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

شیعەکانی عێراق پێیانوایە هاتنی "داعش" و ئەو دۆخەی ئێستا عێراقی تێکەوتووە نیشانەی دەرکەوتنی ئیمام مەهدیی چاوەڕوانکراوە. بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی بەرگریی عێراقیش، لە ڕۆژی هێرشکردنە سەر شاری موسڵەوە تاوەکو ئێستا 7 فیرقەی سەربازی تێکشکاون و زیانی ئەو پەلامارەش زیاتر لە 10 ملیار دۆلار بووە لە سوپای عێراق.

دوای کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ لە شەوی 2014/6/10، چەکدارانی داعش و گرووپە سوننەکانی دیکە لە پێشڕەویدان و نزیکبوونەتەوە لە شاری بەغدا، بەڵام پێناچێت بەغدا پارووێکی وا ئاسان بێت بۆ هێزەکانی داعش، بە تایبەتی دوای فەتوای مەرجەعە باڵاکانی شیعە بۆ شەڕکردن لە دژی ئەو گرووپە.

## داعش بە 500 چەکدار موسڵی گرت

پەرلەمانتارێکی کورد ژمارەی ئەو چەکدارانەی داعش ئاشکرا دەکات کە لە پەلاماردانی شاری موسڵدا بەشدارییان کرد و توانییان سوپای عێراق تێکبشکێنن.

حەسەن جیهاد، ئەندامی پێشووی لیژنەی بەرگری و ئاسایش لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو شەوەی هێزی داعش هاتوونەتە نێو موسڵ ژمارەیان تەنیا 500 چەکدار بووە و موسڵ بەدەستی ئەو ژمارە چەکدارە تەواوبوو".

بە بڕوای حەسەن جیهاد، ئەم شەڕەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدات شەڕێکی ئاسان نابێ "شەڕەکە درێژخایەن دەبێ و بە ئاسانی کۆتایی نایەت".

دوای گرتنی موسڵ، ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی داعش ڕایگەیاند کە ئەوان تاوەکو کەربەلا و نەجەف ڕاناوەستن.

ئێستا شەڕێکی دژوار لەنێوان هێزەکانی داعش و سوپای عێراق لە ناوچەی عوزێم، کە تەنیا 60 کیلۆمەتر لە بەغدا دوورە بەردەوامە، هەروەها لە بێجی شەڕی توند هەیە و شارۆچکەی هیتیش لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار کەوتووەتە دەستی داعش.

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت "ئەگەر ئەبوغرێب و تاجی بکەونە دەستی چەکدارانی داعش ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانن فرۆکەخانەی بەغدا کۆنترۆڵ بکەن".

## سوپای عێراق 10 ملیار دۆلار زیانی پێکەوتووە

سەرچاوەیەکی باڵای وەزارەتی بەرگریی عێراق باسی زیانەکانی سوپا دەکات و دەڵێت سوپای عێراق زیانی زیاتری بەردەکەوێت "بەغدا لەو شەڕە بەدەر نابێ، چونکە ڕۆژانە شارۆچکەکانی دەوروبەری بەغدا دەکەونە دەست هێزەکانی داعش".

بەپێی قسەی ئەو بەرپرسە باڵایەی وەزارەتی بەرگریی عێراق کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، "80%ی خەڵکی نێو بەغدا شیعەن، بەڵام دەوروبەری بەغدا، بەتایبەتی ناوچەکانی ئەبوغرێب، مەحموودیە، لەتیفیە تاوەکو حلە و ئەنبار و سنووری ئوردن و سعودیە زۆرینە یان هەموویان سوننەن".

ئەو بەرپرسە دەڵێ بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی وەزارەتی بەرگریی عێراق ئامادەی کردووە "سوپای عێراق زیاتر لە 10 ملیار دۆلار زیانی ماددی بەرکەوتووە، جگە لە کوشتن و گوللەبارانکردنی سەدان سەرباز و ئەفسەری سوپای عێراق". گوتیشی "تاوەکو ئێستا حەوت فیرقەی سەربازیی عێراق تێکشکاون کە پێنجیان فیرقەی سوپان و دوو فیرقەی پۆلیسی فیدراڵیش".

## "مالیکی وەکو چوکلێت روتبەی دابەش دەکرد"

بەرپرسەکەی وەزارەتی بەرگریی عێراق بۆ یەکەمجار هەندێ هۆکار ئاشکرا دەکات کە پێیوایە لەپشت تێکشکانی سوپای عێراقەوەن و دەڵێ "مالیکی وەکو چۆکلێت روتبەی دابەش دەکرد، شەڕی ئەنباری کرد بێ ئەوەی هیچ پلانێکی هەبێ و سوپای عێراق لەو شەڕەدا تێکشکا و مەعنەویاتیان نەما". هەروەها گوتیشی "مالیکی لەنێو سوپای عێراقدا نەک تەنیا کورد و سوننەی لادەدا، بگرە فەرماندەی سەربازیی شیعی هەرە باش هەبوو لەنێو سوپای عێراقدا، بەڵام لەبەر ئەوەی بەدڵی مالیکی نەبوون لایداون. لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زۆر بەعسی خستە ریزی سوپاوە".

## هۆکارە گەورەکەی شکستی سوپا

ئەو بەرپرسە باسی هۆکاری سەرەکیی شکستی سوپای عێراق لە موسڵ و تکریت و دیالە دەکات و دەڵێت "مالیکی هێزی یەدەگی موسڵ و تکریت و دیالەی کێشایەوە بۆ شەڕی ئەنبار، بەڵام لە ئەنبار ئەو سوپایە بەتەواوەتی لەنێوچوو، ئەمەش وایکرد کە سوپای عێراق لە موسڵ و تکریت هێزی یەدەگی نەمێنێ و ئیدی کە هێزی یەدەگ نەبێ ناتوانێ شەڕ بکات".

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لەشەڕی ئەنباردا "داوا لە مالیکی کرا هێزی یەدەگی ئەو ناوچانە نەکێشێتەوە، بەڵام بە گوێی کەسی نەکرد و ئێستا دەبێ تەحەمولی دۆخەکە بکات".

## سوپا پڕە لە بندیوار

بوونی گەندەڵی لەنێو سوپای عێراق یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی پشت تێکشکانی سوپای عێراق. بەرپرسە باڵاکەی وەزارەتی بەرگری ئاشکرای کرد کە "دوای کشانەوەی یەکجاریی ئەمریکییەکان لە (2011/12/31) مالیکی هەڵەی زۆر گەورەی کرد بەتایبەتی لە نێو ریزی سوپا، لەوەتەی سوپای ئەمریکا ڕۆیشتووە، کەس مەشقی بە سوپای عێراق نەکردووە، ئەمە جگە لە گەندەڵییەکی ئێجگار زۆر لەنێو سوپادا، بۆ نموونە فەوجی سەربازی هەبووە ناوی 1000 سەربازی لەلا بووە، کەچی 150 سەرباز دەوامی کردووە، ئەوانی دیکە هەموو بندیوار بوون".

نەجیبە نەجیب، پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی عێراق دەربارەی گەندەڵیی لەنێو سیستەمی بەرگریی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت "حکومەتی عێراق کە ساڵانە بودجەی ڕەوانەی پەرلەمان دەکرد، دەیگوت یەک ملیۆن چەکدارمان هەیە، بەڵام کە ئەو هەمووی پارەیە بۆ وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و بۆ کڕینی چەک و کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان خەرجکراوە ڕاست دەرنەچوو! ئەگەرنا چۆن سوپای عێراق بە چەند خولەکێک تێکدەشکێ!".

نەجیبە نەجیب کە ئەندامی لیژنەی دارایی بوو لە خولی ڕابردووی پەرلەمان، ئاشکرای کرد کە چەند جارێک هەوڵیان داوە مالیکی لەسەر مەسەلەی خەرجکردنی پارە بۆ سیستەمی بەرگری و کڕینی چەک بانگهێشتی پەرلەمان بکەن و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن "بەڵام ئامادە نەدەبوو، حیسابی بۆ پەرلەمان نەدەکرد".

حکومەتی عێراق ساڵانە لەبودجەی هەرێمی کوردستانی کەم دەکردەوە، چونکە بەشێکی زەبەلاحی بودجە بۆ خەرجییە سیادییەکان تەرخان دەکرا، لەوانەش پڕچەککردن و ئامادەکردنی سوپا بەبێ ئەوەی هەمان پێداویستی بۆ پێشمەرگە دابین بکرێ کە بەشێکە لە مەنزومەی بەرگری بەگوێرەی دەستووری عێراق.

## چارەسەر چییە؟

حەسەن جیهاد، دوو خاڵ بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی ئێستا عێراق تێیکەوتووە دەخاتەڕوو "ئەگەر بیانەوێ شەڕەکە کۆتایی بێت، ئەوا دەبێ ئەمریکا، سعودیە، ئێران و تورکیا دابنیشن".

پلانی دووەمیش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەبڕوای ئەو، ئەوەیە کە نوری مالیکی لابدرێ "چونکە سەرکەوتوو نەبووە".

بەرپرسێکی باڵای شیعەش پێیوایە دەبێ ئەو سوپایەی ئێستای عێراق سەرلەنوێ پێکبهێنرێتەوە و ڕۆڵی سەرەکی بدرێتە هێزە جیهادییەکانی شیعە.

دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو دۆخەی ئێستای عێراق، جەلالەدین سەغیر، سەرکردەی باڵای ئەنجوومەنی ئیسلامی لە عێراق کە عەمار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، دەڵێ "ئێستا کاتی ئەوە نییە قسە لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەو کێشەیەی هاتووەتە پێش بە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکرێ، بەڵکو شەڕ هەیە و جارێ شەڕ لە پێش چارەسەری سیاسییە".

جەلالەدین سەغیر ساڵێک لەمەوبەر هاتنی ئیمام مەهدی و کوردی پێکەوە بەستبووەوە و گوتبووی "لەگەڵ دەرکەوتنی ئیمام مەهدی کوردی عێراق لەگەڵ حوکمی ئیسلامی بەشەڕ دێن و لەگەڵ ئیمام مەهدی دەکەونە شەڕ". بۆچوونێک کە لەکاتی خۆیدا مشتومڕێکی زۆری ورووژاند.

## "ئیمام مەهدی بەڕێوەیە"

سەغیر لەبارەی هاتنی داعش و ئەو ڕووداوانەی ئێستا لە عێراق ڕوودەدات بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی دەرکەوتنی ئیمام مەهدی زۆر نزیکبووەتەوەو دەبێ گەنجەکان ئێستا نەک تەنیا لەسەر چەکی سووک، بگرە دەبێ لەسەر چەکی قورس مەشق و ڕاهێنان بکەن، چونکە شەڕی گەورە لە ڕێگادایە و دەبێ خۆمان بەباشی ئامادە بکەین بۆ هاتنی ئیمام مەهدی".

جەلالەدین سەغیر کە پێشنوێژ و گوتاربێژی مزگەوتی (براثا)یە لە بەغدا، ئەو دەنگۆیانەی ڕەتنەکردەوە کە باس لە بوونی پەیوەندی لە نێوان داعش و کورد دەکەن و گوتی "دەبێ وردتر لەوە بکۆڵینەوە ئایا کورد دەستی هەبووە لە هاتنی داعش یان نا، چونکە قسەی زۆر دەگوترێ". سەغیر هۆشداریش دەداتە کورد و دەڵێ "بۆ کورد باش نییە و لەبەرژەوەندی ئەوان نییە بڵێن هاتووین بۆ ناوچەکانی مادەی 140 و چیدی ناگەڕێینەوە".



( فۆتۆ: AFP )



جەلالەدین سەغیر خۆبەخشێکی شیعە بۆ بەرەی شەڕ بەڕێدەکات

### بودجەی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریی عێراق لە 10 ساڵی ڕابردوودا

| ساڵ | وەزارەتی بەرگری (ترلیۆن دینار) | وەزارەتی ناوخۆ (ترلیۆن دینار) |
|---|---|---|
| 2005 | 2 | 1.215 |
| 2006 | 5.163 | 2.786 |
| 2007 | 5.218 | 4.105 |
| 2008 | 6.351 | 6.844 |
| 2009 | 4.863 | 6.469 |
| 2010 | 5.733 | 7.188 |
| 2011 | 6.839 | 7.386 |
| 2012 | 7.60 | 9.570 |
| 2013 | 9.206 | 9.929 |
| 2014 | 23.504 | |
| کۆی گشتی | 132 + 250 ملیار دینار بۆ حاڵەتی کتوپڕ (ساڵانە) | |

## پێکهاتەی سوپای عێراق

سوپای عێراق 14 فیرقەی هەیە لەگەڵ دوو ئۆپەراسیۆنی تایبەت کە بە (فیرقەی ئاڵتوونی) ناسراون، هەروەها هێزی سوات کە هێزێکی تایبەتی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراقە. ئەوە جگە لە 4 فیرقەی مغاویر بۆ پاڵپشتیی پۆلیسی عێراق.

هەردوو هێزەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە 60 هەزار سەرباز پێکدێن.
فیرقەی سوات لە 10 هەزار سەرباز پێکدێ.
14 فیرقە سەربازییەکەی عێراق بەسەر حەوت عەمەلیات لە عێراق دابەشبووە.
هەر فیرقەیەکی موغاویر لە 10 هەزار سەرباز پێکدێت.

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا: فیرقەی 2 و 3
فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی سامەڕا: فیرقەی 4 و 7
فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا: فیرقەی 1 و 9
فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی جەزیرە و بادیە: فیرقەی 8 و 10
فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە: فیرقەی 5 و 12
فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی فوراتی ئەوسەت: فیرقەی 13 و 14
فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەجەف: فیرقەی 8 و 11

### پێکهاتەی فیرقە:

سێ لیوا
یەک لیوا: 3000 سەرباز
کەتیبەی دەبابە، پێکدێت لە
أ- هەزار سەرباز
ب- چوار ڕەعیل، کە هەر ڕەعیلێک 12 تانکی هەیە
ج- 36 تانک و 12 زرێپۆش
لە نێو فیرقەدا لیوایەکی تایبەت هەیە بە ناوی مغاویر کە لە 3000 سەرباز پێکدێت
هەر فیرقەیەکی عێراق لە 13 هەزار سەرباز پێکدێت

### فیرقەی مودەڕەعە (فیرقەی 9):

- فیرقەکە پێکدێ لە سێ لیوا
- لیوای یەک 36 تانکی ئەبرامزی هەیە کە ئەمریکین
- هەر تانکێکی ئەبرامز بە 55 ملیۆن دۆلار کڕدراوە
- گوللەی تانکی ئەبرامز تاوەکو 6 کیلۆمەتر ئامانج دەپێکێت
- خێرایی هەر گوللەیەکی تانکی ئەبرامز 110 کیلۆمەترە لە کاتژێرێکدا
- لیوای 2 و لیوای 3 تانکەکانی T72 و T55یان هەیە کە ڕووسین

## وەزیرێکی عێراق: هەمانگی لە نێوان سوپا و پێشمەرگەدا هەیە

**ڕوودا‌و- بەغدا**

وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق رایدەگەیێنێ، هەمانگییەکی زۆرباش لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەدا هەیە. جاسم محەممەد جەعفەر، وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی عێراقییەی نیمچەفەرمی رایگەیاند، لەسەرەتای رووداوەکانی نەینەوا و سەڵاحەدین جۆرێک لە ناکۆکی لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە دا هەبوو، بەڵام ئێستا رەوشەکە گۆڕاوە. جاسم کە تورکمانێکی شیعەمەزهەبە و جلی سەربازی لەبەرکردبوو، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئێستا هەماهەنگی و هاوکارییەکی زۆر باش لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا هەیە.



ڕوودا‌و
ڕاپۆرت
ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23

### ئەگەر شەڕی داعشی بۆ بکات

# مالیکی دەچێتە ژێرباری داواکارییەکانی کورد

### سەرکردەیەکی کورد: داعش و سوننە تاوەکو بەغدا نەگرن شەڕی کورد ناکەن

### پەرلەمانتارێکی گۆڕان: دەبێ کورد خەندەق لە دەوری کەرکووک و ناوچەکانی دیکە لێبدات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هێشتا هەوڵەکانی ئێران لەگەڵ سەرکردایەتی کورد بەردەوامە بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەتی مالکی بکەن و ڕووبەڕووی داعش ببێتەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حیزبەکان دەڵێ "کورد تاوەکو ئێستا نەچووەتە ژێرباری داواکاری ئێران، بەڵام بەڵێنیشی داوە دژی بەغدا نەجوڵێتەوە".

شەڕی نێوان داعش و گرووپە چەکدارییەکانی دیکەی سوونە بەرامبەر سوپای عێراق بەردەوامە و لەولاشەوە سوپای عێراق بە فڕۆکە بۆمبارانی چەکداران دەکات، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە پێشڕەوی چەکدارانی داعش بوەستێنێ و هێشتا مالیکی پێویستییەکی زۆری بە جوڵەی پێشمەرگە هەیە تاوەکو بەشێک لە چەکدارانی داعش ناچار ببن بەشێک لەهێزەکەیان بەرەو لای بەرەی کورد بکێشنەوە و گەمارۆی سەر سوپاکە کەمتر ببێ.

بەرپرسێکی باڵای یەکێک لە پارتە سیاسییەکان کە بەشداریی لە کۆبوونەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حیزبە کوردستانییەکان کردووە و ئاگاداری هەندێک لەو وردەکاریانەیە کە وەفدی ئێرانی لەگەڵ نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان باسیانکردووە دەڵێ "تاوەکو ئێستاش ئێران بەردەوامە لە فشارەکانی بۆ سەر کورد، بۆ ئەم مەبەستەش رازی بووە پۆستی سەرۆک کۆمار بدرێتەوە کورد و ناوچە کێشەلەسەرەکانیش لە دەستی کورددا بمێننەوە".

### "داعش تا گرتنی بەغدا شەڕی کورد ناکات"

ئەو سەرکردەیەی یەکێک لە حیزبە سیاسییەکان، نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە و گوتی بارزانی نامەیەکی مالیکی لەرێگەی ئێرانەوە پێگەیشتووە و لەنامەکەدا "مالکی ڕەزامەندی لەسەر ئەوە نیشانداوە کەرکوک لەدەست کوردبێ بەو مەرجەی لەگەڵ ئەو حکومەت پێکبهێننەوە و لەنێوان بەغدا و داعشدا بێلایەن نەمێننەوە".

بەڵام "سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی حکومەتی نوێی عێراق بەسەرۆکایەتی مالکی پێکنەیەت و نەشگەڕێتەوە بۆ هاوکێشەی پێش شەڕی نەینەوا".

بەبڕوای ئەو سەرکردەیە، کورد لەوە تێگەیشتوون کە داعش و سوننەکان تاوەکو دەست بەسەر بەغدادا نەگرن شەڕی کورد ناکەن "بۆیە ئێران بەردەوامە لە هاتن و چوون و داواکارییەکانی و چاودێری دۆخەکەش دەکات بزانێ بە کوێ دەگات".

حاکم شێخ لەتیف مستەفا، پەرلەمانتاری گۆڕان لە بەغدا، ئەو قسەیە پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ "شەڕی داعش و سوننەکان لەگەڵ کورد لە قۆناخی دووەمدایە و دوای گرتنی بەغدا دەستپێدەکات".

حاکم شێخ لەتیف مستەفا پێیوایە مالیکی 165 کورسی پەرلەمانی بۆ دروستنابێتەوە تاوەکو ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران "من پێموایە ئەگەر مالیکی رازی ببێ هەموو ناوچە کوردستانییەکان بخرێنەوە ژێر دەسەڵاتی کوردیش، نابێ هەر کورد هاوپەیمانێتی لەگەڵ ببەستێتەوە". حاکم لەتیف مستەفا گوتیشی "مالیکی هیچی لەدەست نەماوە تاوەکو بیداتە کورد، ئەگەر بۆ ساڵێکی دیکە ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران، تاوەکو 40 ساڵی دیکە هەر سەرۆک وەزیران دەبێ".

بەپێی یاسا، پەرلەمان هەڵبژێردراوی عێراق، تاوەکو 30ی ئەم مانگەی لە بەردەستە بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدات و حکومەتی نوێ هەڵبژێرێ، تاوەکو ئێستاش لیستی دەوڵەتی یاسا سوورە لەسەر ئەوەی کاندیدی ئەوان نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق بێت.

سەرکردە کوردەکە دەڵێت سەرباری داواکاری ئێران بۆ نزیکبونەوەی کورد لە حکومەتی ناوەند، هەندێک لە شیعەکانیش تێگەیشتوون بەبێ لادانی مالیکی، ناتوانن کورد لەخۆیان نزیک بکەنەوە "بەڵام ئێستا ئەوان پاراستنی حکومەتەکەیاتن بەلاوە گرنگترە لە سەرقاڵبوون بە مەسەلەی مالیکی".

### "کورد دەبێ خەندەق لێبدات"

موئەیەد تەیب، پەرلەمانتاری پارتی لە بەغدا، دەڵێ کورد بەشداریی لەحکومەت بکات یان نا، ئەو ناوچانە نەتەسلیمی داعش دەکات و، نە حکومەتی ناوەند "کێشەیەک زۆر گەورە نابێ لەگەڵ هەر حکومەتێک گفتوگۆبکەین، بەڵام یەکەم داواکاریمان لە حکومەتی نوێ، ئەنجامدانی راپرسییە لەو ناوچانە". گوتیشی "گەڕانەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان بۆ سەر کوردستان تەنیا دانپێدانانی حکومەتی ناوەندی ماوە، ئەگەر بەغداش رازی نەبێ، ئەو ناوچانە هەر لەبندەستی کورد خۆیەتی و چۆڵی ناکات".

بەڵام حاکم شێخ لەتیف مستەفا، پێیوایە هەرچۆن بووە دەبێ کورد پێش پێکهێنانی حکومەتی نوێ هەوڵبدات، دانپێدانانی دەسەڵاتی ئێستای حکومەت لەسەر ئەو ناوچانە وەربگرێ. مالیکی پێویستی بە کوردە بۆیە دەبێ "دانپێدانانی لێوەربگیرێ لەسەر کوردستانی بوون و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بەشێوەی نووسراو، بەڵام باشترە کورد ئێستا حەویجە و تەلەعفەر و کەرکووک هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دیکە بخاتەوە بندەستی خۆیی و دواتر خەندەق بەدەوریدا لێبدات و بەفەرمی ئەوە وەک سنووری کوردستان بناسێنرێ". بەڵام گوتیشی "ئەوەی ئێستا لە بندەستی پێشمەرگەیە، زۆری ماوە بگاتە ئەو ناوچانەی لە سنووری مادەی 140دا هاتووە".

### یەکێتی: دەبێ راپرسی بکرێت

د.فوئاد مەعسوم، سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان دەڵێت هێشتا دانیشتنە فەرمییەکان دەستیان پێنەکردووە لەگەڵ لایەنەکاندا بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق "بەڵام کورد سوورە لەسەر ئەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێتەوە".

بەڵام عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی هەرگفتوگۆیەک لەگەڵ بەغدا بکرێت دەبێ "لە ژێر رۆشنایی دۆخی نوێی عێراق بکرێت".

عەدنان موفتی "ریفراندۆم" بەگونجاوترین چارەسەر دەزانێت بۆ کێشەی ناوچە کێشەلەسەرەکان. لەبارەی ئەنجامی راپرسییەکەش دەڵێت "ئەنجامەکەشی روونە، چونکە پێشوازییەکی زۆر لە پێشمەرگە دەکەن و داوایان لێدەکەن بیانپارێزن".



### هەڵەبجە سلێمانی یەکلایی دەکاتەوە

# "ئەوەی لە هەڵەبجە پشتگیریمان بکات لە سلێمانی پشتگیری دەکەین"

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای کۆبوونەوەی شاندی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ بەسەرۆکایەتی محەممەد فەرەج و عەلی باپیر، لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لە سلێمانی و راگەیاندنی فراکسیۆنێکی هاوبەش، رۆژی 21/6/2014 شاندی گۆڕان سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی کرد و لەوێ لەگەڵ شاندە هاوبەشەکەی کۆمەڵ و یەکگرتوو کۆبوونەوە، ئیدی ئەو ئێوارەیە گفتوگۆ فەرمییەکان بۆ پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای سلێمانی دەستیانپێکرد.

کۆبوونەوەکان درێژەیان هەبوو، گۆڕان و پارتی، دواتریش یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ، دوای ئەوانیش یەکێتی و گۆڕان کۆبوونەوە و هەموو ئەو کۆبوونەوانە لە ماوەی کەمتر لە 15 کاژێردا کران. کێشەی گەورە و ئاڵۆز لە پارێزگای سلێمانی ئەوەیە پارێزگار لە یەکێتی بێت یان لە گۆڕان، بەپێی ئەو زانیاریانەی لە چەند سەرچاوەیەکی نێو یەکێتی و گۆڕانەوە دەست (تۆڕی میدیایی ڕووداو) کەوتوون، یەکێتی هێشتا هیوای ماوە بتوانێ پۆستی پارێزگاری سلێمانی لەدەست بمێنێ، بەڵام هەڵوێستیشی نەرمتر بووە بەرامبەر بەوەی ئەگەر گۆڕان سووربێت لەسەر وەرگرتنی ئەو پۆستە، یان هاوکێشەی هاوپەیمانێتییەکان کۆمەکی بکەن.

### ئیسلامییەکان: هەڵەبجە و گەرمیان

د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامی شاندی دانوستاندنی یەکگرتوو و کۆمەڵ لە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی دەڵێ ئەوە جارێ یەکەم کۆبوونەوەیە و کۆبوونەوەی دیکەش دەکەن لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی "بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆک بووین لەسەر ئەوەی حکومەتێکی بنکەفراوان لە ئیدارەی پارێزگاکان دروستبکەین". ناوبراو دەڵێ راستە باسی پۆستەکانی هەڵەبجەشمان کردووە لەگەڵ گۆڕان و یەکێتی "بزانین کام لایەن زۆر لەگەڵ خواستەکانمان نزیکن، بەڵام جەختمان کردووەتەوە کە ئیدارەی پارێزگاکە گۆڕان و یەکێتیشی تێدابێت، ئێمە تەنیا باسی پۆستەکانی هەڵەبجەمان نەکردووە، بەڵکو باسی پۆستەکانی ئیدارەی گەرمیان و راپەڕینیشمان کردووە کە دەبێ بەشداریی بکەین تێیدا".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، یەکگرتنی ئیسلامییەکان لەم کاتەدا زیاتر لە هۆکارێکی هەیە و هۆکارە سەرەکییەکەش بەدەستهێنانی پۆستی پارێزگاری هەڵەبجەیە، چونکە بەو یەکگرتنە ئەوان دەبنە زۆرینە. بەوپێیەی یەکێتی 11 هەزار و گۆڕان 10 هەزار و یەکگرتوو 8 هەزار و پارتی 6 هەزار و کۆمەڵ 5 هەزار دەنگی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێناوە و ئەگەر دەنگەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ کۆبکرێنەوە، دەبێتە زیاتر لە 13 هەزار دەنگ.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان، دەڵێ دەزانین بەبێ بەشداریی گۆڕان یان یەکێتی دۆخی ناوچەکە دەشێوێ، بۆیە داوای حکومەتی بنکە فراوانمان کردووە "بەڵام بەو یەکگرتنە بە مسۆگەری دەبینە زۆرینە و ئەوکات مافی خۆمانە داوای پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە بکەین".

بەردەوام دەگوترێ پێویستە 4 کورسی ئیسلامییەکان پۆستی پارێزگاری سلێمانی یەکلایی بکاتەوە مادام یەکێتی و گۆڕان هیچکامیان براوەی بەهێز نین، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ گوتی بەپێی یاسای نوێی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی زۆرە "ئاساییە ئەگەر یەکێتی رازی ببێ سەرۆکی ئەنجوومەن وەربگرێت و گۆڕانیش پارێزگاری سلێمانی پێبدرێت". گوتیشی "ئێمە لەگۆڕانەوە نزیکترین تاوەکو یەکێتی، بەپێی 4 ساڵ کاری هاوبەش و پێکەوەبوونمان".

### یەکێتی: دەبێ بزانین گۆڕان کێ کاندید دەکات

تا درەنگانێکی ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە، یەکێتی و گۆڕان لە کۆبوونەوەدا بوون، بەپێی زانیارییەکانی بەرپرسێکی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەردوولا کۆک بوون لەسەر ئەوەی حکومەتێکی بنکە فراوان بۆ ئیدارەی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەولێر پێکبهێنرێ "بەڵام هێشتا وردەکاری ئەوەی کام لایەن پارێزگاری بەدەستەوەبێ و پۆستەکان چۆن دابەش بکرێن، باسی لێوە نەکراوە".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی گوتیشی داواکاریی ئیسلامییەکان بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگاری هەڵەبجەیان پێبدرێ "بەلای ئێمەوە زۆر دروست و مەنتیقی نییە بەوپێیەی ئەوەش هەر بە رێککەوتنی لایەنەکان دەبێت و هێشتا ئەو شارە ئەنجوومەنیشی نییە".

لەبارەی رازیبوونی یەکێتی بەوەی ئاخۆ رێگە دەدات گۆڕان پارێزگاری سلێمانی دابنێ، پێیوایە یەکێتی سەرسەختانە دژایەتی ئەوە ناکات، بەڵام یەکێتی مەبەستێتی بزانێ کێ کاندیدی گۆڕانە".

بەڵام نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی مەرجی یەکێتی ئەوەیە رێککەوتنی سیاسی لەسەر پۆستەکان بکرێت "ئەگەر لە پارێزگایەک لایەنێک یان دوولایەن ئیدارەی پارێزگاکە پێکبێنن، دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی ناوچەکە". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەروەها دەڵێ "پێویستە لە هەولێر ئێمەش لەناو ئەنجوومەن و ئیدارەی پارێزگاکە پۆستمان بەربکەوێ، نەک مەسەلەکە تەنیا لە سلێمانی بێت".

### گۆڕان: پێویستە یەکێتی سەرۆکی ئەنجوومەن وەربگرێ

هەرچەندە هێشتا دانوستاندنەکان بەردەوامن، بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، پێیوایە بەپێی هاوکێشە سیاسییەکان، گۆڕان لە یەکگرتوو و کۆمەڵ نزیکترە تاوەکو یەکێتی "دەبێ گۆڕان داواکاری وەرگرتنی پۆستێکی گەورەی هەڵەبجە بۆ ئیسلامییەکان بە قورس نەزانێ".

دانا عەبدولکەریم، هەروەها پێیوایە بزووتنەوەی گۆڕان رازی دەبێ بەوەی یەکگرتوو و کۆمەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجەیان پێبدرێ "بەمەرجێک حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەوەکالەت پارێزگارێک بۆ هەڵەبجە دانەنێت تاوەکو هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێ". دانا عەبدولکەریم، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ ئەگەر یەکێتی واقیعی سیاسی بخوێنێتەوە "دەبێ بە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا رازی ببێت و گۆڕان پارێزگار دابنێت، چونکە ئەگەر بەوە رازی نەبێت دۆخێکی نەخوازراو ناوچەکە دەگرێتەوە".

### پارتی: یان جێگری پارێزگار یان قایمقام

پارتی زیاتر لە هەموو لایەنەکان جدییە لە بەشداریکردن لە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی و دەڵێن 10%ی دەنگەکانی ئەو شارەیان هێناوە و دەبێ یەکێک لە پۆستە سیادییەکانی ئیدارەی پارێزگای سلێمانییان بدرێتێ.

عەبدولوەهاب عەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی دەڵێ بەردەوام دووپاتمان کردووەتەوە کە دەبێ حکومەتەکە بنکەفراوان بێت "بەڵام پارتی یەکێک لە پۆستەکانی دەوێ، یان جێگری پارێزگار یان قایمقامی ناوەندیی سلێمانی".



کۆبوونەوەی کۆمەڵ و یەکگرتوو کە دروستکردنی فراکسیۆنێکی ئیسلامی لێ کەوتەوە ( فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان )

## "ئەهلی حەق" پەلاماری کورد دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

سیروان ئەحمەد، پەرلەمانتاری خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، چەکدارانی عەسائیبی ئەهلی حەق، کە گرووپێکی شیعەمەزهەبی توندڕەون لە شاری بەغدا، فشار دەخەنە سەر هاووڵاتیانی کوردی دانیشووی ئەو شارە و دەستیان داوەتە پەلامار و هێرشکردنە سەریان "دەیانەوێت کورد ناچاربکەن شارەکە چۆڵ بکەن". سیروان ئەحمەد گوتی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە ناوچەی خارجییەی شاری بەغدا، ئەو چەکدارانە هەوڵی ڕفاندنی ئەفسەرێکی کوردیان داوە، بەڵام لەلایەن پاسەوانەکانی ئەو ئەفسەرە بەرپەرچییان دراوەتەوە.



ڕووداو
کاروباری سیاسی
ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23

### هۆڵگەر نیلسەن، وەزیری پێشووی دەرەوەی دانیمارک:

# دۆخی تازەی عێراق بە سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی دێت



**دەنیز سەرینجی**
**ڕووداو- دانیمارک**

سیاسەتوانانی ئەوروپی پشتگیری لە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی سنووری فەرمیی هەرێمی کوردستان دەکەن. ئەوان دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە خەونی سەربەخۆیی کورد بێتە دی لەکاتێکدا کە عێراق لێکدەترازێ.

دوای هەڵاتنی سەربازانی سوپای عێراق لەبەرامبەر هێرشی چەکدارە توندڕەوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزەکانی پێشمەرگەی نارده ناوچە کوردنشینەکانی دەرەوەی سنووری خۆی، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە دوای هەڵاتنی سوپای عێراقەوە پەیدابوو.

چەکدارەکان چەند شارێکی گەورەیان داگیرکردووە و لە شەڕیان لەگەڵ هێزەکانی عێراق بەردەوامن و چاویان لە داگیرکردنی بەغدایە.

ئاندریە هانکۆ، پەرلەمانتاری ئەڵمانی لەسەر لیستی پارتی چەپی ئەڵمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەرێمە کوردنشینەکەی عێراق پێویستە پشتگیری بکرێ لە لایەن ئەوروپاوە بۆ ئەوەی مافی سەربەخۆیی درێژخایەنیان بۆ مسۆگەر بکرێت.

ئەو دەڵێت "مایەی تێگەیشتنە کە حکومەتی کوردستان پارێزگاری لە ناوچەکە دەکات لە دژی داعش بۆ ئەوەی ژیانی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە و مافی ئۆتۆنۆمی خۆی بپارێزێت".

هەر لەوبارەوە نیکۆلاژ ڤیلمسن، ئەندامی ئەنجوومەنی ئەوروپا و ئەندامی پەرلەمانی دانیمارک پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات. ئەو پێیوانییە وڵاتانی دراوسێ هیچ مافێکیان هەبێ لە دەستوەردان لەو بابەتە.

"چەندین دەیەیە، تورکیا و ئێران کوردی خۆیان دەچەوساندەوە، لەبەرئەوە مافی ڤیتۆیان لە دژی بڕیاری کوردی عێراق نییە". نیکۆلاژ داوای لە دەسەڵاتدارانی کوردستان کرد کە چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ کەرکوک بدۆزنەوە و هەموو کەمینەکان لە بەڕێوەبردنی ئەو شارەدا بەشدار بکەن.

پەرلەمانتاری کورد کوردۆ باسکی، لە پەرلەمانی سوید لەسەر لیستی پارتی سەوز کە وەکو ئەندامی یەدەگی پەرلەمانی ئەوروپاش هەڵبژێردراوە، دەڵێت کورد پێویست ناکات باجی ناسەقامگیریی عێراق بدەن "شەڕی سوننە و شیعە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت، کورد نابێت باجی ئەوە بدەن". باکسی هەروەها دەڵێت "باشترین چارەسەر بۆ عێراق ئەوەیە کە دابەش ببێت بەسەر سێ دەوڵەتدا، سوننیستان، شیعەستان و کوردستان".

جیم کاریجیانس، پەرلەمانتاری پێشووتری کەنەدی و سەرۆکی ئێستای ڕێکخراوی G20 Human Rights کە ڕێکخراوێکە هەوڵ بۆ کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان دەدات، کەمپینێکی لەسەر وێبسایتی ڕێکخراوەکە دەستپێکردووە بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

کاریجیانس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "عێراق لێکدەترازێت و ئێستا کاتی ئەوەیە کە ڕۆژئاوا، کوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بناسێت".

تینی ناکسی پەرلەمانتاری هۆڵەندا و ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپاش پێیوایە کە ئەو بڕیارە دواجار لای خەڵکی عێراقە بە کوردیشەوە، بۆ ئەوەی بڕیار لە داهاتووی وڵاتەکە بدەن، بەڵام هۆشداریش دەداتە کورد و دەڵێت "پێویستە بەپێی یاسای وڵات و یاسا نێودەوڵەتییەکان بجوڵێنەوە. نابێت ئەوان بڕیاری یەکلایەنە لەسەر کەرکووک بدەن".

بەڵام هۆڵگەر نیلسەن کە تاوەکو ساڵی ڕابردووش وەزیری دەرەوەی دانیمارک بووە و ئێستا ئەندامی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، دەڵێت کورد دەبێت پشتگیرییان لێبکرێت، چونکە ئەوان گرووپێکی سێکولاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن "من گومانم نییە لەوەی ئەم دۆخە بە سەربەخۆیی کۆتایی دێت، بەڵام گرنگە کە پەلەی تێدا نەکرێت. دەبێت تێگەیشتنی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ دانپێدانان بە دەوڵەتی کوردی".

بە بۆچوونی فرێدریک مالم، پەرلەمانتاری سویدی لە فراکسیۆنی پارتی لیبراڵ، ڕۆژئاوا پێویستە پشتگیری کوردی عێراق بکات بۆ ئەوەی وەکو دەوڵەتێکی سێکولار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ناسەقامگیردا بمێنێتەوە "ئەگەر عێراق بکەوێتە شەڕێکی نوێی درێژخایەنەوە، ئەوکات کورد دەتوانن پێداچوونەوە بۆ بژاردەکانی خۆیاندا بکەن، هیوادارم قبوڵکردنێکی نێودەوڵەتی بۆ بڕیارەکەیان هەبێت".

یەفە کۆفۆدی ئەندام پەرلەمانی دانیمارکیش لە پەرلەمانی ئەوروپا هۆشداری دەداتە کورد کە بە وریایی مامەڵە لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی بکەن. ئەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارێکی یەکلایەنەی کورد بۆ سەربەخۆیی ئەگەری ئەوەی هەیە کە ببێتە سەرچاوەی ململانێی نوێ، چونکە بڕیارێکی لەوجۆرە ئەستەمە لەلایەن عێراق و وڵاتانی دراوسێوە قبووڵ بکرێت".

ئەلیزا مارکوس، شارەزایەکی ئەمریکی لەسەر پرسی کورد و نووسەری چەندین کتێب لەسەر کورد دەڵێت کوردی عێراق پێناچێت بڕیاری سەربەخۆیی بدەن ئێستا، چونکە دەستبەسەرداگرتنەکانی داعش هێندە گۆڕانکاری لە لێکدانەوە سیاسییەکاندا دروست ناکەن "ئەگەر کورد ئێستا بڕیار لە سەربەخۆیی بدەن، بە خائین و هەلپەرست لە کارەساتەکەی داعش بۆ سوودی خۆیان لەقەڵەم دەدرێن. لەبەرئەوە ئەو بارە هاوڕێ بۆ کورد لە ناوچەکەدا دروست ناکات". بە بڕوای مارکۆ، کورد پشتگیری ناوچەییان بۆ بڕیارێکی لەو جۆرە نابێت.



( فۆتۆ: AFP )

# بیانییەکان گەشتەکانیان بۆ کوردستان دوادەخەن



**ڕێکار عەزیز**
**ڕووداو- هەولێر**

"ڕەنگە گەشتەکەم بۆ کوردستان دوابخەم، چونکە ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی ئێستای عێراق، نەک تەنیا دڵەڕاوکێی لای من دروستکردووە، بەڵکو خێزانەکەشم بەردەوام داوام لێدەکەن پەلە نەکەم لە گەشتەکەم". ئەمە نیگەرانی کچێکی ئەمریکییە لەسەر تەشەنەکردنی شەڕ و پێکدادانی نێوان چەکدارانی داعش و سوپای عێراق.

جێسیکا شێڵی، چەند ساڵێکە بەر لە هاتنی هاوین بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی خۆبەخشانە، ڕوودەکاتە کوردستان و یارمەتی منداڵانی بێ دایک و باوک دەدات، بەڵام دەڵێت "دەستبەسەرداگرتنی موسڵ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بەو خێراییە، ترسی لا دروستکردم".

دوو هەفتە لەمەوبەر، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بە کەمترین بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوە توانییان دەست بەسەر شاری موسڵدا بگرن، دواتر پێشڕەوییان کرد بۆ قووڵایی ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق.

هاتنی ئەو چەکدارانە خەریکە هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی قەیران دەکاتەوە، بە تایبەتی لە مەسەلەی سووتەمەنی. چونکە سەرچاوەی بەشێک لە سووتەمەنی هەرێمی کوردستان پاڵاوگەی بێجی بوو کە ئێستا لەلایەن داعشەوە گەمارۆ دراوە و هێزێکی سوپای عێراق زۆر بە توندی بەرگری لێدەکەن.

ئاندی مایر، نزیکەی 2 مانگە لەگەڵ هاوسەرەکەی بەمەبەستی کارکردن هاتووەتە هەرێمی کوردستان و دەڵێت "کە بەنزینخانەکانم بینی سەدان ئۆتۆمبێل لە نێو سەرەکان گیریان خواردبوو، نیگەرانی زۆری لا دروستکردم، ئێستاش ڕۆژانە بەردەوام پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ ڕاوێژکاری کۆمپانیاکەمان لە ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەک کە مەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەبێ".

ئاندی گوتیشی "من وەک ئوستراڵییەک، کە لە ژیانێکی دوور لە کردەوەی تیرۆرستی گەورە بوومە، ئێستا دەبینم هەڕەشەی خۆکوژی تەنیا چەند کیلۆمەترێک لێم دوورە، نا هەقم نییە نیگەران بم".

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، دەسەڵاتێکی ئیسلامی لە موسڵ ڕاگەیاند و 16 خاڵی وەکو یاسا لەسەر خەڵکەکەی سەپاند. یەکێک لەو 16 خاڵە قەدەغەکردنی جگەرەکێشان بوو، بەڵام ئەوەیان سووکترین یاسابوو کە فشاری لەسەر دانیشتووانی شاری موسڵ دروستکردبێت، چونکە کردەوەی توندی ئەو گرووپە وەکو گوللەبارانکردنی هەر کەسێک کە پەیوەندی بە سوپای عێراقەوە هەبووبێت، ترسی گەورەی لە دڵی دانیشتووانی ناوچەکەدا جێهێشتووە، هەر ئەو هەڕەشە و گوڕەشانە زیاتر لە 300 هەزار کەسی دانیشتووی شاری موسڵی ئاوارەی هەرێمی کوردستان کردووە.

کوردستان تائێستاش بە ئارامترین ناوچەی عێراق دادەنرێ کە سەرەڕای گرژی و گۆڕانکارییە خێراکانی دەوروبەری هێشتا ژیانێکی ئاسایی دەژی.

دوایین پەلاماری تیرۆریستی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەمانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو بوو چەند ڕۆژێکی کەم پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە تێیدا زنجیرەیەک هێرش کرایە سەر بارەگای وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی گشتی لەشاری هەولێر.

تارق ڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ نەیشاردەوە کە هەرێمی کوردستان بەردەوام ئامانجی تیرۆرستان بووە، بەڵام گوتی "هەرێمی کوردستان لەلایەن ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی پێشمەرگەوە پارێزراوەو هەر بە پارێزراویش دەمێنێتەوە".

تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی نەک تەنیا مەترسی لەسەر ژیانی دانیشتووانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دروستکردووە، بەڵکو خەڵکی بیانی لە دەرەوە و ناوەوەی هەرێمی کوردستانی خستووەتە بارێکی نادڵنیایی.

جاکی فلۆریس کە لە کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنیشێت، دەیەوێت بۆ جاری سێیەم گەشت بکات بۆ هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی بەهاری ئەمساڵ گەڕایەوە ئەمریکا، ئەو دەڵێت "نازانم هێزەکانی پێشمەرگە تا چەند توانایان هەیە بەرەنگاری ئەو مەترسی و ڕەوشە نەخوازراوە ببنەوە کە دەوری هەرێمی کوردستانی داوە؟ بەڵێ! زۆر حەزدەکەم شوێنە جوانەکانی کوردستان ببینم، بەڵام پێموانییە گەشت بکەم تاوەکو شەڕ کۆتایی نەیەت".

بەڵام سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایی دەداتە بیانییەکان لەوەی لە کوردستان ژیانیان پارێزراوە "ئێمە بیانییەکانی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان سەلامەت و سەقامگیرە".

هەر لەگەڵ تەشەنەکردنی شەڕ و پێکدادان لە نێوان چەکدارانی گرووپە ئیسلامییەکان و هێزەکانی سوپای عێراق، هێزەکانی پێشمەرگە وەک ئامادەباشییەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێرشێکی دەرەکی ڕەوانەی کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کران.

عەمید هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هۆشیاری وەزارەتی پێشمەرگە پێیوایە جێگیرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە نەک تەنیا ئامانجیان بەرگریکردنە لە خەڵکی ئەو ناوچانە، بەڵکو بوونەتە پارێزەرێک بۆ خەڵک و کۆمپانیا بیانییەکان لە کوردستان. ناوبراو گوتی "ئێمە دڵنیاییەکی تەواو دەدەینە میوانەکانمان کە لە هەرێمی کوردستان هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانیان نابێت".

بۆ زیاتر دڵنیاکردنەوەی خەڵک و کۆمپانیا بیانییەکان لە سەقامگیریی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، تارق ڕەشید گوتی "نزیکەی 27 کۆنسوڵگەری و کۆمپانیای زەبەلاحی وەک ئێکسۆن مۆبیل و تۆتال لە کوردستانن، تاوەکو ئێستا خوێن لە لووتی یەکێک لە کارمەندەکانیان نەهاتووە".

رووداو
کوردستانی
ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23



## پەرلەمانی فەرەنسا رێز لە قاسملۆ دەنێت

**رووداو- فەرەنسا**

رۆژی 2014/6/21 پارلەمانی فەرەنسا بە مەبەستی بەرز راگرتنی یاد و ناوی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو سیمینارێکی بە بەشداری ژمارەیەک سیاسـتڤان و ئەکادیمیسـیەن، بەڕێوەبرد. لەو سـەمینارەدا بێرنارد کوشنێر وەزیری دەرەوەی پێشووی فەرەنسا، بێرنارد گرانژۆن بەرپرسی پێشووی رێکخراوی پزشکانی بێسنوور، فریدریک تێسۆ کونسولی پێشووی فەرانسا لە هەرێمی کوردستان قسەیان لەسەر کەسایەتی قاسملۆ کرد. هەر لەو سەمینارەدا فیلمێک لەسەر ژیان و کەسایەتی قاسملۆ نمایش کرا.

# هیومان رایتس پەردە لەسەر پێشێلکارییەکانی PYD لادەدات

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**رووداو- بەرشلۆنە**

بەپێـی راپۆرتێکـی رێکخـراوی چاودێریـی مافەکانـی مـرۆڤ (HRW)، دەسـەڵاتدارانی کورد کە سـێ هەرێمی کـوردی بەڕێوە دەبەن لـە رۆژئـاوای کوردسـتان، بەشـێوەیەکی "هەڕەمەکـی" خەڵکیـان دەسـتگیر کـردووە. هەروەها یاسـایان پێشێل کردووە و شکستیان هێناوە لە لێکۆڵینەوەکانی کەیسـی کوشـتن و بێسەروشوێنکردن.

لەدوای کشانەوەی هێزەکانی رژێمی سووریا لە ناوچە کوردییەکان لە ساڵی 2012دا، پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD حوکمی ئەو ناوچانەی گرتە دەست و ئیدارەیەکی ناوخۆیی پێکهێنا کە دادگا و زیندان و پۆلیس لەخۆدەگرێ.

لـە راپۆرتێکـی 107 لاپەڕەییـدا بەنـاوی لەژێر حوکمڕانیی کورد: پێشـێلکارییەکان لەو هەرێمانـەی لەلایـەن PYDوە بەڕێوەدەبرێـن، دەسـتگیرکردنی هەڕەمەکیانـەی چالاکوانانـی سیاسی سەر بە پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ دەستگیرکراوان و کوشتن و رفاندن تۆمارکراوە. راپۆرتەکە هەروەها رەخنە لە چەکدارکردنی منداڵان دەگرێت کە خراونەتە ریزەکانی هێزی پۆلیس و هێزەکانی پاراسـتنی گەلەوە.

نەدیم حوری، جێگری بەڕێوەبەری HRW لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەڵێت "ئـەو ناوچە کوردیانەی سـووریا کـە لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرێن، ئارامترن لەناوچەکانی دیکـەی وڵات کە بەهۆی جەنگـەوە بە تەواوی وێران بوون، بەڵام هێشـتا پێشێلکاریی جددی لەو ناوچانە روودەدات".

راپۆرتەکە هەروەها دەڵێت "PYD دەسەڵاتی تەواوی هەیە لەو ناوچانە و دەتوانێ کۆتایی بەو پێشێلکاریانە بهێنێ".

حـوری گوتـی، رێکخراوەکەیـان سـەردانی دوو گرتووخانـەی کـردووە، رێگەیـان پێداون کـە بەرپرسـان و زیندانیـان و خەڵکانی دیکە ببینـن. لـە راپۆرتەکەدا هاتووە کە ئاسایشـی PYD ئەندامانـی پارتە کوردییەکان دەسـتگیر دەکات بەهۆی چالاکی سیاسـییان، لە هەندێ کەیسدا خەڵک تۆمەتبار و زیندانی کراون بەبێ دادگاییەکی عادیلانە.

راپۆرتەکـە دەڵێت دەسـتگیرکراوان گوتیان کە بەبێ هیچ نووسراوێکی دادگا دەستگیرکراون و رێگەیـان پێنـەدراوە پارێزەریان هەبێت و بۆ ماوەیەکـی زۆر بە دەسـتگیرکراوی ماونەتەوە بەبێ بینینی دادوەر.

لە دوو ساڵ و نیوی رابردوودا لەو ناوچانەی بەشێکیان یان بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی PYD دان، لانیکەم 9 چالاکوانی سیاسی بەرهەڵستکار کوژراون یان بێسەروشوێن کراون. PYD نکۆڵی لەوەکـرد بەرپرسـیار بێت لە سـێ رووداویان، بـەڵام سـەرکەوتووش نەبووە لـە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد، بەپێی راپۆرتەکە.

لـە راپۆرتەکـەدا هاتـووە کـە هەندێـک لە دەسـتگیرکراوان بە HRWیان گوتووە لەکاتی دەسـتگیرکردندا لەلایەن هێـزە ئەمنییەکانەوە لێیاندراوە، بەڵام کەسیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراوە بۆ ئەو مەبەستە. لە دوو رووداوی لێداندا کـە پەیوەندی بە ئاسایشـەوە هەبووە، دوو لە دەستگیرکراوەکان مردوون.

راپۆرتەکـە دەڵـێ "دوو گرتووخانـە لـە قامشـلۆ و دێرک کە HRW سەردانی کردوون، سـتانداردە بنچینەییـە نێودەوڵەتییەکانیـان تێدایە، زیندانییەکان گوتوویانە کە لە رۆژێکدا سێ ژەمیان پێدەدرێ و رێگەی وەرزشکردنیان هەیـە، هەروەهـا رێگـەی بینینی پزیشـکیان پێدراوە لە کاتی پێویستدا".

HRW لێکۆڵینـەوەی لە رووداوەکەی 27ی حوزەیرانـی 2013ی شـارۆچکەی عامـوودە کردووە کـە دەگوترێ یەکینەکانی پاراسـتنی گەل هێزیان بەکارهێناوە لە دژی خۆپیشاندەران و بەو هۆیەشەوە سێ کەس کوژراون.

هێزەکانی ئاسایش هەر ئەو شەوە دوو پیاوی دیکەیان کوشـت لە رووداوێکـی تەمومژاویدا، هەروەها کەسێکی دیکە بۆ رۆژی دواتر.

سەبارەت بە چەکدارکردنی منداڵان، HRW بۆی دەرکەوت، سەرەڕای بەڵێنەکانی ئاسایش و یەکینەکانی گەل لـە بەکارنەهێنانی منداڵی تەمەنی خوار 18 سـاڵ لـە ریزەکانی خزمەتی سەربازی، هێشـتا ئەو دیاردەیە لەناو ئەو دوو هێـزەدا هەیە. لە 5ی حوزەیـران یەکینەکانی گـەل بەڵێنـی دا لە مـاوەی یـەک مانگدا ئەو چەکدارانـە دووربخەنەوە کـە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە.

ئێسـتا یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل لـە شـەڕدایە دژی گرووپـە ئیسـلامییەکانی وەک جەبهەتولنوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).

راپۆرتەکـە دەڵێ لە 29ی مایسـی رابردوو هێزەکانـی داعش چوونەتە ناو گوندی تلیلییێ نزیک سـەریکانێ لـە ناوچەی جەزیـرە و 15 هاووڵاتـی مەدەنییان گوللەبـاران کردووە، کە شەشیان منداڵ بوون.

بەپێی راپۆرتەکان لە چەند مانگی رابردوودا، داعش بە سـەدان هاووڵاتی مەدەنی کوردی لە باکـووری حەلـەب رفانـدووە، هەروەها چەند هاووڵاتییەکی کوردیان بە تۆمەتی پەیوەندی بە (PYD)وە گوللەباران کردووە.

بەدیوێکـی ئەرێنیـدا، راپۆرتەکە دەڵێ ئەو دەسـتووورە نوێیەی لە مانگی شـوبات لە سێ هەرێمەکـەدا بەنـاوی گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی ناسێنرا، هەندێک ستانداردی گرنگی مافەکانی مرۆڤی تێدا رەچاوکـراوە لەگەڵ قەدەغەکردنی سزای لە سێدارەدان.

بەڵام حوری گوتی "سـەرکردایەتی کورد لە باکووری سـووریا دەتوانـێ زۆر زیاتر بکات بۆ پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤی هەموو کەسێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بە کورد و عەرەب و ئاشووری و ئەوانی دیکەوە". گوتیشی "تەنانەت ئیدارەیەکـی کاتـی دەبێـت هەمـوو لایەک لە حوکمڕانی بەشداری پێبکات و رێز لە تێڕوانینی رەخنەگرانە بگرێ."



# "داعش تورکیا و PYD لێکدی نزیک دەکاتەوە"



سوپای تورکیا لەسەر سنووری سوریا

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- ئامەد**

ئەتیـلا یـازار، سـەرۆکی لقـی کۆمەڵـەی مافەکانـی مرۆڤ لە شـاری روحـای باکووری کوردسـتان دەڵێـت "گرووپـە رادیکاڵـە ئیسلامییەکان بە ئاگاداری دەزگای هەواڵگریی تورکیـا راهێنان بە گەنجانی کـورد دەکات و رەوانەی سـووریایان دەکات". بەڵام پسپۆڕانی رۆژئاوایـی پێیانوایـە پـاش رووداوەکانی ئەم دواییـەی موسـڵ، مانگی هەنگوینـی لەنێوان تورکیا و گرووپە رادیکاڵەکان کۆتایی هات.

پارتی کرێکارانی کوردسـتان و لقەکانی لە باکـوور و رۆژئـاوای کوردسـتان تورکیا بەوە تۆمەتبـار دەکەن کـە دەرفەت بـە چەکدارە توندڕەوەکانی وەک جەبهەتولنوسـرە و داعش دەدات لە خاکی خۆیەوە دزە بکەنە ناو سووریا، هەروەها رێگەیـان پێدەدات بریندارەکانیان لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارەسەر بکەن.

بـەڵام دوای ئەوەی شـاری موسـڵ کەوتە دەسـت چەکدارانـی دەوڵەتـی ئیسـلامی لەعێراق و شـام، سەرکونسوڵی تورکیا و 49 فەرمانبەری کونسوڵخانەکە لەو شارە لەلایەن داعشەوە بە بارمتە گیران. هەفتەی رابردووش، حوسێن چەلیک، جێگری سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، بەتونـدی رەتیکـردەوە کـە ئەوان پشتیوانی لە داعش و هاوشێوەکانی بکەن.

ئەتیـلا یـازار لەبـارەی بـە بارمتەگرتنی کارمەندانی کونسـوڵخانەی تورکیا لە موسـڵ دەڵێت "ئێسـتا ئومێدمـان ئەوەیە کە تورکیا لـەوە تێبگات ئـەم گرووپانە مەترسـیدارن و چیدی پشتگیرییان نەکات".

جـۆن جۆنگەردەن، پرۆفیسـۆر لە زانکۆی ڤاخنینگـن لە هۆڵەندا بە (رووداو)ی گوت "تا ئێستاش چەکدارانی داعش لە نەخۆشخانەکانی تورکیـا برینـدارەکانیـان چارەسـەر دەکەن و کۆبوونەوەکانیـان لە تورکیـا دەکەن. تورکیا داعش لە دژی ئەسەد و PYD بەکار دەهێنێت، چونکە نیگەرانە بە دراوسێیەتی PYD ".

بـەڵام دانیێـلا کۆزمانۆڤیـچ، مامۆسـتای زانکـۆی کۆپنهاگن، پێیوایە ئەو پەیوەندییەی نێوان تورکیا و داعش بەم نزیکانە کۆتایی دێت و دەبێتە "بەشێک لە مێژوو". چونکە وەک ئەو دەڵێت "تورکیا نایەوێت داعش مەترسی بخاتە سەر ئەو شتانەی بۆ تورکیا گرنگن و هەڕەشە لە کەرکووک و تورکمانەکان بکات". گوتیشی "تورکیا لەگـەڵ جیهادییەکان و یاریکردنی بە ئاگـر بەردەوام بوو، بـەڵام کۆتایی بەم یارییە هاتووە."

ناسـر قـادر کە پسـپۆڕێکی سـوورییە لە ئینسـتتیوتی هودسـۆن لە ئەمریـکا دەڵێت "تاوەکو ئێستا سنووری تورکیا لەگەڵ سووریا بـۆ جیهادییـەکان کـراوە بـوو. بـەڵام دوای هێرشەکانی داعش بۆ عێراق، حکومەتی تورکیا ئیدی چاو بەمەدا دەخشێنێتەوە، چونکە زیان بە تورکیا دەگەیێنێ".

هەروەهـا سـونە هاوگبۆڵـە، مامۆسـتا لە زانکـۆی کۆپنهاگـن پێیوایـە ئیـدی تورکیـا متمانـەی بە داعش نەماوە و ئـەو رێپێدانەی تورکیا بۆ گرووپە رادیکاڵەکان لەسـەر ئاستی نێودەوڵەتی زیانی بە تورکیا گەیاند".

جۆنگـەردەن لەوباوەڕەدایـە ئەگەر داعش بارمتەکانی تورکیا لە موسڵ ئازاد بکات و ئیدی هێرش نەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی، لەوانەیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ داعش بەردەوام بێت.

لەلایەکـی دیکـەوە سـاڵح موسـلیم، هاوسـەرۆکی PYD بۆ تەلەڤزیۆنی (IMC) کە بە زمانی تورکییە، داوای کرد PYD و تورکیا پێکەوە لە دژی داعش بوەسـتن و گوتی "کە تورکیا دەڵێت ئەو رێکخراوە بووەتە مەترسـی لەسـەری، بۆچی نایەت پێکەوە لە دژی شەڕ بکەین؟".

بەپێـی بۆچوونـی شـارەزایان، لەوانەیـە هێرشـەکانی داعـش ببنـە هۆی ئـەوەی کە پەیوەندییە سـاردەکانی نێوان PYD و تورکیا باشـتر ببنەوە. قادر دەڵێـت "دەرفەتی ئەوە هەیە کە PYD و تورکیا لەیەک نزیک ببنەوە، لەبـەر ئەوەی ئێسـتا یەک دوژمنیـان هەیە. بەڵام ئەمە بـۆ ماوەیەکی کورتە. لەماوەیەکی درێژدا دیسـان کێشـەی جددی لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدەنەوە".

## ئێرانییەکان لاساییان دەکەنەوە

# بزووتنەوەیەکی ژینگەپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان دەتەنێتەوە

**فواد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

بەهـۆی نارەزایـی ئەنجوومەنـی سـەوزی چیـا پرۆژەیەکی گەشـتیاری راگیـرا کە بڕیار بـوو لە دارسـتانەکانی نزیک زرێبار دروسـت بکـرێ و رووبەرەکـەی چـوار هێکتـارە. هەر ئـەو ئەنجوومەنـە رێگر بوو لە دروسـتکردنی کارگەیەکی چیمەنتۆ لە نزیک شاری مەریوان.

ئەنجوومەنـی سـەوزی چیـا هـەر بەوەش نەوەستاوە، لەگەڵ رێکخراوە ژینگە پارێزەکانی سـنە و کرماشـان دژی دروستکردنی بەنداوی داریـان لـە نزیـک پـاوەش وەسـتاونەتەوە، چونکە دەڵێن بەدروستکردنی ئەو بەنداوە زۆر شوێنەواری مێژوویی لەو ناوچەیە لەناودەچن.

چالاکییەکانی ئەنجوومەنی سـەوزی چیا لە مەریوان گەیشـتە ئەو راددەیـەی کە خەڵاتی نیشتمانیی ژینگەپارێزیی ئێرانی پێبدرێت.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا ئەنجوومەنی سـەوزی چیا چالاک نییە. لە بەشێکی زۆر لە شـارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجوومەنی ژینگەپارێزیی چالاک هەن. ماوەیەک لەمەوبەر لە شاری جوانڕۆ ئەنجوومەنێکی ژینگەپارێزی بەناوی ئەنجوومەنی سەوزی ماپریس پێکهات.

ئەنجوومەنـی سـەوزی چیـا نموونەیەکـی سەرکەوتوو بووە بۆ ئەو رێکخراوە مەدەنیانە. ئەم رێکخراوانە بزووتنەوەیەکی ژینگەپارێزییان لـە رۆژهەڵاتی کوردسـتان دروسـتکردووە کە تەنانـەت ئێسـتا ئێرانییەکانیـش لاسـاییان دەکەنەوە.

ناجی کانی سـانانی، بەڕێوەبەری گشـتیی ئەنجوومەنـی سـەوزی چیـا لە مەریـوان بە (رووداو)ی گوت "چالاکی ئەو رێکخراوانە هەموو خۆبەخشە. تەنیا شتێکیش کە ئەندامەکانیان بـۆ چالاکی هانـدەدات، هەسـتکردن بووە بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگەی کوردستان".

رێکخراوەکانی ژینگەپارێـزی لە رۆژهەڵاتی کوردسـتان لـە زۆر بـواردا چالاکـن. ئـەوان رێ لـە زیانگەیاندن بە ژینگـە بەهۆی لێدانی رێگاکان، بەنداوەکان، راکێشـانی بۆڕییەکانی گاز، دروسـتکردنی کارگـە و کارخانـەکان دەگرن و هەوڵـی کوژاندنەوەی ئاگری لێڕەوار و دارسـتانەکان دەدەن، سـەیرانگاکان لە زبڵ و پیسـی خاوێـن دەکەنەوە، خولـی فێرکاری پاراسـتنی ژینگـە بـۆ خەڵکی گونـدەکان و شـارەکان دەکەنەوەو هەوڵـی بنبڕکردنی راو دەدەن و باڵندە و ئاژەڵە کێوییە نەخۆشەکان چـاک دەکەنەوە. لە وەرزی سـەرمادا خۆراک بە باڵندەکان دەدەن و دار و نەمام دەچێنن.

هەنـدێ لـە چالاکییەکانـی ژینگەپارێزانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان ئێسـتا لـە ئاسـتی ئێرانیشدا لاساییان دەکرێتەوە. خاوێنکردنەوەی سەیرانگاکان یەکێکە لەوانە.

دروسـتکردنی رێکخـراوە ژینگەپارێـزەکان سەرەتا لە گوندەکانی نزیک مەریوان لە ساڵی 1999 دەسـتیپێکرد. دواتر بۆ نێو شـارەکان پەرەی سـەند. ئەوکات لە سنە رێکخراوەکانی "ژنانی زەوی" و "رێکخراوی ژنانی کوردستانی سـەوز" دامـەزران. لـە مەریوانیش لە سـاڵی 1997 تاوەکـو 2000 ئەنجوومەنـی سـەوزی کوردستان چالاک بوو.

لـە سـاڵی 2002 چەنـد ژینگەپارێزێکـی مەریـوان بڕیـاری دامەزراندنـی ئەنجوومەنـی سەوزی چیایان دا، بەڵام بە بیانووی جۆراوجۆر تاوەکـو سـاڵی 2008 مۆڵەتـی کارکردنیـان پێنـەدرا. تەنانـەت کێشـەی زۆریشـیان بـۆ دروستکرا. لە ساڵی 2011 لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەکانـی ئێرانـەوە تۆمەتـی هەوڵدان بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسـلامی و ئاژاوەگێڕییان درایـە پاڵ و چوار ئەندامیان دەسـتگیرکران، بەڵام تۆمەتەکەیان بەسـەردا نەسـەپا و ئازاد کران.

ئەنجوومەنی سـەوزی چیا زستانی رابردوو بزووتنەوەیەکـی گـەورەی بـۆ ئاشـتبوونەوە لەگەڵ سروشت راگەیاند. ئەحمەد عەزیزی کە گوندنشـینێکی خەڵکی مەریوانە لە خولەکانی ئەنجوومەندا بەشدارییی دەکات. ئەو دواتر بڕیار دەدات چەکەکەی بشکێنێ و ئیدی راو نەکات. ئـەو کردەوەیە بـووە بزووتنەوەیـەک و دواتر هەموو رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.

### نایانەوێت سەر بە حکومەت بن

ناجی کانی سـانانی دەڵێ لەگەڵ رێکخراوە ژینگەپارێزەکانـی باشـووری کوردسـتان پەیوەندییـان نییە. بەگوتەی کانی سـانانی، رێکخراوەکانـی باشـوور بەسـتراونەتەوە بـە حکومەتەوە و چالاک نین.

ئـەو ژینگە پارێـزە باس لـەوە دەکات کە ساڵی پار لە ناوچەی پێنجوێن ئاگر کەوتنەوە روویـداوە، بـەڵام رێکخراوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان هیچ هاوکارییان نەکردوون و تەنیا فەرمانگە حکومییەکان بەشـێوەی سـنووردار هاوکارییان کردوون.



پاکردنەوەی دارستانێکی مهاباد لەلایەن ژینگەپارێزانەوە


کانی سانانی دەڵێ "ئەمساڵ لە رۆژهەڵاتی کوردستان 55 ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکاندا روویانداوە، کە هەمووی لەلایەن رێکخراوەکان و خەڵکەوە کۆنترۆڵ کراون". گوتیشی "چالاکی ئەو رێکخراوانە سـاڵانە چەندین ملیار تمەن بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوە".

## مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# دوای داعش مالیکی شەڕمان لەگەڵ دەکات

مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بەڵام زیاتر وەکو سەرکردەیەکی سەربازی دەناسرێت. سەنگاوی تاوەکو هەفتەی ڕابردووش فەرماندەیی ئەو هێزانەی دەکرد کە نێردراون بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکانی سنووری پارێزگای دیالە، لەوانەش جەلەولا و سەعدیە و قەرەتەپە، بەڵام دواتر بەهۆی ناساغی ئەو ئەرکەی لێوەرگیرایەوە. سەنگاوی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەرنامەی (هەڤپەیڤین)ی کەناڵی (ڕووداو) کە شەوی سێشەممە پەخش دەکرێت، دەڵێت داعش و مالیکی هیچ جیاوازییان نییە و هەردووکیان مەترسین بۆ سەر کوردستان. هەروەها دەڵێت مالیکی دوای داعش شەڕمان لەگەڵ دەکات.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین



- داعش و مالیکی جیاوازییان نییە
- سوپای عێراق سوپایەکی فشۆڵە
- داعش نیازی هەیە هێرش بکاتە سەر کوردستان
- سوپای عێراق پڕە لە فەرماندەی دز و جەردە
- هادی عامری درۆی لەگەڵ کردین
- سوپای عێراق نەخۆشە و نامانەوێت وێرانتری بکەین

- ئەو هێزەی پێشمەرگەی بۆردومان کرد ئێمە لە دەست داعش ڕزگارمان کرد

**ڕووداو: تۆ وەک فەرماندەیەک و پێشمەرگەیەکی دێرین، پێتوایە چۆن بوو لە ماوەیەکی کورت و وا بە ئاسانی موسڵ کەوتە دەستی داعش؟**

**مەحموود سەنگاوی:** عێراق خۆی لە ئەسڵدا وڵاتێکی کۆکراوەیە، وڵاتێکە بەزۆر لکێنراوە بە یەکەوە، ئەم وڵاتە پێکهاتووە لە عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە و کورد، هەرسێکیان وەک سێ نەتەوە یان سێ بیروبۆچوون پێکەوە ناگونجێن، کاتی خۆی ئینگلیزەکان بە زۆر ئەم وڵاتەیان دروستکردووە، بەدرێژایی مێژوو حکومەتی عێراق بە ئاگر و ئاسن هەم کورد و هەم شیعەشی چەوساندووەتەوە. دواتر کە شیعەکان لەم وڵاتە دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەوانیش بەهەمان شێوە سوننەیان چەوساندەوە.

**ڕووداو: پێتوایە ئەوانیش تۆڵەیان کردەوە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** بەڵێ ئەوانیش لە هەر شتێکدا پێیان بکرێت زیاتر تۆڵە دەکەنەوە، ئەوەتا لە کاتێکدا ئەوان دەسەڵاتیان بوو، ڕەنگە هاوکاری ئیقلیمیشیان لەگەڵ بێت، لەبەرئەوەی بە هێزێکی عەشایەر، بە چەند ڕۆژێک ناتوانی سوپای وڵاتێک تێکبشکێنی، هەرچەندە سوپاکە خۆی فشۆڵ بووە، ئەم سوپایە سوپایەکی دز و جەردە بوو، فەرماندەکانی سوپای عێراق دز و جەردە بوون، هەبوو 500 کەسی کۆکردبووەوە، بەڵام 100 کەسیان دەوامیان دەکرد، پارەی ئەوانی دیکەی دەکردە گیرفانی خۆی. جا سوپایەک بەو شێوەیە دروست بێت بەرگەی شەڕ ناگرێت، ئێستا سوننەکان خۆیان بە خاوەنی حەق دەزانن و باشتر شەڕ دەکەن لە کەسانێک کە ئەوان بە داگیرکەری دەزانن، ئەو هێزانەی سنووری موسڵن لە هەموو سنوورەکان هەر ئاوایە، ئەوەتا لە سنووری خانەقین سوپای عێراق خراپترە لە سنووری موسڵ، لە سنووری کەرکووک هێزی عێراق خراپترە، بۆیە ئەم هێزە هەر لەسەرەتاوە بە خراپی دروستکراوە.

**ڕووداو: تۆ بە فەرمانی کێ بوویتە بەرپرسی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی خانەقین و جەلەولا؟**

**مەحموود سەنگاوی:** من چەند ساڵێک بەرپرسی مەڵبەند بووم، لە هەمانکاتدا بەرپرسی ئەو هێزانەش بووم لەو ناوچەیە، وەزارەتی پێشمەرگە منیان تەکلیف کرد بچمە ئەوێ بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئەو هێزانە بکەم.

**ڕووداو: واتا تۆ سەرپەرشتی هەموو هێزەکان دەکەیت، هێزی هەموو لایەنەکان.**

**مەحموود سەنگاوی:** هەر چەکدارێک لەو ناوچەیە بێت، من سەرپەرشتی دەکەم.

**ڕووداو: ئێستا داعش هەتا کوێ هاتووە، ڕەوشی ئەمنی ناوچەکە لە چ بارێکدایە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** ڕەوشی ئەمنیی ناوچەکە تا بڵێی خراپە، حکومەتی عێراق بە تەواوی داتەپیوە لە جەلەولا، قەرەتەپە، شاری سەعدیە و مەندەلی و ناوچەکانی دیکە.

**ڕووداو: سوپای عێراق لەو ناوچەیە نەکشاوەتەوە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** بەڵێ کشاوەتەوە و ڕایکردووە.

**ڕووداو: واتا پێشمەرگە جێگەی گرتووەتەوە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** بەڵێ، لە قەرەتەپە و جەلەولا پێشمەرگە جێی گرتووەتەوە، شاری سەعدیە نە هێزی پێشمەرگەی تێدایە و نە عێراق، ئێستا داعش حاکمە لەوێ، سوپای عێراق ئەو ڕۆژانە چواردەوری گیرابوو، بە حیساب ئێمە چووین یارمەتییان بدەین، هادی عامری هات لەگەڵ ئێمە دانیشت و گوتی دەمانەوێت هاوکاریمان بکەن، بەڵام هەم هادی عامری و هەم سەرکردەکانی دیکە درۆیان کرد لەگەڵ ئێمە، ئێمە چووین هێزەکانی ئەوانمان پاراست، نەمانهێشت هێزەکانی داعش بیانگرن.

**ڕووداو: ئەی بۆچی ئەوان هێزەکانی پێشمەرگەیان بۆردومان کرد لەم ڕۆژانەی ڕابردوو؟**

**مەحموود سەنگاوی:** کە ئەو هێزە هات بۆ ڕزگارکردنی هێزەکەی دیکە، بیباتەوە، لەوکاتەدا ئێمە پشتیوانیمان لێکردن، هێزەکانیان ڕۆیشت، بەڵام هەر لەو کاتەدا هێزەکانی ئەوان هێزی پێشمەرگەیان تۆپباران کرد، دوای ئەوەش هەلیکۆپتەرەکەیان هەر لە ئێمەیان دا.

**ڕووداو: حکومەتی عێراق داوای لێبووردنی کرد؟**

**مەحموود سەنگاوی:** هیچ هەڵوێستێکیان نەنواند، هادی عامری تەلەفۆنێکی کرد بۆ حوسێن مەنسوور کە ئەوە هەڵەمان کرد، ئەو پێیگوتبوو هەڵەی چی بوو، 21 گوللەی تۆپتان هاویشتووە، ئەی بۆ هەلیکۆپتەرەکانتان هاتنە سەر هێزەکانی ئێمە؟

**ڕووداو: لەو ناوچەیەی ئێوەی لێن، چەند لە سەدی خاکی کوردستانە کە لە ژێر دەستی ئێوەدایە؟ چەندی لەژێر دەستی عێراقدایە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** من بە ژمارە لەبەردەستم نییە، بەڵام ئێمە ئێستا دەتوانین بە هاوەنی 120 لە سەعدیە بدەین، شاری مەندەلی 90 کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە، ئەوێ لە ژێر دەستی سوپای عێراقدایە، ئەو سوپایە خۆی نەخۆشە، نامانەوێ بچینە سەری و ئەوەندەی دیکە وێران بێت و ناوچەکە چۆڵ بکات، لەگەڵ چۆڵکردنی ڕەنگە بە قازانجی داعش بشکێتەوە، لەبەر ئەوە نەچووین.

**ڕووداو: پێتوایە سەعدیە بکەوێتەوە دەستی هێزی پێشمەرگە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** تاوەکو ئێستا جووڵەمان نەکردووە، دەتوانین بۆردومانی بکەین، بەڵام نەمانکردووە. ئێمە سنوورمان تا حەمرینە، واتا هەر ئەوە نییە چووینە نێو شاری سەعدیەوە، سنووری کوردستان چیای حەمرینی پشتی سەعدیەیە، سەعدیەش شارێکی کوردستانییە، بە موڵکایەتی و بە تاپۆ هی کوردە.

**ڕووداو: بەڵام لەو ماوەیە زۆربەی دانیشتووانە کوردەکەی ئاوارە بوون و چوونە خانەقین، دوای ئەوە پێتوایە ئەو خەڵکە بگەڕێنەوە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** زەوی باوک و باپیرانیانە، هەر ئازاد بکرێت دەگەڕێنەوە، ناوی گەڕەکەکانی سەعدیە هەمووی کوردییە، هەموو مزگەوتەکان ناوی کوردییان لێیە، گۆڕی مەحموود پاشای جاف لەوێیە، کۆشکەکەی مەحموود پاشا تا ئێستا ماوە.

**ڕووداو: ئەو ناوچەیە هاوسنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە (ئێران)، ئێران چ ڕۆڵێکی هەیە لە مەسەلەی هاوکاریکردنی شیعەکان، چونکە ئەو ناوچەیە خەڵکێکی شیعەنشینن؟**

**مەحموود سەنگاوی:** بەداخەوە شیعەکانی ئەوی بۆ بێ بەختی، هەم شیعەن و هەم کوردن، لەبەرئەوەی چەندیان لێکوژراوە نە ئێران پشتگیری کردوون نە مالیکی پشتیوانی کردوون، هەموویان کوژران و زەوییەکانیان جێهێشت.

**ڕووداو: ئەی هەندێک هەواڵ دەڵێن قاسم سلێمانی چووەتە ئەو ناوچەیە و سەردانی ئێوەی کردووە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** بە هیچ شێوەیەک کەس نەهاتووەتە لای ئێمە، کەس سەردانی ئێمەی نەکردووە، بەڵام دەڵێن چووەتە بەغداو حەقی خۆیشیانە بەرگری لێبکەن.

**ڕووداو: بۆچی حەقی خۆیانە؟**

مەحموود سەنگاوی: ئەوانە شیعەن.

**ڕووداو: واتا تەنیا لەبەر ئەوەی شیعەن دەکرێت دەست لە کاروباری وڵاتێکی دیکە وەربدەن.**

**مەحموود سەنگاوی:** ئەگەر شیعە نەبێت، باشووری لوبنان چ پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، ئێران لێرەوە پشتیوانی دەکات، وەکو شیعەگەرێتی.

**ڕووداو: سوپای عێراقی لای تۆ داگیرکەرە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** من ئەو ناوچەیەی پێیدەڵێن ناوچە جێناکۆکەکان، قەت لە زمانم نەهاتووە بڵێم ناکۆکی لەسەرەکان، دەڵێم ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان.

**ڕووداو: ئەگەر ئەوان سوپایەکی داگیرکەرن بۆ لەو ناوچەیە هەماهەنگی هەبووە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە، ئەگەرنا مالیکی و داعش هیچ جیاوازییان نییە.

**ڕووداو: دەگوترێ بەو هۆیەی یەکێتی نزیکایەتیەکی هەیە لەگەڵ ئێران، ناتوانێت بڕیارێک بدات، لەگەڵ داعش بکەوێتە شەڕەوە یان نا، ئەوە تا چەند ڕاستە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** ئەوە نییە ئێمە لە شەڕداین؟ داعش هێزێکی تیرۆریستە، پێش ئەوەی لەگەڵ مالیکی نێوانمان باش بێت یان خراپ بێت، ئێمە هەر شەڕمان بووە لەگەڵیان، ئەو هێزە کۆکراوەی ئەو هێزانەی ئەنساروئیسلامن کە لە شارەزوور شەڕمان لەگەڵ کردن.

**ڕووداو: وەکو یەکێتی ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ مالیکی چۆنە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** ئێستا پەیوەندییەکی ئەوتۆمان نییە، لە یادی شەهیدکردنی باقر حەکیم، کاک بەرهەم چووەتە بەغدا، مالیکیشی بینیوەو ئەوانیشی بینیوە، بەڵام چەند بیانبینین و نەیانبینین ئەوان درۆ دەکەن.

**ڕووداو: تۆ پێتوایە مالیکی درۆ دەکات؟**

**مەحموود سەنگاوی:** بەڵێ مالیکی درۆ دەکات، دوای داعش مالیکی شەڕمان لەگەڵ دەکات.

**ڕووداو: ئێستا لە ناوەندە جیهانییەکان باسی دابەشبوونی عێراق دەکرێت، تۆ پێتوایە عێراق لە دوای ئەو شەڕەوە دابەش دەبێت بۆ سێ دەوڵەت؟**

**مەحموود سەنگاوی:** نازانم بۆ ئەم سەردەمە، بەڵام هەر دەبێت وای لێبێت، نازانم لەم ڕووداوەوە وای لێدێت یان ڕووداوێکی دیکە دێتە پێشەوە، بەڵام چارەی عێراق سێ ناوچەی فیدراڵییە، کورد، سوننە، شیعە، بەڵام بە دەوڵەتێکی مەرکەزی و سەدامێکی دیکەوە بێتەوە، هەرگیز نابێت.

**ڕووداو: سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت پێشمەرگە هێرش ناکات تا هێرش نەکرێتە سەری، تۆ وەکو فەرماندەیەکی سەربازی لەو ناوچەیە چۆنی دەبینی، پێتوایە داعش هێرش بکاتە سەر کوردستان؟**

**مەحموود سەنگاوی:** بەڵێ داعش نیازی هەیە هێرش بکاتە سەر کوردستان، وەک ئەوەی لە جەلەولا هێرش دەکات.

**ڕووداو: هەتا کەی لەو ناوچانە دەمێننەوە؟**

**مەحموود سەنگاوی:** هەر دەمێنینەوە و خاکی خۆمانە، خۆ خاکی خەڵکمان داگیر نەکردووە.

**ڕووداو: ئەی دەڵێن 50 کیلۆمەتر بەرەو حەمرین ماوە، بەڵام دەڵێن ئەگەر سیاسییەکان ڕێگەیان بدەن، هێزی پێشمەرگە بەرەو ئەوێش پێشڕەوی دەکەن.**

**مەحموود سەنگاوی:** من لەم کاتەدا ئەو پێشڕەوییەم پێ باش نییە.

**ڕووداو: واتا دیسان ناوچەیەکی داگیرکراومان دەمێنێت، ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت؟**

**مەحموود سەنگاوی:** پێویستە ئەوەندەی دەستمان کەوتووەتەوە خۆمان لەوێ قایم بکەین، قۆناغێکی دیکەی دەوێت، کاتی خۆی لە کوێ بووین، وردە وردە گەیشتینە کوێ.

**ڕووداو: لە کابینەی هەشتەم وەزیری پێشمەرگە لە گۆڕانە، ئێوە ئامادەن وەکو فەرماندەیەک بڕیارەکانی جێبەجێ بکەن؟**

**مەحموود سەنگاوی:** ئەگەر وەزیرێک بێت بە واتای وشە و وەکو کوردێک بیربکاتەوەو وەکو فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە بیربکاتەوە زۆر ئاساییە، لەبەرئەوەی ئەو فەرمانەی ئەو دەریدەکات، فەرمانی هەرێمی کوردستانە، فەرمانی گۆڕان نییە، من پێموایە شێخ جەعفەر وەزیری پێشووی پێشمەرگە هیچ جیاوازی نەدەکرد.


فۆتۆ: هەریم جاف

## کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی تورکیا عێراقیان جێهێشت



**ڕووداو- ALjazeera**

بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی عێراق، کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی تورکیا، کە بە کۆمپانیای TPAO ناسراوە کارمەندانی خۆی لە کێڵگەی ئەلمەنسوورییە لە نزیک بەغدا کشاندووەتەوە. بەسیم شیشمان، بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی تورکیا ڕایگەیاندووە، کارمەندە عێراقییەکان بەردەوامن لە کارەکانیان لەو کێڵگەیەدا، بەڵام کارمەندە تورکەکان لەو کێڵگەیە کشاونەتەوە. کۆمپانیای TPAO لە هەڵکەندنی دوو چاڵی نەوت و دوو چاڵی گاز لە باشووری عێراق چالاکە. بەهۆی ئاڵۆزییەکانی عێراق، کۆمپانیا نەوتییەکان دوودڵن لە بەردەوامبوونیان لە کارەکانیان لەو وڵاتەدا.

ڕووداو
ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23

بەهۆی داعش

# جموجۆڵی بازرگانی لە دەروازەکانی کوردستان 50% کەمی کردووە

**محەممەد هادی**
**ڕووداو- هەولێر**

پەرەسەندنی توندوتیژی لە عێراق و کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکانی نەینەوا و سەلاحەدین لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە "داعش"، کاریگەریی خراپی خستووەتە سەر ئابووریی کوردستان و بەپێی قسەی بەرپرسانی گومرگ و دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان "جموجۆڵی بازرگانی بە بەراورد بە رابردوو تا ئاستی نیوە کەمی کردووە".

هەرێمی کوردستان چەند دەروازەیەکی سەرەکی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەیە لەوانەش: باشماخ، حاجی ئۆمەران و پەروێزخان لەگەڵ ئێران و ئیبراهیم خەلیل لەگەڵ تورکیا، هەروەها پێشخابوور لەگەڵ سووریا کە لەم ساڵانەی دواییدا هیچ جموجۆڵێکی بازرگانی تێدا نەماوە.

ڕۆژانە کامیۆنەکانی کاڵا و خواردن و سووتەمەنی لە هەردوو دیوی دەروازەکان نۆرە دەگرن، بەشێک لەو کامیۆنانە دوای هاتنە ناوەوەیان بۆ کوردستان، ڕاستەوخۆ بارەکانیان دەگوازنەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بەڵام ئێستا بەهۆی شەڕی نێوان سوننە و سوپای مالیکی لە ناوچە سوننەنشینەکان، ئەستەمە ئەو کامیۆنانە لە سنووری کوردستان دەربچن، چونکە لە ڕێگا ڕووبەڕووی تاڵانکردن دەبنەوە.

زۆرترین ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوەیە، دواتر حاجی ئۆمەران و باشماخ و پەروێزخان دێن. بەڵام ئێستا ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە لەسەرجەم ئەم دەروازانە کەمی کردووە.

عەبدولقادر عەبدوڵڵا، جێگری بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا جموجۆڵی بازرگانی لە دەروازەکانی کوردستان، بە تایبەتیش دەروازەی ئیبراهیم خەلیل زۆر کەمبووەتەوە. مانگی ئایار ڕۆژانە بە هەموو دەروازەکان نزیکەی 2000 بار دەهاتنە ژوورەوە، بەڵام ئێستا ڕێژەکە بۆ نزیکەی 50% کەمبووەتەوە و نزیکەی 1100 بار داخڵ دەبێت".

هەروەها گوتی "بازرگانی لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای مانگی حوزەیران نزیکەی 40% کەم بووەتەوە". عەبدولقادر عەبدوڵڵا هۆکارەکەی ڕوونکردەوە و گوتی "ئەم کەمبوونەوەیە هۆکارەکەی بۆ ئەو بارهەڵگرانە دەگەڕێتەوە کە کاڵا و خواردن بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق دەگوازنەوە، ئێستا هیچ بارێک بۆ ئەو ناوچانەی عێراق لەم دەروازەیەوە ناڕوات".

دوای کۆنترۆڵکردنی مووسڵ لەلایەن داعش و گرووپە سوننەکانی دیکە، 30 شوفێری کورد لە نزیک شاری مووسڵ لەلایەن داعشەوە بە بارمتە گیران. عەبدولقادر دەڵێت "ئەو ڕووداوە کاریگەری هەبوو لەسەر شوفێرانی تورک و عەرەب، ئەوان ئێستا لە ترسی ئەو گرووپانە ناوێرن هاتوچۆ بکەن و بار بگوازنەوە".

### بازرگانانی کورد دەروازە هەرزانەکەیان لێ داخرا

بەقسەی بازرگانانی کوردستان، بەهۆی ئەوەی لە دەروازەکانی هەرێمی کوردستان باجێکی زۆر دەخرایە سەر کاڵا و شمەک و خواردنەکانیان، بۆیە ئەوان ڕێگەیەکی هەرزانتر و کەم تێچوویان دۆزیبووەوە، ئەویش بەندەری بەسرەیە، بەڵام دوای تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی عێراق، بازرگانانی کورد ئەو بەندەرەشیان لەدەست دا.

جێگری بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێم ڕەتیکردەوە کە ئەوان گومرگی زیاتر لە عێراق وەربگرن و گوتی "کرێی گومرگ بەپێی یاسای سەردەمی پۆل بریمەر 5%ی نرخی کاڵاکەیە، ئەم یاسایەش لە هەموو دەروازە سنوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت".

بەڵام بازرگانان دەڵێن کە هاتنە ژوورەوەی کەلوپەل لە دەروازەکانی عێراقەوە وەک دەروازەی بەسرە زۆر ئاسانترە لەوەی لە دەروازەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، دەشڵێن نرخی گومرگ لە بەندەری بەسرا هەرزانترە.

سروود کە خاوەنی کۆمپانیای بازرگانی ئامولە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ماوەی دوو ساڵە زۆر لە بازرگانانی کورد لەڕێگەی بەندەری بەسرەوە بازرگانی دەکەن".

ناوبراو ئاشکرای کرد کە ئێستا زیاتر لە 200 بازرگانی کورد لە بەندەری بەسرە بارەکانیان وەستاوە بەهۆی ئەم دۆخەی عێراق، چونکە ناتوانن کەلوپەلەکانیان بگوازنەوە بۆ شوێنی مەبەست. گوتیشی "ئەم دۆخە هەر بارەکانمانی ڕانەگرتووە، بەڵکو ئێستا هیچ بازرگانێکیش سەفەر ناکات بۆ دەرەوە بۆ هێنانی کەلوپەل".



ئەو بازرگانە گوتیشی "بەهای ئەو کەلوپەلانەی لە بەندەری بەسرا گیریان خواردووە بە زیاتر لە 20 ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێ".

زۆر لەو کاڵایانەی لە ڕێگەی دەروازەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران هاوردە دەکران، ڕاستەوخۆ دەگوازرانەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق. بە تایبەتی لە دەروازەی پەروێزخان لە سنووری ئیدارەی گەرمیان.

مەحمود ئەحمەد، بەڕێوەبەری گومرگی باشماخ بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جموجۆڵی بازرگانی لە دەروازەی باشماخ 50% کەمی کردووە، چونکە زۆر لەو بازرگانانەی لە ڕێگەی ئەو دەروازەیەوە کاڵایان دەگەیاندە شارەکانی عێراق، ئێستا بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی عێراق، کاڵا نابەن بۆ ئەو شوێنانە".

سەبارەت بە جموجۆڵی گەشتیاران لە ڕێی دەروازەکانەوە، بەڕێوەبەری گومرگی باشماخ گوتی "ئەو دۆخەی عێراق تێیکەوتووە کاریگەری نەبووە لەسەر هاتنی گەشتیاران".

### باشماخ جێی بەسرا دەگرێتەوە

بەڕێوەبەری گومرگی باشماخ، باسی چارەنووسی باری بازرگانانی کوردی کرد لە دەروازەی بەسرا و گوتی "ئێمە چاوەڕوانی ئەو بارهەڵگرانە دەکەین کە لە بەندەری بەسرا وەستاون و بەم نزیکانە دەگوازرێنەوە بۆ دەروازەی باشماخ". گوتیشی "ئاسانکاری تەواویان بۆ دەکەین بۆ ئەوەی بەزوویی بارەکانیان بگوازنەوە ناو بازاڕەکانی کوردستان".

# لوبنانی و ئیتاڵییەکان لە هەولێر هۆتێلی لوکس ئاوادەکەن

**تیزیانا کاولی**
**ڕووداو- executive**

کاتێک لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو زنجیرە هێرشێکی تیرۆریستی هەولێریان هەژاند، ترسی ناسەقامگیریی سیاسی لای وەبەرهێنەران لە هەولێری پایتەختی کوردستان کە تێیدا بازاڕی خانووبەرە گەشەی بەرچاو دەکات، هاتە ئاراوە. خۆشبەختانە، ئەو ناسەقامگیرییەی کە ترسیان لێی هەبوو هەر زوو ڕەوییەوە. وەبەرهێنەرە لوبنانییەکان، کە خۆیان بە ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاهاتوون، هەر چاویان لە هەولێرە وەکو شوێنێکی سەرەکی بۆ ستراتیژی جۆراوجۆرکردنی وەبەرهێنانەکانیان.

جاقۆس جان سەراف، سەرۆکی گرووپی مالیای لوبنانی کە ئێستا بایی 52 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێبوونی هەولێردا دەکات، دەڵێت "بە پێچەوانەی زۆر شوێنی دیکەی عێراقەوە، هەرێمی کوردستان شوێنێکی ئارامە بۆ وەبەرهێنان، بازرگانی و ئاسایشی تاکە کەس."

ئەرجانی ڕۆتانا پڕۆژەیەکی دیکەی گەشەپێدانی تێکەڵە کە بڕیارە لە سەرەتای 2016 تەواو ببێت، ئەم پڕۆژەیە دووەم پرۆژەی خانووبەرەیە کە لە پایتەختی کوردستان و بە بەشداریی گرووپی مالیا و وەبەرهێنی ئیتالی DIVA ئەنجام بدرێت.

هەردوو پرۆژەی هۆتێلی ڕۆتانا هەولێر کە لە ساڵی 2011 کرایەوە و پرۆژەی ئەرجان، لەلایەن گرووپی ڕۆتانای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەڕێوەدەبرێن. هەرچەندە ڕۆتانا و مالیا لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا کاری هاوبەشیان هەیە، بەڵام هەولێریان وەکو شوێنی چڕکردنەوەی هەماهەنگی نێوانیان هەڵبژاردووە.

"شەراکەتی ئێمە لەگەڵ ئیتاڵییەکان ئێستا تەرکیزکردنە لەسەر پڕۆژەی هۆتێلی لوکس لە هەولێر". سەڕاف وا دەڵێت. ئەو هەروەها بە ڕۆژنامەی ئێکزەکیوتیڤی ڕاگەیاند کە یاساکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەراندا هەیە بۆ هەولێری پایتەخت "هەولێر بووە بە سەنتەری بزنس بەهۆی یاسای وەبەرهێنانەکەیەوە کە زۆر گونجاوە بۆ وەبەرهێنان".

یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ساڵی 2006 دەرچوو، بەو ئامانجەی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا زیاد بکرێت.

یاسای وەبەرهێنان مامەڵەی یەکسان لەگەڵ وەبەرهێنەرانی بیانی دەکات. وەبەرهێنەرانی بیانی مافی ئەوەیان هەیە کە خاوەندارێتی تەواوی هەموو سەرمایەکەیان بکەن لە کوردستان. وەبەرهێنەرانی بیانی لە بواری خانووبەرە مافی تەواویان هەیە لە کڕینی زەوی و خاوەندارێتی زەوی هەروەکو کەسێکی خەڵکی کوردستان. تەنانەت دەتوانن زەوی بەبێ بەرامبەر یان بە نرخێکی کەمکراوە لە حکومەت وەربگرن. سەرەڕای ئەوەش ئەو وەبەرهێنەرە بیانیانەی کە دەست بە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری دەکەن، بۆ ماوەی 10 ساڵ باج نادەن.

بە وتەی سەڕاف ئەم "سوودە یاساییانە" بەردەوام دەبن لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی ئەو وەبەرهێنەرانەی کە هەوڵی ئەوە دەدەن شوێنی وەبەرهێنانیان جۆراوجۆر بکەن، نەک هەموو وەبەرهێنانەکانیان لە یەک شوێندا کۆبکەنەوە "نەخشە ڕێگای ئێمە بۆ چەند ساڵی دادێ، نەخشە ڕێگایەکی ستراتیژییە بۆ گەشەسەندن و جۆراوجۆرکردن، لەبەرئەوە وەبەرهێنان لە کوردستان و وڵاتانی دیکە بەشێکی گرنگی نەخشە ڕێگاکەمان دەبێت".

بە پێچەوانەی یەکەم پڕۆژەی گرووپەکەی سەڕافەوە، پڕۆژەی دووەمیان تێکەڵ دەبێت، واتا پڕۆژەی ئەرجان بۆ نیشتەجێبوون و بۆ کاری بازرگانی دروست دەکرێت. بە وتەی سەڕاف پڕۆژە تێکەڵەکەی گرووپەکەیان سوودی زیاتر دەبێت بۆ گرووپەکە، چونکە پڕۆژەی تێکەڵ ئاسان خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی خواست و بازاڕ "پڕۆژەی تێکەڵ سوودی زۆرترە بۆ هەردوولا، بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەر". سەراف دەڵێت "لە دیدگای وەبەرهێنەرەوە تەماشا بکەین، دەبینین پڕۆژەی تێکەڵ هەر سێ بوارەکەی کەرتی خانووبەرە دەگرێتەوە: نیشتەجێبوون، ئۆفیس و شوێنی فرۆشتن (دوکان). لەلایەکی دیکەشەوە هەموو کات بواری ئەوە هەیە کە بەشێک لە پڕۆژەکە دووبارە دەستکاری بکرێتەوە، ئەگەر بەکاربەر وا بخوازێت".

بە وتەی ناوبراو، ئەرجانی ڕۆتانا سوود لە پەیوەندییەکی دوولایەنەی نێوان بازاڕی نیشتەجێبوون و دابینکردنی ئۆفیس دەبینێت. ئەو دەڵێت "داخوازی لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی بازرگانی یەکدی تەواو دەکەن". هەروەها دەڵێت "سەرەڕای ئەوەش ئەرجانی ڕۆتانا یەکەم پرۆژەی ئاپارتمێنتی فەرشکراوە لە کوردستان، ئەمەش مەترسی زەرەرکردن کەم دەکاتەوە".

60%ی پرۆژەی ئەرجانی ڕۆتانا لەلایەن Malia Investment Holding و 10%ی لەلایەن هاوبەشە ئیتاڵییەکەیDIVA یە کە خاوەنی کۆمپانیای Towerline Touristic ە، هەروەها ئەو 30%یەی کە دەمێنێتەوە کۆمپانیایەک لە دەرەوە بەناوی Roza خاوەندارێتی دەکات. بە وتەی سەڕاف شوێنی ئۆفیس لە پڕۆژەکەدا دەدرێت بە کرێ، بەڵام نافرۆشرێت.



هوتێل ڕۆتانا لە هەولێر

(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

# 25 هەزار خێزانی ئاوارەی عەرەب لە کەرکووکن

## قایمقامی کەرکووک: لە ماوەی 48 سەعاتدا 400 خێزانی عەرەب هاتوونەتە ناو شار

**ڕووداو- کەرکووک**

قایمقامی قەزای ناوەندیی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت بەپێی ئەو ئامارانەی ئەوان کۆیانکردووەتەوە، جگە لە عەرەبی هاوردە، ئێستا 25 هەزار خێزانی ئاوارەی عەرەب لەنێو شاری کەرکووکن. بەرپرسێکی شارەکەش هەر یەک لەو ئاوارانە بە "بۆمبێکی تەوقیتکراو" دەزانێ.

دوای کۆنترۆڵکردنی شاری موسڵ و تکریت لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و گرووپە سوننەکانی دیکەی عێراق و نزیکبوونەوەیان لە کەرکووک، ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە عەرەبەکانی دەوروبەری شاری کەرکووک ڕوویان لە سەنتەری ئەو پارێزگایە کرد.

کامیل ساڵەیی، قایمقامی قەزای ناوەندیی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تەنیا لە ماوەی ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممەی ڕابردوو 400 خێزانی عەرەب هاتوونەتە نێو شار، بەردەوامیش خەڵک داخڵ دەبێت".

لەدوای هێرشەکەی داعش بۆ سەر شاری موسڵ، دانیشتووانی ئەو شارە بە لێشاو ڕوویان لە شارەکانی هەولێر و دهۆک کرد، بەڵام کاربەدەستانی ئەو دوو شارە نەیانهێشت هەموو ئاوارەکان بێنە ناو شارەکان و کەمپی نیشتەجێبوونی کاتییان بۆ کردنەوە.

سەبارەت بە کردنەوەی کەمپێک بۆ عەرەبە ئاوارەکانی کەرکووک، کامیل ساڵەیی گوتی "ئێمە سەردانی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکانمان کرد لە کەرکووک و داوامان لێکردن خێوەتگە بۆ ئاوارەکان بکەنەوە، ئەوانیش بڕیاریان داوە دیراسەی بارودۆخەکە بکەن، پاشان بڕیار دەدەن کەمپیان بۆ بکەنەوە یان نا".

بەبڕوای قایمقامی ناوەندیی کەرکووک، هاتنی ئەو عەرەبانە کاریگەری دەبێت لەسەر ئایندەی کەرکووک و گوتی "ئێمە خۆمان بە نێو ئاوارەکاندا گەڕاین، هەبوو سەڵت بوو هاتبوو، کە لێمان دەپرسی کوا خێزانەکەت، دەیگوت ئەوان چوونەتە بەغدا، ڕەنگە خەڵێکی زۆر هاتبێت بەو شێوەیە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شاری کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت "جگە لەوەی پۆلیس کۆنترۆڵی بازگەکانیان بە تەواوی بۆ ناکرێت، ئاسانکارییەکی زۆریش بۆ ئەو خێزانە عەرەبانە دەکرێت تاوەکو لە نێو شاری کەرکووک نیشتەجێ ببن". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "هەندێک لەو خێزانە عەرەبانە بە ڕێگەی لابەلا داخڵی کەرکووک دەبن".

شاری کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی بەعس زۆر بە چڕی تەعریب کراوە، بەشێکی زۆر لە دانیشتووانەکەی بە تایبەتی کورد و تورکمان لەو شارە وەدەرنران و عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێکرا، ئێستاش شارەکە بە دەست شوێنەوارەکانی تەعریبەوە دەناڵێنێ.

دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی 2005دا، چارەنووسی ئەو شارە و چەندین ناوچەی دیکەی کێشەلەسەری کوردستان بە ماددەی 140ی ئەو دەستوورە سپێردرا، بەڵام کاربەدەستانی بەغدا جگە لە قەرەبووکردنەوەی ژمارەیەک عەرەبی هاوردە و کوردی ئاوارە، دوو هەنگاوە چارەنووسسازەکەی دیکەی ماددەکەیان جێبەجێ نەکرد کە بریتین لە سەرژمێری و ڕاپرسی.

بەپێی ئامارەکان، ڕژێمی پێشووی بەعس دوای وەدەرنانی هەزاران خێزانی کورد و تورکمان لە کەرکووک، 26 هەزار خێزانی عەرەبی لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە هێنان و لە شوێنی ئەوان نیشتەجێی کردن.

کامیل ساڵەیی دەڵێت "لەو 26 هەزار خێزانە 13 هەزار خێزان قەرەبووی ماددەی 140یان وەرگرتووە، بەڵام تەنیا 3 هەزار خێزان گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و هێشتا 10 هەزارەکەی دیکە لە نێو کەرکووک ماون".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، تاوەکو ئێستا 42 هەزار ئاوارەی کوردی کەرکووک قەرەبووی مادەی 140یان وەرگرتووە.

بەرپرسێکی ئیداری لە شاری کەرکووک ڕەخنە لە شێوازی قەرەبووکردنەوەکە دەگرێت و دەڵێت "کورد لە جیاتی ئەوەی پێشتر عەرەبە هاوردەکان قەرەبوو بکاتەوە و شارەکە جێبهێڵن، جارێ زوو ئاوارەی کوردیان قەرەبوو کردەوە، ئەوەش کارێکی هەڵە بوو".


خێزانێکی عەرەب لە نێو بازاڕی شاری کەرکووک
(فۆتۆ: AFP)

### تەعریب لە قاڵبی ئاوارەبووندا

لە ساڵی 2006 کاتێک شەڕی تایفی (شیعە و سوننە) گەیشتە لوتکە. ئەم شەڕە بیانووی دایە ژمارەیەکی زۆر خێزانی عەرەب تاوەکو لە نێو شاری کەرکووک نیشتەجێ ببن.

بەپێی ئامارەکان، لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە 25 هەزار خێزانی ئاوارەی عەرەب لە شاری کەرکووک نیشتەجێ بوون، بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی شاری موسڵ و تکریت و هەندێک ناوچەی دەوروبەری کەرکووک، پێشبینی دەکرێت هاتنی ئاوارەی عەرەب بۆ شاری کەرکووک بەرێژەیەکی بەرچاو زیاد بکات.

لە ماوەی ڕابردوودا نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند هەر خێزانێک بۆ ماوەی 10 ساڵ لە کەرکووک نیشتەجێ ببێت، وەکو هاووڵاتییەکی ئەو شارە حیسابی بۆ دەکرێت. بەڵام هەرزوو کاربەدەستانی کورد بڕیارەکەی مالیکییان ڕەتکردەوە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس کە لەبەر هەستیاریی دۆخی کەرکووک نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "هاتنی ئەو ئاوارانە بۆ شاری کەرکووک، وەکو بۆمبی تەوقیتکراو وایە بۆ ئایندەی شارەکە، بە تایبەتی ئەگەر بڕیارێکی هاوشێوەی ئەو بڕیارەی مالیکی دەربچێت و جێبەجێ بکرێت".

سەرچاوەکە ئەو ئاوارانە بە مەترسیش دەزانێت بۆ سەر ڕەوشی ئەمنیی کەرکووک. ئەو گرتنی شاری موسڵ لەلایەن داعشەوە بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "خەڵکەکە لەگەڵ داعش لە دژی سوپای مالیکی وەستان، ئەوان چەندین شانەی نووستوویان دروستکربوو. هیچ گەرەنتییەکیش نییە ئەو ئاوارانەی کەرکووک نەبنە شانەی نووستوو و لە ئایندەدا ڕەوشی ئەمنی کەرکووک تێکنەدەن، چونکە زانیاری زۆر کەم لەسەر ئەو ئاوارانە هەیە". گوتیشی "چ گەرەنتییەک هەیە ئەوەی زانیاری لە بارەی ئەو ئاوارانە کۆدەکاتەوە کۆنە بەعسییەک نییە کە چاوپۆشی لە باکگراوندی ئەو کەسانە دەکات".

# زەوی.. بارووتی نێوان شیعە و سوننە لە خورماتوو

**نەوزاد مەحموود و یەحیا بەرزنجی**
**ڕووداو- خورماتوو**

ئەگەرچی لە دڵەوە دان بە گرنگیی بوونی پێشمەرگەدا نانێن لە دووزخورماتوو، بەڵام ئێستا پێیانوایە لە نێو ئاگری شەڕی شیعە و سوننەدا، بوونی پێشمەرگە لە ناوچەکانیان بووەتە مایەی خێر بۆ ئەوان.

هاووڵاتیەکی عەرەبی سوننە، لە ترسی ئەوەی کە نازانێ سبەی دووزخورماتوو دەکەوێتەوە دەست کێ، نایەوێت ناوی بڵاوبکرێتەوە و دەڵێت "شیعەکان ویستیان ئەوە بکەنەوە کە سەددام بەرامبەریان کردی".

ئەو هاووڵاتییە پێیوایە ئێستا هەموو دانیشتووانی دووزخورماتوو هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەن بە دەست جەنگ و ناکۆکییە مەزهەبییەکانی عێراقەوە "چی ماوە دڵی پێ خۆش بکەیت، ڕەنگە ماڵێک نەبێت کەسێکی لە دەستنەدابێ بەهۆی تەقینەوە، یان شەڕ و نەخۆشی و نەهامەتییەوە، هەر ئەوە وایکردووە کەسانێک هەبن دڵ بە ڕێکخراوێکی توندڕەوی وەک داعش خۆشبکەن".

دوای گرتنی پارێزگای نەینەوا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، قەزای دووزخورماتوو کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، دوای ئەوەی سوپای عێراق سەربازگەکانی لەوێ چۆڵکرد.

### دەرگا ئاسنینەکان

کاتێک لە کەرکووکەوە بەڕێدەکەویت بەرەو خورماتوو، بەدرێژایی 70 کیلۆمەتری ڕێگاکە بۆنی داهاتوویەکی مەترسیدار دەکەیت. تاوەکو زیاتر بڕۆیت دەچیتە نێو ئەو شارەگوند و شارۆچکانەی شیعە و سوننە کە تەنیا دیوارە ڕزیوەکان لەیەکیان جیا دەکاتەوە. دیمەنەکان بۆ خۆیان باشترین چیرۆکخوانی ژیانی خەڵکن.

سەجاد ئەحمەد، 14 ساڵ، لە کۆڵانەکەی خۆیانەوە بە پایسکلێکەوە دەرکەوت، دەرگایەکی گەورەی ئاسنینی پانی کردەوە. ئینجا هاتە بەردەم دەرگایەکی دیکە و قوفڵەکەی ئەویشی کردەوە. لە بەردەم دەرگای سێیەمدا وا دیاربوو ماندووی دەستی دەرگا ئاسنینەکان بێت، دەبووایە دوای کردنەوەی هەر دەرگایەک دواتر بە قوفڵەکە داشیبخاتەوە. سەجاد گوتی "لە ترسی تەقینەوە ئەو دەرگا ئاسنینانەمان دروستکردوون".

ترسە زۆر و بەردەوامەکان وایان لە سەجاد کردووە، وەک گەورەکان قسەبکات و بیربکاتەوە، دەبێ هەموو منداڵەکانیش وەک سەجاد کلیلێکیان لە گیرفاندا بێت ئەگەرنا ناتوانن بگەنە شەقامەکان "حیساب بکە ئێمە لە زیندانین، بەڵام هەر باشە چونکە ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژ ناتوانن بێنە کۆڵانەکەمان".

دەرگا ئاسنینەکان دوا هیوای خەڵکن تاوەکو پارێزراو بن "ئەگەر هاتیت بۆ ئەو کۆڵانەی ئێمە، سێ دەرگا دێنە ڕێت، لەبەر ئەوەی ئاسایش لە دووزدا نەبوو، یەکەم دەرگا دەکەمەوە و دووەم و سێیەم هەتا دەگەمە ماڵەوە و دەرگای ماڵەکەم دادەخەم و کەمێک ئارام دەبمەوە". عیسام سەلاحەدین هاووڵاتییەکی تورکمانە لە خورماتوو دەڵێ دوای ئەوەی براکەی کوژرا، هاتووەتە گەڕەکێک کە ئەمسەر و ئەوسەری بە دەرگای گەورەی ئاسنین گیراوە "ئێرە بێدەنگترە و هەرکەس لە ماڵی خۆیەتی و خۆی و خێزانەکەی دەپارێزێ".

ساڵی 1946 خورماتوو کە ئەوکات ناحیە بوو، سەر بە قەزای کفری بوو، دواتر خرایە سەر پارێزگای سەڵاحەدین. دووزخوورماتوو خاوەنی زەوییەکی بەرفراوانی بەپیتی کشتوکاڵییە. ژمارەی دانیشتوانەکەی 61 هەزار کەسە. کورد، عەرەب و تورکمانی تێدا دەژی.


هێزێکی پێشمەرگەی کوردستان لە خورماتوو
(فۆتۆ: AFP)

### بەشیعەکردن خەڵکی تەواو تووڕە کردووە

نائیب حەسەن، فەرماندەی فەوجی سێی لیوای 16 لە خورماتوو کە پاراستنی شارەکەی پێ سپێردراوە. بەو پێیەی پێشتر لیواکەیان بەشێک بووە لە سوپای عێراق و چەند ساڵێک لەو ناوچانەدا بوون، لە ڕادەی ناکۆکیی مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکانی خورماتوو تێدەگات "پێشمەرگە لێرە نەبووایە شەڕی تۆڵەکردنەوەی مەزهەبی خورماتووی دەخستە مەترسییەوە".

پێشمەرگە لەسەنگەرەکانیانەوە چاو ناترووکێنن، هەم بۆ داعش و هەم لە ترسی شەڕی سوننە و شیعە، یان تۆڵەسەندنەوەی خاوەن زەوی و ئاوەکان لەیەکدی، خەڵک پێیانوایە ئەم جەنگە زۆری لە هەگبەدایە. ڕەنگە ئەوەش وای کردبێ کە ئەمە تاکە شارۆچکەی عێراق بێت، شیعە و سوننە هیوابخوازن لە سایەی پێشمەرگەوە گوریسی پێکەوە ژیانیان نەپچڕێت، هەرچەندە چەند کیلۆمەترێک لەولاترەوە بۆنی دووکەڵی جەنگە تائیفییەکە دێت بەسەریاندا.

نائیب حەسەن دەڵێت "لە خورماتوو، بەدرێژایی 10 ساڵی ڕابردوو شیعەکان 600 دۆنم زەویوزاری سوننە و تورکمانیان کردووە بەناوی وەقفی شیعەوە بەبێ ئەوەی ڕای خاوەنەکانیان وەرگیرابێ. ئەگەر پێشمەرگە لێرە نەبووایە، شەڕی تۆڵەکردنەوە بەرۆکی خورماتووی دەگرت". ناوبراو هەروەها دەڵێ "بەڵام پێشمەرگە کێشەی مەزهەبی لەگەڵ عەرەب و تورکمان نییە، عەرەبەکان لێرە نە ژنیان دەپشکنرێ، نە موداهەمە دەکرێ، بەڕاستی خۆیان دانی پێدا دەنێن کە ئێستا کەرامەتیان پارێزراوە".

لەناو خورماتوو، حوسەینییەکانی شیعە وەک ڕۆژانی ڕابردوو ئەرکە ئاینیەکانیان تێدا جێبەجێ دەکرێ، وێنەکانی ئیمامە خۆشەویستەکەیان (عەلی کوڕی ئەبوتالب) هێشتا لەجێگەی خۆیان ماون و ئاڵا ڕەشەکانیشیان بە بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکانەوەن.

نائیب حەسەن دەڵێ "پێشتر سوپایەک لێرە بوو کە تەنیا لە مەزهەبێک بوو، خەڵک هەموو هەستیان بە ئارامی نەدەکرد، بەڵام پێشمەرگە وای نەکردووە، هەر بۆیە لە سلێمان بەگ کورد دەنگی لە هەڵبژاردنەکاندا هێناوە بەبێ ئەوەی یەک کوردی تێدا بێ".

### یەکەم تەقینەوە

ڕۆژی 17ی حوزەیران لەوکاتەی نێردراوانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، سەرقاڵی دیداربوون لەگەڵ خەڵک، دەنگی تەقینەوەیەک هات، تەقینەوەکە بەهۆی دانانی 2 تەنەکەی پڕ لە TNT بوو لەسەر ڕێی قافڵەیەکی هێزەکانی لیوای 16، دواتر نائیب حەسەن و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و بینییان هێشتا تەنەکەیەکی دیکەی تێدا ماوە و نەتەقیوەتەوە کە دواتر لەکاتی پووچەڵکردنەوەیدا یەکێک لە پێشمەرگەکان بریندار بوو.

نائیب حەسەن دەڵێ " لەوەتەی پێشمەرگە هاتووەتە خورماتوو، ئەوە یەکەمین جارە تەقینەوە ڕوویدات، بەدڵنیاییەوە ئەوە کاری داعشە، بەڵام ئەوان ناتوانن بێنە ناو خورماتوو، بۆیە هەوڵدەدەن بەمشێوەیە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە بکەن".

ئێستا دووزییەکان ئەگەر هیچیان دەستنەکەوتبێت، ئەمن و ئارامییان دەستکەوتووە، ئیدی لەمەودوا خەمی خۆشگوزەرانیيانە. شەلال عەبدول، قایمقامی خورماتوو، لە ژوورەکەی خۆی بەردەوام خەریکی وەڵامدانەوەی گلەیی هاووڵاتیانە کە بە تەلەفۆن پێیدەڵێن و لە وەڵامی یەکێکیاندا دەڵێت "کاکە گیان کارەبا لە هەموو عێراق خراپ بووە، هەوڵدەدەین باشتری بکەین".

## ڕاوچییەکی خراپ خەڵات دەکرێت



**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی دەرهێنەرێکی کورد لە دوازدەهەمین فێستیڤاڵی برۆکسل لە بەلجیکا خەڵاتی لیژنەی دادوەرانی پێبەخشرا. سەهیم عومەر خەلیفە، دەرهێنەری ناساوی کورد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی ڕابردوو فیلمی ڕاوچییەکی خراپ لە نێو 18 کورتەفیلمی بەلجیکی خەڵاتی تایبەتی لیژنەی دادوەریی فێستیڤاڵەکەی وەرگرت کە ئەم خەڵاتەش گرانبەهاترین خەڵاتی فێستیڤاڵەکەیە". ئەم فیلمە بەهاوبەشی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر و بەلجیکا و ئیمارات بەرهەمهاتووە.

### شەهرام نازری بۆ (ڕووداو):

# کەیفم بە هاتوهاواری سیاسی نایەت

## هەندێک هونەرمەندی بەرچاوتەنگ دەیانەوێ ساردم بکەنەوە

**ئومێد بەرین**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی مەزن شەهرام نازری، کوردستان بە "ئەوین" و "دایک" پێناسە دەکات و هەمیشە شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکات. کۆنسێرتەکەی شاری کرماشان "من کرماشانی فارسی نیەزانم" کە ئێرانی هەژاند، باشترین شاهیدییە بۆ کوردبوونی.

کاتێک (ڕووداو) بە مەبەستی سازدانی هەڤپەیڤینێک لەبارەی ئەو کۆنسێرتە قسەی لەگەڵ کرد، ئەو یەکسەر دەستی کرد بە گلەیی لە کاربەدەستانی سیاسی و هونەری لە کوردستان کە ئەو داوەت ناکەن بۆئەوەی لە کوردستان کۆنسێرت بکات. نازری گوتی "جارێک داوەتیان کردم، بەڵام لەگەڵ من چەند ڕاپەرێکی ئێرانیشیان داوەت کردبوو، منیان لە ڕیزی ئەو ڕاپەرانە دانا". تەنیا سەردانێکی کە لێی ڕازی بوو، هاتنی بوو لەگەڵ گرووپی کامگاران بۆ شاری سلێمانی و سازدانی کۆنسێرتێک کە وەک خۆی دەڵێ بە داوەتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بووە.

نازری، لە 1950/2/18 لە شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. ناوێکە سنوور ناناسێت. لە سەرانسەری دونیا کۆنسێرت و ئاهەنگ ساز دەکات، بەڵام هیچ کۆنسێرتێکی هێندەی ئەوەی کرماشان دەنگدانەوەی نەبوو، دەنگدانەوەیەک کە ئەو خۆی لێی ڕازی نییە و پێیوایە تێکەڵی سیاسەت کراوە.

کۆنسێرتەکەی کرماشان بێ کێشە و دەردەسەری تێنەپەڕی، "خۆم کرماشانی فارسی نیەزانم" و ئەو حەماس و لێکدانەوە زۆرەی کە بەدوایدا هات، کاردانەوە و تووڕەبوونی باڵی موحافیزکارانی ئێرانی لێکەوتەوە کە لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکانی نزیک لە خۆیانەوە هێرشیان کردە سەری و بە کەسێکی "جوداخواز" تۆمەتباریان کرد. لە بەرامبەریشدا هەوادارانی ئەو هونەرمەندە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و تاراوگە، کەمپینێکیان بۆ پشتگیریکردنی سازکرد و زیاتر لە 11 هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد. نازری سەری لەو مشتومڕە سوڕماوە کە بەهۆی ئەو گۆرانییە پەیدابوو، چونکە وەک خۆی دەڵێ، 20 ساڵ لەوەبەر ئەو گۆرانییەی گوتووە و هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردووە.

شەهرام نازری لەبارەی ئەو کۆنسێرتەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی (ڕووداو)ی داوەتەوە.

**ڕووداو: کۆنسێرتەکەی کرماشان کاردانەوە و مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، هۆی چی بوو؟**

**شەهرام نازری:** ئەوە هەندێک بەرژەوەندیخواز ویستیان شتێکی بچووک گەورە بکەن. هەندێک هونەرمەندی بەرچاوتەنگ و خەڵکانێک هەن کە دەیانەوێ دڵسارد ببمەوە و چیدی کار نەکەم. من زیاتر لە 30 ساڵ خزمەتم بە هونەری ئێران و کوردستان کردووە، هەموو کەس دەزانێ کە نازری کەیفی بە هاتوهاوار و کێشمەکێشی سیاسی نایەت و تەنیا کاری هونەری دەکات.


**ڕووداو: بەڵام لەبەرامبەر هێرشی موحافزکارانی ئێران خەڵکێکی زۆریش پشتگیرییان کردی؟**

**شەهرام نازری:** هەندێک هێرشیان کردە سەرم و هەندێک پشتگیرییان کردم، بەڵام هەردوولا هەڵە بوون و بە کەوچکێک ئاو کەوتنە مەلە. خەڵکێک کە یەک شەوە دێت و پشتگریت لێدەکات و دەبێتە لایەنگرت، دەتوانێ یەک شەوەش پشتت تێبکات و ببێتە دوژمنت. من 30 ساڵ خزمەتی هونەرم کردووە، چەندین بەرهەم و کۆنسێرتی کوردیم هەبووە، ئایا ئەوانە خزمەت نین بە هونەری کوردی!

بۆچی ئەو شتە بچووکەیان ئاوا گەورە کرد؟ هەندێک لە ماڵەکانی خۆیان دانیشتوون، بێ هیچ بەرپرسیارێتییەک دەیانەوێ کێشە بۆ من دروست بکەن و دوژمنم بۆ داتاشن، من 20 ساڵ لەوەوپێش ئەو ئاوازانەم لە تاران و شارەکانی دیکە خوێندووە، ئەو کات لەکوێ بوون؟ ئەوان منیان بۆ گرنگ نییە و تەنیا قسەکانی خۆیان بۆ گرنگە.

**ڕووداو: ئێوە هەمیشە شانازی بە کوردبوونی خۆتانەوە دەکەن، ئایا ئەوە گرفتی بۆ دروست نەکردوون؟**

**شەهرام نازری:** بەڵێ من هەمیشە شانازی بەوە دەکەم کە کوردم و لە هەموو شوێنێک بە سەری بڵندەوە باسی کوردبوونی خۆم کردووە، بەڵێ هەموو ئەزموونی ژیانم لە کەلتووری کورد وەرگرتووە و هیواشم ئەوەیە بتوانم خزمەتی زیاتر بە هونەری کوردی بکەم، بەڵام دەبێ چاوەڕوانی لە من تەنیا خزمەت بە هونەری کوردی بێت، نە شتێکی دیکە.



### خەڵات و ڕێزلێنانەکانی نازری:

- خەڵاتی "شوالیە"ی هونەر و ئاواز لەلایەن حکومەتی فەرەنسا
- خەڵاتی ئافیسیەر لەلایەن حکومەتی فەرەنسا
- خەڵاتی لێژیۆن دۆنۆر لەلایەن حکومەتی فەرەنسا
- وەرگرتنی دکتۆرای فەخری لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگی فەرەنسا
- وەرگرتنی دکتۆرای فەخری لەلایەن ئەمەریکەن یونیڤێرستی
- خەڵاتی میراتی کەلتووری ڕۆژئاوا لەلایەن ڕێکخراوی ئاسیا سۆسایتی کە بان کی مۆن، سکرتێری گشتی UN خەڵاتەکەی پێدا.
- میدالیای زێڕینی مەولانا لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی تورکیا.
- خەڵاتی ئوستورەی زیندوو لەلایەن زانکۆی UCLAی ئەمریکی.
- ڕێزلێنان لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە
- ناونانی ڕۆژی 25ی شوبات بەناوی شەهرام نازری لەلایەن شارەوانی سان دییگۆ لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا.



**ئەوانەی پشتگیرییان کردم هەڵە بوون**

### هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم بۆ (ڕووداو):

# لە موزیک و تەکنیک دەتوانم یەکەمی بێ ڕکابەر بم

## لەگەڵ حوسام ڕەسام دوێتێک لەسەر کوردستان دەکەین



هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم دەڵێت کاتێک هەستی کردووە بۆشاییەک هەیە لە ڕووی تەکنیکی میوزیک لە کوردستان، بڕیاری داوە ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵ لە شاری هەولێر دابنێت. ئەو دەڵێت بەو ستۆدیۆیە دەیەوێت لە کوردستان ببێتە "یەکەمی بێ ڕکابەر"، پاشانیش خەڵکی دیکە چاو لەو بکەن و ستۆدیۆی پێشکەوتوو دابنێن، تاوەکو چیدی هونەرمەندان پێویستیان بە چوونە دەرەوە نەبێت بۆ کاری هونەری.

هەڤپەیڤین: ڕێکەوت سەلام

**ڕووداو: بۆچی کاری بازرگانیت نەکرد و ستۆدیۆت دانا؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** لە کوردستان بە داخەوە کاری هونەری خەریکە هەر لەبیر دەکرێت، منیش بۆ ئەوەی ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵ هەبێت و بۆ ئەوەی چیدی هونەرمەندان نەڕۆنە دەرەوە بۆ کاری هونەری، ئەو ستۆدیۆیەم دانا. ئێستا باشترین تەکنیکی دەنگ لە کوردستان هەیە.

**ڕووداو: خۆت خەڵکی دهۆکی، بۆچی ستۆدیۆیەکەت لە هەولێر دانا؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** چونکە هەولێر پایتەختی کوردستانە. لە هەمانکاتیشدا ئێستا پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبییە و زۆر هونەرمەندی بیانی دێن بۆ ئێرە، دەبێت ستۆدیۆیەک هەبێت لە هەولێر پرۆفیشناڵ بێت بۆ ئەوەی وا هەست نەکەن لە کوردستان هونەر لاوازە یان کار و چالاکی کەمە.

**ڕووداو: ئاستی تەکنیک لە کوردستان هێندە لاوازە، بیر لە دامەزراندنی ستۆدیۆیەکی پرۆفیشناڵ بکەیتەوە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** لە کوردستان کێبڕکێی کار زۆرە، بۆ نموونە ئەگەر من کارێکم کرد بۆ پێشخستنی هونەر، ئەوە خەڵکی دیکەش ئەو کارە دەکەن، ئەوەش وا دەکات ئاستی تەکنیکی هونەری بەرز ببێتەوە. کار کراوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت باشتری بکەین.

**ڕووداو: تۆش دەتەوێت وەکو ڕووداو یەکەمی بێ ڕکابەر بیت؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** من ناتوانم وەکو ڕووداو بم، بەڵام وەکو موزیک و تەکنیک بە دڵنیاییەوە دەتوانم لە کوردستان یەکەمی بێ ڕکابەر بم.

**ڕووداو: پێتوایە سیستمێکی ڕاست و دروست هەیە بۆ پەروەردەکردنی هونەر لە کوردستان؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** کەمێک سیستەم هەیە، بەڵام حەز دەکەم بنکەیەک دابنێم بۆ هونەرمەندانی کورد یان شوێنێک دابنێم بۆ منداڵان، بۆ ئەوەی هەر لە قوتابخانەوە فێری کاری هونەری ببن، چونکە هونەرمەندانی کوردستان هەموو بە نەهامەتی توانیویانە بگەنە ئەم ڕۆژە.

**ڕووداو: دەڵێن لە زۆربەی ئەلبوومەکان زەرەر دەکەی، لە دوا ئەلبوومیشت هەر وابوو؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** نەخێر، لەدوا ئەلبوومدا هیچ زەرەرێکم نەکرد، بەڵام زۆر ماندوو بووم. دیارە کاری هونەری زۆری دەوێت.

**ڕووداو: گوێگرەکانت تا چەند گۆرانییەکانت هەزم دەکەن؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** هەر کارێک بکەیت ماندووبوونی تێدایە، لەوانەیە هەندێ جار خەڵک باش وەرینەگرێت، بەڵام سوپاس بۆ خوا هەمیشە بەشێوەیەک کارم کردووە کە بەرهەمەکانم زوو بچنە سەر لێوی گوێگرانم.

**ڕووداو: ئەلبوومە نوێیەکەت دەمێکە تەواو بووە، بۆچی بڵاوی ناکەیتەوە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** بەڵێ ڕاستە ئەلبوومە تازەم تەواو بووە، بەڵام ئەمجارە باشتر خۆم ئامادە کردووە، هەوڵمداوە زیاتر کوردیانە کار بۆ ئەم ئەلبوومەم بکەم، ئەلبوومەکەشم لە 10 تراک پێکهاتووە. بۆیەش بڵاوی ناکەمەوە، دەمەوێت برا پێشمەرگەکانم بگەڕێنەوە و باروودۆخی کوردستان ئارامتر بێت، ئینجا بڵاوی بکەمەوە.

**ڕووداو: وێنەیەکت لەگەڵ هونەرمەندی عێراقی حوسام ڕەسام بڵاوبووەتەوە، بەنیازی کارێکی هاوبەشن؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** بەڵێ هونەرمەند حوسام ڕەسام پێیگوتم حەزدەکەم دوێتێک بکەین، منیش پێمگوت ئەگەر بیکەین حەزدەکەم لەسەر کوردستان بیکەین، ئەویش گوتی ئامادەم. ئەوەش دڵی زۆر خۆش کردم.

**ڕووداو: زۆر کەس ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە ژن لە کلیپەکاندا دەکرێتە کاڵا، تۆ لەوبارەیەوە دەڵێی چی؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** من ڕەخنەم نییە لە بەکارهێنانی ژن لە کلیپدا، من دەڵێم شتی ڕاست هەر بە ڕاستی دەمێنێتەوە، هەندێک شت هەن کاتین. هونەرمەند هەیە کچی جوان لە کلیپەکەی بەکاردێنێت، بۆ ئەوەی سەیری کلیپەکەی بکرێت، با ئەو هونەرمەندانە باش بزانن، خەڵک گوێ لە گۆرانییەکانیان ناگرێت و سەیری کچەکە دەکەن، ئەوەش کارێکی خراپە. من هەمیشە ڕێزی تایبەتم هەیە بۆ ئافرەت چونکە ئافرەت جوانترین دروستکراوی خودایە.

**ڕووداو: بۆچی هونەرمەندان درەنگ ژن دێنن؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** هونەرمەند موڵکی خۆی نییە، هەندێجار ناچارین هەندێک کار بکەین کە بێ دڵی خۆت بکەیت، بۆ نموونە دەبێت زیاتر بۆ خەڵک بین. ژنهێنانیش شتێکی ئاسان نییە، دەبێ کات بۆ خێزانەکەت دابنێی.

**ڕووداو: دەڵێن هەڤاڵ زۆر حەز بە منداڵ دەکات، ڕاستە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** زۆریش حەز دەکەم منداڵێکی خۆم هەبێت و لە باوەشی بگرم و ببمە باوک.

**ڕووداو: بۆچی وا زوو سەرت سپی بووە خۆ هێشتا گەنجی؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** بەڵێ، هونەر پیری کردم، لە هەمانکاتیشدا ئەو سەرسپیبوونە خۆشیشی تێدایە، بەڵام ناخۆشییەکانی زیاترن.

**ڕووداو: ئەی عەشق سەری سپی نەکردیت؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** زۆر ڕاستە، من عاشقی کەسێک بووم، بەڵام پێی نەگەیشتم، بەس ژیان بەردەوامە.

**ڕووداو: ئێستاش بیری لێ دەکەیتەوە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** بەڵێ هەندێ جار بیری لێ دەکەمەوە و جارجاریش خەمی پێدەخۆم.

**ڕووداو: هیچ گۆرانییەکت بۆ ئەو عەشقە گوتووە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** (بە پێکەنینەوە) زۆرم لێدەکەی کە بیڵێم، بەڵێ گۆرانیم گوتووە و یەکێک لە تراکەکانی نێو ئەلبوومەکانم بۆ کەسێک گوتووە، بەڵام پێت ناڵێم کامەیە و بۆ کێیە؟

**ڕووداو: ئێستا پێشمەرگە لەبەرەی شەڕە، چ پەیامێکت بۆ پێشمەرگە هەیە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهی:** من بەهەموو توانای خۆم پشتگیری پێشمەرگە دەکەم، چونکە پێشمەرگە شەرەفی کوردستانە، ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە ئەو هونەرەی کە ئێستا هەیە، ئەو ئازادییەی کە ئێستا هەیە نەدەبوو. بۆیە دەڵێم بە ماڵ و گیانم لە خزمەتی پێشمەرگەم و بە ئاواتم دەوڵەتی کوردی ببینم.

**حەز دەکەم بنکەیەک دابنێم منداڵان هەر لە قوتابخانەوە فێری کاری هونەری بکات**

(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

## فیستیڤاڵی ساکینە جانسز لە سویسرا دەستپێکرد



**ڕووداو- ANF**

یەکەمین فیستیڤاڵی ژنانی (ساکینە جانسز) لە شاری بازلی سویسرا دەستپێکرد، کە لەلایەن تەڤگەری ژنانی سویسراوە ڕێکخراوە و لەمەودوا ساڵانە ساز دەکرێت. فێستیڤاڵەکە سەر لەبەیانی ڕۆژی 2014/6/22 بە دوو پانێڵ بە ناوەکانی "مێژووی ژنانی کورد و ژیانی ساکینە جانسز" دەستپێکرد. پاشان گوڵتان کایا نوێنەری تەڤگەری ژنانی نێودەوڵەتی کورد، گوڵسەر یلدرم پەرلەمانتاری HDP و لەسەر ناوی PYD ەش ڕۆژان دێرک وتاریان پێشکەش کرد. ساکینە جانسز ڕۆژی 2013/11/9 لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا تیرۆر کرا.

# کوردی ئیسرائیل یادی قوربانییەکانیان دەکەنەوە

**لازار بێرمان**
**ڕووداو- ئۆرشەلیم**


لەگەڵ خۆرئاوابوون لە ڕۆژێکی یەکشەممەی مانگی ڕابردوو، هەفتەیەک دوای ساڵیادی هۆلۆکۆست و دوو هەفتە دوای جەژنی ئیستەر (جەژنی دەرچوونی بەنی ئیسرائیل لە میسری فیرعەونی)، ئیسرائیل یادی ئەو کەسانەی کردەوە کە لەپێناوی بەرگریکردن لە وڵات گیانیان بەخشیوە.

کاژێر هەشتی شەو، ئیسرائیلییەکان بەبێ گوێدانە ئەوەی بە چییەوە سەرقاڵن، لەشوێنی خۆیان ڕاوەستان، لە شەقامەکانی تەل ئەڤیڤ شۆفێران وەستان، هاتوچۆ لەسەر شۆستەکان وەستا، ئەوانەی لە ڕێستۆرانتەکان نانیان دەخوارد لەسەر مێزەکانیان هەستان. لە سەرتاسەری وڵات داوا لە ئیسرائیلییەکان دەکرا یادی قوربانیدانی گەورەی زیاتر لە 23 هەزار ژن و پیاو بکەنەوە کە لە جەنگ و لە هێرشە تیرۆرستییەکاندا گیانیان بەخشیوە.

قوربانیان کە هەزارانیان لە گۆڕستانی سەربازیی ماونت هێرتزل لە ئۆرشەلیم نێژراون، سەر بە هەموو ئێتنیکە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئیسرائیلین. دانیشتووانی ناوچەی ئاشکێنازی کیبوتز، چینی باڵای تەلئەڤیڤ، کۆچبەرانی یەمەنی، مەغریب و هیندستان، ئاینی و عەلمانی، دروز، بەدەوی و هەروەها جولەکە، هەموویان لەماڵ هاتنە دەرەوە بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژەی کە یادەوەریی بە ئازاریان بیردەخاتەوەو هاوکات هەستی نیشتمانپەروەرییان دەجوڵێنێ.

"کوردی ئیسرائیل"یش، یان ئەو جولەکانەی لە ئیسرائیلەوە هاتوون، ڕۆڵەی ئەوانیش لەو ڕووداوانەدا کوژراون، هەر لە ئۆپەراسیۆنە ژێر زەمینییەکانی بەر لە دروستکردنی دەڵەت لەدژی بەریتانیا، تاوەکو جەنگی دژ بە سوپاکانی عەرەب و توندوتیژییەکانی ئەمڕۆ. هەندێک لەو کوردانەی گیانیان لەدەستداوە، ئەوانەن کە لە کوردستان لەدایک بوونە، هەندێکی دیکەیان لە ئیسرائیل، لەو گوندانە لەدایک بوونە کە لەلایەن کوردەوە دروستکراون، یان زۆرینەی دانیشتوانیان کۆچبەری جولەکەن لە کوردستانەوە.

### ناوی هەندێک لەوانەی لەپێناوی پاراستنی دەوڵەتی ئیسرائیل گیانیان لەدەستداوە:






### موشێ بارزانی:

ساڵی 1926 لە خێزانێکی جولەکە کە لە کوردستانەوە کۆچیان کردووە بۆ بەغدا، لەدایک بووە. مامی، واتە ڕەبی ئیسحاق بارزانی، پێشڕەوی ئاینی کۆمەڵەی جولەکە بووە لە هەولێر. باوکیشی، چاچام ئەبراهام پسپۆڕێکی دیاری تەسەوفی ئاینی جولەکە بووە.

ساڵی 1932، بنەماڵەی بارزانی کە حەوت کەس بوونە، لە بەغداوە بەرەو "سەرزەمینی پیرۆز" کۆچ دەکەن کە ئەوکات لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بووە. موشێ دوو ساڵ دەخوێنێت، بەڵام بەهۆی خراپیی ڕەشی دارایی خێزانەکەی، ناچاربووە واز لە خوێندن بهێنێ و کار بکات بۆ پەیداکردنی بژێویی خێزانەکەی.

لە تافی لاویدا، موشێ پەیوەندی دەکات بە گرووپی سەربازیی ژێرزەمینی کە هەندێک جولەکە دروستیانکردبوو. شاوڵ، براگەورەکەی پێشتر لەو گرووپەدا خزمەتی کردووە، دایک و باوکیشی پشتیوانی ئەو کارەی دەکەن.

ڕێکخراوەکە کە نێوی "جەنگاوەرانی ئازادیی ئیسرائیل" بووە، بە کۆمەڵەی ستێرن ناسرابوو وەک ئاماژەیەک بۆ پاشکۆی ناوی ئەبراهام یایر ستێرن کە سەرکردەی ڕێکخراوەکە بوو. ستێرن بە یەکێک لە توندترین ڕێکخراوە چەکدارییە ژێرزەمینییەکان ناسرابوو، بۆیە لەلایەن بەریتانیاوە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ناسرا بوو کە لە گرووپی ڕاستڕەوی ئیرگون جیاببووەوە بۆ بەردەوامیدان بە شەڕ لە دژی بەریتانیا لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، بەهۆی دانانی ڕێوشوێنی توند لەسەر کۆچکردنی جولەکەکان.

موشێ ساڵ و نیوی یەکەم، ئەرکی ناسەربازی وەکو بڵاوکردنەوەی نووسراو و هەڵواسینی پۆستەری لەئەستۆ بوو. دواتر یەکەیەکی پێکهێنا بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە و نانەوەی بۆمب. تەقاندنەوەی وێستگەی شەمەندەفەری بەریتانی لە نزیک ئۆرشەلیم یەکێک بوو لە کارەکانی ئەوان.

مانگی ئاداری 1947، موشێ لە یەکێک لە شەقامەکانی ئۆرشەلیم لەلایەن یەکەیەکی سەربازیی بەریتانییەوە بە نارنجۆکێکەوە دەستگیر دەکرێ. لەکاتی دادگاییدا موشێ ڕەتیدەکاتەوە دان بە شەرعیەتی دادگای بەریتانیادا بنێت. پارێزەر ناگرێت، لەبری ئەوە لەگەڵ یارمولکێک (کەسایەتی ئاینیی جولەکە کە ڕوخساریان دادەپۆشن) دادەنیشێ و تەورات دەخوێنێتەوە. لە دانیشتنی دادگاشدا دەڵێت: "گەلی جولەکە وەکو دوژمن و دەسەڵاتداری بیانی لە وڵاتەکەیان لێتاندەڕوانن. ئێمە، جەنگاوەرانی ئازادی بۆ ئیسرائیل لە دژی ئێوە دەجەنگین بۆ ئازادکرانی خاکەکەمان. ئێوە مافی حوکمدانی منتان نییە و ناتوانن بە هەڵواسینمان بمانترسێنن".

ڕۆژی 17ی ئادار، دوای دادگاییەکی کاژێر و نیوی، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا. لەوکاتەدا دەستیکرد بە گوتنەوەی ئەو سروودەی بزووتنەوەی زایۆنی کە دواتر بووە سروودی نیشتمانیی ئیسرائیل.

موشێ بارزانی لە یەک ژووردا لەگەڵ مێیر فێنستێن بەند دەکرێت کە جەنگاوەرێکی گرووپی ئیرگون بووە و ئەویش سزای مەرگی بەسەردا سەپێنراوە. ڕێکخراوی ئیرگون لەڕێی نووسینی تێبینی ورد لەسەر توێکڵی ئەو مۆزانەی دەبرانە بەندیخانەکە پەیوەندییان لەگەڵ فێنستێن هەبوو، بەمجۆرە هەردوو بەندکراوەکە توانییان پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دابین بکەن.

کۆمەڵگای جولەکە کەمپەینێکیان دەستپێکرد بۆئەوەی بەریتانیا ئەو دوو گەنجە لە سێدارە نەدات. دایڤد بن گوریۆن کە دواتر دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و خێزانی گیراوەکان داوایەکیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی بەریتانی کرد بۆ پێشکەشکردنی پۆزشهێنانەوە. چەند ئاماژەیەک هەبوون بۆ سەرگرتنی کەمپەینەکە، بنەماڵەکەی داوایان لە موشێ بارزانی کرد پۆزشهێنانەوە پێشکەش بکات بۆ پاراستنی ژیانی، بەڵام ڕەتیکردەوە.

هەردوو بەندکراوەکە بڕیاریان دا بەبێدەنگی نەچنە بەردەم پەتی سێدارە، بارزانی و فێنستێین بڕیاریان دا بە قاچاخ دوو بۆمب بهێننە نێو زیندان، یەکێکیان بۆ تەقاندنەوەی بەو بەرپرسە بەریتانیانەدا کە ئامادەی ڕێوڕەسمی لەسێدارەدانیان دەبن، ئەوەی دیکەش بۆ خۆکوشتن. دوو بۆمبەکە بە قاچاخ برانە نێو زیندان. بەڵام پلانەکە بێ کێشە بەڕێوەنەچوو. ڕۆژی 21ی نیسان، شەوی پێش لەسێدارەدانەکە. ڕەبی یەعقوب گۆڵدمان سەردانی بەندکراوەکانی کرد. بۆیان پاڕایەوە و دوایین دانپێدانانی تاوانەکانی لێوەرگرتن، هەروەها باسی کەسایەتییە مێژووییەکانی جولەکەی بۆ کردن کە گیانیان بەخت کردووە. پلانەکەیان بۆ ڕەبی یەعقوب ئاشکرا نەکرد.

گۆڵدمان بە بەندکراوەکان ڕادەگەیەنێت کە ئامادەی لە سێدارەدانیان دەبێت بۆئەوەی بەتەنیا نەبن.

بۆئەوەی ڕەبی یەعقوب بێتاوان نەکوژرێت، بارزانی و فێنستێین بڕیاردەدەن پلانەکەیان بگۆڕن. کاژێر 11:40 خولەکی سەرلەبەیانی بەتەنیا لە ژووری زیندان یەکێک لە بۆمبەکان لەخۆیان دەبەستن و دەیتەقێننەوە.

بارزانی و فێنستێین بوونە پاڵەوانی نیشتمانیی ئیسرائیل. بەسەرهاتەکەیان لەنێو گەنجاندا بڵاوە و چەندین شەقام و مەیدان هەن کە بەنێوی بارزانی ناونراون.

حەوت بارزانی دیکەش لە جەنگەکانی ئیسرائیلدا کوژراون.

### مێیر یەمینی

مێیر یەمینی ساڵی 1944 لە دهۆک لەدایک بووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا بەرەو ئۆرشەلیم کۆچ دەکات، لەوکاتەدا کە زۆربەی کوردە جولەکەکان چوونە ئیسرائیل. خێزانەکەی لە ناوچەی کاتامۆن نیشتەجێ دەبن کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی لە کوردستانەوە هاتوون.

ساڵی 1963 پەیوەندی بە هێزی بەرگریی ئیسرائیلەوە دەکات. لە شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی 1967، چەندین جار بەرەوڕووی مەرگ دەبێتەوە کاتێک لەلایەن سوپای میسرەوە تانکەکەی دەکرێتە ئامانج. لەو شەڕە بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ئۆکتۆبەری 1973دا کە وڵاتە عەرەبییەکان پەلاماری ئیسرائیل دەدەن، لە جۆلان دەکوژرێ و کوڕ و کچێک لەدوای خۆی بەجێدێڵێ.



### درۆر باراشی

بنەماڵەی باراشی لەنێو کوردی ئیسرائیل بەنێوبانگن. سەرۆکی ڕوحیی کوردەکانی ئیسرائیل ڕابی زەکەریا باراشی کە تەمەنی 113 ساڵە، لە ئۆرشەلیم دەژیت. وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل نێوی 10 کەسی باراشی ڕیزکردووە کە لە جەنگەکانی ئیسرائیلدا کوژراون، درۆر باراشیش یەکێکە لەوان کە ئەفسەرێکی مەیدانی بووە و ساڵی 1995 کوژراوە. دایکی درۆر، سیما، لە کوردستان لەدایکبووە و ساڵی 1951 بەرەو ئیسرائیل کۆچ دەکات. درۆر لە کاستێل گەورە بووە کە شارۆچکەیەکی کوردنشینی دەرەوەی ئۆرشەلیمە. بە منداڵییەکی سەختدا تێپەڕیوە. چالاکوانێکی نێو ڕێکخراوەکانی لاوان بووە، خوێندکارێکی زیرەکی زانستی کۆمپیوتەر بووە.

سیما لە گرووپێکی لۆکاڵی کوردیدا سەمای فۆلکلۆری کردووە. درۆر هەمان ڕێی دایکی دەگرێت و خۆی فێری هەڵپەڕکێی کوردی دەکات، دواتر دەچێتە نێو گرووپێکی کوردی لە ئۆرشەلیم.

کە کاتی پەیوەندیکردنی بە سەربازییەوە دێت، پەیوەندی دەکات بە یەکەیەکی سەربازی کە بەسەختی لەجەنگدا بووە لەگەڵ حیزبوڵڵا، لەو پشتێنە ئەمنییەی کە ئیسرائیل لە باشووری لوبنان دروستی کردبوو.

ڕۆژی 12ی ئۆکتۆبەر کە تەمەنی 22 ساڵ بووە، لە باشووری لوبنان لەگەڵ گرووپێک سەرباز دەردەچن. حیزبوڵڵا بۆمبێکیان پێدا دەتەقێنێتەوە و سێ سەرباز دەکوژرێن کە یەکێکیان ئەو بوو.

وەک هەموو کەمینە جولەکەکانی ئیسرائیل، کوردیش ڕۆڵی خۆی لە بەرگریکردن لە وڵاتدا گێڕاوە. زۆربەی کوڕان و کچان لەتەمەنی 18 ساڵیدا واز لە زانکۆ، گەشتکردن و پێکهێنانی ژیانی هاوسەری دەهێنن بۆ ئەوەی هەمان ڕێچکەی باووباپیریان بگرن، دەبنە سەرباز لە هێزی بەرگریی ئیسرائیل. لەکاتێکدا ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناجێگیر و لە ئاژاوەدایە، پێناچێ ئەم نەریتە بەم زووانە کۆتایی بێت.

# میکایل.. بەدیهێنانی خەونی عاشقێکی دۆڕاو

**ئەلێکساندرا دی ستیفانۆ**
**ڕووداو- بەرشلۆنە**

لەکاتێکدا سینەمای کوردی زیاتر ئامرازێکە بۆ نیشاندان و وەبیرهێنانەوەی ئازار و نەهامەتییەکانی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و تاراوگە، دەرهێنەرێکی کوردی نیشتەجێی کەنەدا کە بەم دواییە یەکەمین فیلمی کوردی بەرهەمهێناوە، پێیوایە خەڵکی کورد تەنیا قوربانی نین.

کوردۆ دۆسکی کە فیلمەکەی بەناوی (میکایل)ە دەڵێ "کورد چیرۆکی زۆری هەیە بۆ گێڕانەوە. دۆسکی کە جگە لە دەرهێنانی فیلمەکە خۆیشی وەکو ئەکتەر بەشداریی تێدا کردووە، دەڵێ "لە فیلمی میکایلدا هەوڵم دا چیرۆکێکی جیهانی باس بکەم کە هەموومان پەیوەندیمان پێوەی هەبێت، ئەویش بیرۆکەی بەدیهێنانی خەونەکانە".

ئەو دەرهێنەرە کوردە لەگەڵ ئەوە نییە کە گەلەکەی تەنیا وەکو قوربانی نیشان بدرێت و دەڵێت "لەڕاستیدا، ئێمە زۆر زیاترین لەوەی تەنیا وەک قوربانی نیشان بدرێین. زۆربەی فیلمە کوردییەکان تەرکیز دەخەنە سەر ئەم لایەنە".

دۆسکی کە تەمەنی تەنیا 30 ساڵ دەبێت، بە (ڕووداو)ی گوت "دەزانم ئەوانە شتی مێژوویی زۆر گرنگن و نابێت هەرگیز لەیادمان بچن، بەڵام هەستدەکەم چەندین چیرۆک و بابەتی دیکەی گرنگمان هەیە".

دۆسکی لە شاری دهۆک لەدایکبووە و لە تەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی چووەتە کەنەدا.

چیرۆکی فیلمەکەی باس لە گەنجێک دەکات کە دوای جیابوونەوە لە عاشقەکەی هەوڵی بەدواداچوون بۆ بەدیهێنانی یەکەم خەونی لەبیرچووی ژیانی دەدات، ئەویش بوونە یاریزانێکی پرۆفێشناڵی تۆپی پێیە. پاڵەوانی فیلمەکە لەتەمەنی 30 ساڵیدا دەگەڕێتەوە شوێنی باوباپیری لە باشووری کوردستان بۆ بەدیهێنانی خەونەکەی.

مارتا ئۆتی، بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ترۆمسۆ لە نەرویج، دەڵێ جێی سەرسوڕمان نییە فیلمێک ژیانی ڕۆژانەی ئێستای باشووری کوردستان نیشان بدات.

ئۆتێ کە ئەزموونێکی زۆری هەیە لە ڕێکخستنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی گوتی "ڕەنگە ئەم فیلمە ڕێچکەیەکی نوێ بێت لە سینەمای کوردیدا کە تێیدا دەرهێنەری فیلمەکان دەیانەوێ ئەزموون و ناسنامەی کورد لایەنی نوێی چیرۆکی فیلمەکانیان بێت".

دۆسکی پێیوایە فیلمەکەی زیاتر لە کوردستان پێشوازی لێدەکرێت، چونکە لەوێ خەڵکی زیاتر تامەزرۆی یاری تۆپی پێن. ئەکتەرانی فیلمەکە کورد و ئەمریکین لەگەڵ چەند یاریزانێکی یانەی دهۆک.

دۆسکی نزیکەی 9 کیلۆ لە کێشی دابەزاند بۆ فیلمەکە، چونکە دەبێت پاڵەوانی فیلمەکە جەستەیەکی بەهێزی هەبێت تا بتوانێ لە تیپەکەدا یاری بکات. لە فیلمەکەدا، ڕاهێنانی یانەکە واقیعییە. هەروەها دیمەنەکانی کۆتایی فیلمەکە لەکاتی ئەنجامدانی یارییەکی پاڵەوانێتیدا گیراوە.

فیلمی میکایل کە لە کوردستان، کەنەدا، ئەمریکا و ئیمارات بەرهەمهێنراوە، هێشتا چەند شتێکی کۆتایی ماوە بەر لە یەکەم بڵاوبوونەوەی. فیلمەکە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر تەواو بوو.

دۆسکی دەڵێت "وەک کەنەدییەکی بە ڕەگەز کورد، زۆرم پێخۆشە فیلمەکە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی تۆرنتۆ و شاری دهۆک نیشان بدرێت".

دۆسکی خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کۆلێژی پەیوەندی و گەیاندنی زانکۆی یولفریدی کەنەدا.

ئێستا دوو پڕۆژە فیلمی هەیە کە سەرنجی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمی ڕاکێشاوە.

دۆسکی گوتی "هەرچەندە لە ئاستێکی باڵادا یاریم کرد، بەڵام لەوبڕوایەدام هێشتا بەتەواوی تێنەگەیشتووم لەو قوربانیانەی کە کەسێک دەبێت بیدات تا بتوانێ لە تیپێکی پلەبەرزدا یاری بکات".





دوو دیمەنی فیلمی (میکایل)


تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە
بۆ فرۆشتن
Empire
Building the Future World
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com


SSANGYONG
Korean Made
msn otomotiv
بە کەمترین جیاوازی لە نرخی نەقدی
لە 30٪ پێشەکی ببە بە خاوەنی ئۆتۆمبێلەکانی سانگ یونگ
بە قیستی مانگانە بۆ ماوەی 3 ساڵ بێ بانك سانگ یونگ بکرە چەندین مۆدیل و ڕەنگی جۆراوجۆر لە مارکەکانی سانگ یونگ ببینە جگە لە خزمەتگوزاری دوای کرین بە گرێنتی (2) ساڵ یا (100.000) کم پارچەی یەدەگی ئەسلی ڕۆن و فلتەر بە خۆرای ڕۆژانە 24 کات ژمێر خزمەتگوزاری لە بەشی چاکردنەوە.
korando SPORTS
REXTON W
NEW korando
هەولێر 0750 3442601 0750 3442602 0750 3442603
سلێمانی 0771 157 4639 0770 6847483
دهۆك 0750 3869652 0750 1976202
کرکوك 0750 1442027 0750 3442605


FALCON GROUP
Falcon Group is a wholly owned and operated Iraq corporation focused on the reconstrction of the Kurdistan region and maintenance of critical infrastructures.
Falcon Group is comprised of several companies, including
Falcon Security
Falcon Construction
Falcon Agriculture
Falcon Oil & Gas
Falcon Batch Plant
Falcon Demining
Falcon German Trading
Falcon Transportation
Falcon Logistics
Full Service
Brayati Construction
Quesco Turbo Machinery Services
Tel: 00964 66 258 6008 - 00964 6 258 6009
Email: info@falconiraq.com
Contct us:
Iraq-Erbil Empire World
Empire Busines Complex C3

ژنان
رووداو
ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23

## بێریڤان نەبووە سەرۆک

**رووداو-کوێلن**

پارتی سەوزی ئەڵمانیا پاشگەزبووەوە لە دانانی ژنێکی کورد بە سەرۆکی یەکێک لە شارەوانییەکانی شاری کوێلنی ئەڵمانیا، بەڵام بڕیاری دا بیکاتە بەڕێوەبەری لقی ئەو حیزبە لە کوێلن. بێریڤان ئەیماز، کە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئەڵمانیا بەربژێری پارتی سەوزی ئەڵمانیا بوو، توانی ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی. هەرچەندە پێشتر پارتی سەوز بڕیاری دابوو بێریڤان یەکێک دەبێت لە چوار سەرۆک شارەوانییەکەی شاری کوێلن، بەڵام لە جیاتی ئەو کەسێکی دیکەی دانا بە ناوی ئەندریاس وڵتەر. بێریڤانیش کرایە بەڕێوەبەری لقی پارتی سەوز لە کوێلن.



**لەسەر مۆبایل دەچنە داڵدەدان و لەوێش لێیان قەدەغە دەکرێت**

# ئەمساڵ لە هەولێر 174 ئافرەت داڵدە دراون

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

ماڵی داڵدەدانی ژنان جەمەی دێت لەو ژنانەی کێشەیان هەیە و تەنیا لە ماوەی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 174 ژن چوونەتە خانەی داڵدەدان، بەڵام تەنیا 15 ژن لەوێ ماونەتەوە و کێشەکانیان چارەسەر نەکراوە.

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر دەڵێت "ژن هەیە کێشەی نەماوە، بەڵام کەسوکاری حاشایان لێکردووە و نازانێت بۆ کوێ بڕوات".

ساڵانە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 500 ئافرەت روو لە خانەکانی داڵدەدانی ئافرەتان دەکەن، ئەو ژنانەی لە داڵدەدانن لە رووی یاساییەوە تاوانبار نین، ئەگەر تاوانبار بن دەنێردرێنە زیندان، بەڵکو هەڕەشەیان لەسەرە.

یەکەم سەنتەری حکومی بۆ داڵدەدانی ئافرەتان لە هەولێر بەناوی سەنتەری نەوا لە 2007/9/18 کرایەوە، لە سێ مانگی ئەو ساڵەدا 75 ئافرەتی وەرگرت، پاشان لە 2008 نزیکەی 150 ئافرەت، لە 2009شدا 163 ئافرەت پەنایان بۆ ئەو سەنتەرە برد.

ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییە، بەڵام هێنان و ناردنەوەی ئافرەتەکان لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانەوە دەکرێت.



### حاشایان لێکراوە

رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، باسی ئەو ماڵەی بۆ (رووداو) کرد.

رائید ژیلەمۆ دەڵێت هەر ئافرەتێک هەڕەشەی لەسەر بێت دەتوانێت لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بچێتە ئەو ماڵە "ئافرەتان لە ماڵی داڵدەدان بەردەوام دێن و دەڕۆن، زۆریان تەنیا 2-3 رۆژ دەمێننەوە، هەندێکیان کێشەکانیان لە رووی یاساییەوە تەواو بووە، وەک خیانەتی هاوسەرگیری، بەڵام متمانەیان بە کەسوکاریان نییە، ناوێرن بچنەوە، ژنیش هەیە کەسوکاری بەو مەرجە لێی خۆشبوون نەگەڕێتەوە ناویان و حاشایان لێکردووە، بۆیە لەوێ ماوەتەوە، هەیە زیاتر لە 2 ساڵە لەوێیە".

بەپێی ئامارەکان کە رائید ژیلەمۆ بۆ (رووداو)ی ئاشکرا کرد "لە ماوەی 5 مانگی رابردوودا 174 ئافرەت چوونەتە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان، زۆربەیان کێشەیان چارەسەر بووەو رۆیشتوون، ئێستا 32 ئافرەت لە داڵدەدانی ئافرەتانی هەولێرن کە 15 لەو ژنانە لە ساڵانی رابردووەوە لەوێن".

### یەکەم کێشە مۆبایلە

رائید ژیلەمۆ ریزبەندی بۆ ئەو کێشانە دەکات کە ئافرەتان دەگەیەنێتە خانەی داڵدەدانی هەولێر "یەکەم کێشە مۆبایلە، هەیە بە دزی دەیکڕێت و لێی دەگیرێت، یان لە رێگەی مۆبایلەوە پەیوەندی دادەنێن، مۆبایل و فەیسبووک کارئاسانی بۆ خیانەتی هاوسەرگیریش دەکەن".

ئافرەتە تەمەن بچووکەکانیش کێشەن کە بە ئاسانی بە شوو دەدرێن و بە ئاسانیش تەڵاق دەدرێن. رائید ژیلەمۆ نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی "کێشەی کچێکی تەمەن 17 ساڵان هاتە لامان کە شووی بە پیاوێکی تەمەن 33 ساڵ کردبوو، گوتیان کە هاتنە داخوازی بە 2 رۆژ رازی بوون و مارە کرا، بە یەک هەفتە گوازرایەوە، دواتر دەرکەوت فێڵیان لێکراوە".

ئەو ئافرەتانەی کێشەیان هەیە، بە بڕوای رائید ژیلەمۆ باشتر ئەوەیە سەرەتا خۆیان و پاشان لە رێگەی کەسی متمانەپێکراوەوە هەوڵی چارەسەری بدەن، پاشان بچنە لای رێکخراوەکانی ئافرەتان "ئەگەر هەر چارە نەبوو، با بێنە لای ئێمە، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمە کێشە بۆ ئەو ژنانە دروستدەکەن کە دەچنە لای پۆلیس".

### "تەڵاقم نادەن"

بەشێک لەو ژنانە بۆ وەرگرتنی مافێکی یاسایی خۆیان روو لە خانەی داڵدەدان دەکەن. رائید ژیلەمۆ دەڵێت "لەو رۆژانە حاڵەتێکمان هەبوو، ژنێک داوای تەڵاقی دەکرد، کەسوکاری ژنەکە و مێردی ژنەکە رازی نەبوون تەڵاق بدرێت، ژنەکە دەیگوت سکاڵام نییە، تەنیا دەمەوێت تەڵاق وەربگرم، تەڵاقم نادەن بۆیە دەمەوێت هەڵێم، ئێمە بردمانە ماڵی داڵدەدان و ئێستا لەوێ ماوەتەوە، رەنگە 6 مانگ لەوێ بمێنێتەوە تاوەکو کێشەکەی یەکلایی دەبێتەوە، چونکە کێشەکانی دادگای باری کەسی کاتی زۆر دەوێت".

ئەو ژن و کچانەی لە ماڵی داڵدەدانی هەولێرن تەمەنیان لە نێوان 16-40 ساڵیدایە، رائید ژیلەمۆ دەڵێت "ئەوانەی دێن زیاتر لە خێزانی هەژارن، لە رووی خوێندنیشەوە زۆربەیان نەخوێندەوار و ئاستی سەرەتایی و ناوەندین، تەنیا 2-3 حاڵەتمان هەبووە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێت".

### مۆبایل قەدەغەیە

ماڵی داڵدەدانی هەولێر لە نێو شارە و رووبەرەکەی نزیکەی 3 هەزار مەتر دەبێت، یەک نهۆمە، ژووری کۆمپیوتەر، وەرزش و کاری دەستی تێدایە، 3-4 ژن پێکەوە لە ژوورێکدان. لەوێ چوونە دەرەوە بۆ پیاسە و هەڵگرتنی مۆبایل نییە، بەڵام دەتوانن تەلەفۆن بکەن. هەر لەوێ شوێنێک هەیە بۆ ئەو ژنانەی دەیانەوێت کەسوکاریان ببینن.

رائید ژیلەمۆ دەڵێت "هەرچەندە ئەوێ زیندان نییە، بەڵام ئەوانەی دێن خۆیان کێشەیان هەیە، رەنگە بە ساڵێک چارەسەر نەبێت، ئەو ژنەش ئارام ناگرێت، زۆر ژن هەیە دەڵێت بکوژرێم باشترە نەک لێرە بم، چونکە رێگەیان نادەن بچنە دەرەوە، بێزار دەبن، یان دەڵێن دەچینە زیندان لێرە باشترە، لەبەر ئەوەی زیندان فراوانترە و باخچەی گەورەتری هەیە، ئێمە لە ترسی کوشتن وامان لێکردوون، ئەوانە هەموویان هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە".

رائید ژیلەمۆ ئاشکرای کرد ئێستا لە دەرەوەی شار خەریکی دروستکردنی ماڵێکی گەورەی داڵدەدانن "دەمانەوێت بچێتە دەرەوەی شار، ماڵێک بە ستایلێکی تازە دروست دەکەین، بۆ ئەوەی ئەوان لەوێ بتوانن کار بکەن و بەرهەمیشیان هەبێت".

### لە داڵدەدان هاتە دەرەوەو کوژرا

ساڵانە حاڵەتی کوشتنی ئافرەت روودەدات کە لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان دەچنە دەرەوە و دەکوژرێن، ئەمساڵ یەک کچ لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان چووەتە دەرەوەو کوژراوە، ئەویش ناوی (ئـ. ع. و) 16 ساڵ بوو، دانیشتووی گەڕەکی 94ی باداوەی هەولێر بوو کە لە 2014/2/27 کوژرا. رائید ژیلەمۆ گوتی "ئەو کچە پێشتر لە ماڵ هەڵاتبوو، کێشەی لەگەڵ پیاوێک هەبوو، ماوەیەک لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان مایەوە، لەوێش کەلوپەل و جامی ئەو ماڵەی شکاند، بۆیە رەوانەی زیندان کرا، بەڵام دادوەر ئازادی کرد، دوای سێ رۆژ لە ئازادکردنی ئەو کچە لەلایەن باوکییەوە لە کاتی خەودا کوژرا".

ئەگەرچی ئافرەت هەیە لە داڵدەدان دەرچووە و کوژراوە، بەڵام رائید ژیلەمۆ دەڵێت "بە سەدان ئافرەت هاتوونەتە داڵدەدان و بێ کێشە چوونەتەوە ماڵی خۆیان، دوای چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان تا 6 مانگ بەدواداچوون بۆ کێشەکەیان دەکەین، تا ژنەکە خۆی دەڵێت چیدی مەیەن و کێشەم نەماوە. ئەو خانەیە زۆر ژنی لە کوشتن رزگار کردووە، بەڵام ناتوانین عەقڵی هەموو خەڵک بگۆڕین".

# کچێکی 15 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو- هەولێر**

کچە قوتابییەک لە نێو ماڵی خۆیان دەخنکێت، بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس دەرکەوتووە ئەو کچە خۆی خنکاندووە، بەڵام هێشتا نازانن هۆکاری خۆ خنکاندنەکەی چییە.

رۆژان عەبدوڵڵا وسو، 15 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی قەسرێی سەر بە شارۆچکەی چۆمان لە رۆژی 2014/6/14 لە نێو ماڵەکەی خۆیاندا خۆی خنکاند، بەڵام تاوەکو ئێستا پۆلیس بۆی روون نەبووەتەوە ئەو کچە بۆچی خۆی خنکاندووە، کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە.

خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان لە پەرەسەندندایە، زۆربەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن گەنجن.

رائید خۆشەوی تەها، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سۆران، بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند رۆژان قوتابی بنەڕەتی بوو "بە دەسماڵەکەی خۆی خنکاندووە، کاتێک بینیویانە گیانی لەدەستداوە، بۆیە کاتێک پۆلیس چوونە شوێنی رووداوەکە نەیانتوانی ئیفادەی وەربگرن، بەڵام شوێنی خۆهەڵواسین و مێز و دەسماڵەکەی لەوێ بوو، دیاربوو خۆی خنکاندبوو. شوێنەواری خۆ خنکاندن بە جەستەیەوە دیار بوو".

وەک رائید خۆشەوی دەڵێت، تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادی هەولێر کرا، بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی خنکانی "بەپێی زانیارییەکان لە کاتی رووداوەکە باوک و کەسە نزیکەکانی لە ماڵ نەبوون، تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆخنکاندنی دیار نییە، لەبەر سەرقاڵبوون بە پرسەوە ئیفادەی باوکی وەرنەگیراوە، ئەو کچە دایکی نەماوە و زڕدایکی هەیە، کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە، بۆیە کەس نەگیراوە".

بە بڕوای رائید خۆشەوی، بۆ خۆکوشتن بچووکیی تەمەن کاریگەری زۆری هەیە، چونکە "ئەوان کامڵ نین و زۆر شت بەخێرایی کاریان تێدەکات، چاو لە شتێکی خراپ دەکەن، تەنانەت فیلمەکان و راگەیاندنیش کاریگەری خراپیان دروستکردووە، قوتابی هەبووە دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان کە بەدڵی نەبووە خۆی کوشتووە".

کۆمەڵناس شوان عەزیز پێیوایە هۆکاری سەرەکی خۆکوشتنی هەرزەکاران هەڵچوونە "کێشەی سەرەکی ئەو هەرزەکارانە ئەوەیە زۆربەیان کەس نازانێت بۆ خۆیان دەکوژن، رەنگە هۆکارێکی زۆر بچووک بێت و لە دڵی خۆیان بیهێڵنەوە، هەرزەکارەکان دڵیان ناسکە، زۆر شت کاریان تێدەکات، بەڵام ئەگەر لە هەوڵی خۆکوشتنەکەیان رزگاریان بێت و نەمرن، لەو کارەیان پەشیمانن".

هەر ئەمساڵ لە شارۆچکەی سۆران حاڵەتی دیکەی خۆکوشتن و سووتان هەبووە، وەک خۆسووتاندنی کچێک بە ناوی (ش.ن.م) 24 ساڵ، کە دوای ئەوەی کوڕێک چووە داخوازی خۆی سووتاند، لە بەرامبەردا برایەکی ئەو کچە لە 2014/5/19 باوکی ئەو کوڕەی کوشت، کە هاتبووە داخوازی.

هەر لەو هەفتەیە هەواڵی خۆسووتاندنی ژنێک لە ناحیەی قەسرێ بڵاوبووەوە، بەڵام رائید خۆشەوی رەتیکردەوە هیچ حاڵەتێکی خۆسووتاندن لەو ناحیەیە لەو ماوەیە رووی دابێت.

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سەرەتای 2014ەوە لە سۆران لە نووسینگەوە بووە بەڕێوەبەرایەتی، 75 کارمەندیان هەیە، ئێستا دوو نووسینگەی لە چۆمان و سۆران هەیە و بۆ هەردوو شارۆچکەی رەواندز و مێرگەسۆر بنکەی پۆلیس لێکۆڵینەوە دەکات و ئەوانیش بەدواداچوون دەکەن.



ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23

## گەنجێک خۆی فڕێدایە خەرەندی ڕواندز



**ڕووداو- سۆران**

ڕۆژی 2014/6/18 گەنجێکی دانیشتووی قەزای چۆمان بە ناوی (ە.غ) تەمەن 23 ساڵ، خۆی لە خەرەندی ڕواندز فڕێدایە خوارەوەو گیانی لەدەستدا. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی سۆران، ئەو گەنجە کاژێر 5ی ئێوارە خۆی فڕێداوەتە خوارەوەو یەکسەر گیانی لەدەستداوە، پاشان هێزەکانی بەرگری شارستانی سۆران تەرمی ئەو گەنجەیان دەرهێناوە، کەسوکاری دەڵێن، (ە) نەخۆشی دەروونی هەبوو.

# بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ کوشتنی کچەکەی دەستگیر دەکرێ



(س) بەدەستی مێردی خوشکەکەی بەچەقۆ بریندار کرا (فۆتۆ: ڕووداو)

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

لە قەزای ڕانیە باوکێک بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵەوە و بە چەقۆ پەلاماری کچەکەی دەدات، بەڵام پووری کچەکە خۆی دەداتە بەر چەقۆکە و ملی بریندار دەبێت. ئێستا ئەو پیاوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە.

شەوی 2014/6/20 لە قەزای ڕانیە، کچێکی تەمەن 37 ساڵ بەناوی (س.ئا.م) لەلایەن مێردی خوشکەکەی بەناوی (هـ.م) بە چەقۆ بەسەختی بریندار دەکرێت.

(س) بە (ڕووداو)ی گوت "مێردی خوشکەکەم هەوڵی دا کچە 14 ساڵانەکەی بەر چەقۆ بدات، من لە دەرەوە لەناو کێشەکەدا بووم، بەڵام لەکاتی وەشاندنی چەقۆکەدا لە خۆشەویستیم بۆ کچە خوشکەکەم خۆم بەر چەقۆکە داو چەقۆیەک بەر ملم کەوت".

ئەو کچە دوای ئەوەی چارەسەری پێویستی لە نەخۆشخانەی ڕانیە بۆ کرا، سکاڵای لەسەر خوشکی مێردەکەی تۆمار کرد. (س) گوتی "مێردی خوشکەکەم زۆر خراپە لەگەڵ خوشکم و منداڵەکانی، زۆریش ڕقی لە منە چونکە پارێزگاری لە خوشکەکەم دەکەم، تەنانەت جارێکیان هەوڵی دا بمفڕێنێت، بەڵام من خۆم لە ئۆتۆمبێلەکەی فڕێدایە خوارەوە".

هاوسەری تۆمەتبارەکەش باسی کێشەی مێردەکەی کرد و گوتی "مێردەکەم زۆربەی شەوان بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، هەرچی پارەی پەیدای دەکات بە قومار و خواردنەوە دەیدۆڕێنێت، تاوەکو ئێستا چەند جارێک ئۆتۆمبێلەکەی ژێر خۆی دۆڕاندووە.

ئەو ژنە دەڵێت بە ڕێکەوت ئەو پیاوەی ناسیوە و شووی پێکردووە. گوتیشی "ئەو پیاوە چەند جارێک هەوڵی کوشتنی منی داوەو بە چەقۆ و دارو سۆندە لێیداوم".

هاوسەری تۆمەتبارەکە زیاتر باسی ژیانی خێزانەکەی کرد و گوتی "جگە لە بێبەرنامەیی، بەشێکی ئاژاوەکانی ناو خێزانەکەمان لەوانەیە خراپی باری ئابووریمان بێت، ئەویش بەهۆی قومار و خواردنەوەی مێردەکەمە".

ڕائید مستەفا محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت شەوی 20/ 6/ 2014 لە قەزای ڕانیە کچێکی تەمەن 37 ساڵ بەناوی (س.ئا) بەدەستی زاواکەیان بەرچەقۆ دەدرێت و ملی بەسەختی بریندار دەکرێت.

دواتر تۆمەتبارەکە بە فەرمانی دادوەر بە ماددەی 413 لەیاسای سزادانی عێراق دەستگیر کراوەو تا 29/ 6/ 2014 ڕاگیراوە لەسەر سکاڵای بریندارە تاوانلێکراوەکە. گوتیشی "پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە و بەدواداچوونی تەواو دەکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری ڕاستەقینەی ڕووداوەکە بۆ پۆلیس ڕوون نەبووەتەوە".

# دوای 4 سەعات بەرەنگاری لەگەڵ پۆلیس دەستگیردەکرێ

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو- ڕانیە**

تۆمەتبارێکی ڕاکردوو لە دەست یاسا کە تۆمەتبارە بە کوشتن و بریندارکردنی باوک و کوڕێک لە شاری ڕانیە، نزیکەی 4 کاژێر شەڕ لەگەڵ پۆلیس دەکات، ئینجا دەستگیر دەکرێت.

دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر تاوانێکی کوشتن و بریندارکردن لە ڕانیە، پۆلیس تۆمەتبارەکەیان لە قەڵادزێ دۆزییەوە، بەڵام کاتێک ویستیان دەستگیری بکەن، تۆمەتبارەکە لێیان هاتە دەست و 4 کاژێر شەڕی پۆلیسی کرد، ئینجا دەستگیر کرا.

ڕۆژی 2011/11/18 لە ناو بازاڕی ڕانیە لەسەر ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل لە بەردەم دوکانێکی فرۆشتنی فەرش، کێشە کەوتە نێوان شۆفێرێک و خاوەنی دوکانەکە. لە ئەنجامدا شۆفێرەکە تەقە لە خاوەنی دوکانەکە (خدر ئەحمەد) و کوڕەکەی (حەسەن خدر) دەکات، بەوهۆیەشەوە حەسەن گیان لەدەست دەدات و خدریش بریندار دەبێت و دواتر قاچێکی دەبڕدرێتەوە.

قوربانیەکانی ئەو ڕووداوە سکاڵایان هەیە لەسەر تۆمەتبارەکە و دوای دەستگیرکردنیشی پەیامنێری (تۆڕی میدیایی ڕووداو) سەردانی ئەو خێزانەی کرد کە لە ڕووداوەکە بوونە قوربانی. بەڵام ئامادە نەبوون قسە لەسەر ئەو کێشەیە بکەن.

لە کاتی ڕووداوەکە فەرهاد عەبدوڵڵا، برازای خدر بە (ڕووداو)ی گوتبوو "خدری مامم لەناو بازاڕی قولە لە ڕانیە دوکانی فەرشفرۆشی هەیە، لەگەڵ حەسەنی کوڕی بەیەکەوە لە دوکان بوون، کەسێک بەناوی (ع.پ) کە ئۆتۆمبیلێکی تویۆتای پێیە و کاری گواستنەوەی کەلوپەلی ماڵان دەکات، لەبەردەم دوکانی مامم ئۆتۆمبیلەکەی ڕادەگرێت و مامم پێی دەڵێت بە یارمەتیت لێرە ڕایمەگرە بارم بۆ دێت، بەڵام ئەو کاردانەوەی ناشیرینی هەبووە و دەنگە دەنگە ڕوودەدات لەنێوانیان".

وەک فەرهاد باسی کرد، ئەوکات دوکاندارەکان کۆتاییان بە کێشەکە هێنابوو، بەڵام (ع) دوای 20 خولەک جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بەردەم دوکانەکەی خدر "ئەو پیاوە یەکسەر دەستی بە تەقەکردن کرد، سەرەتا تەقەی لە حەسەن کردبوو فیشەکێک بەر ناوکی کەوتبوو، بەهۆی سەختیی برینەکەی و تووشبوونی بە خوێنبەربوون، لە نەخۆشخانەی ڕانیە گیانی لەدەستدا، مامیشم 6 فیشەک بەر جەستەی کەوت".

بە درێژایی ئەو ماوەیە تۆمەتبارەکە کە بڕیاری گرتنی لەلایەن پۆلیسەوە هەبوو، خۆی حەشاردابوو، تاوەکو لەو ڕۆژانەدا زانیاری گەیشتە دەست پۆلیس کە تۆمەتبارەکە لە شارۆچکەی قەڵادزێ بینراوە.

ڕائید مستەفا محەممەد، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین لەبارەی دەستگیرکردنی ئەو تۆمەتبارە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو تۆمەتبارە نزیکەی 3 ساڵ بوو خۆی حەشاردابوو، تاوەکو ڕۆژی 2014/6/19 زانیاریمان پێگەیشت کە هاتووەتە گەڕەکی ئاشتی لە قەڵادزێ، بۆیە مەفرەزەمان بۆ دەرکرد تاوەکو دەستگیری بکەن، بەڵام تۆمەتبارەکە بۆ ماوەی چەند کاژێرێک تەقەی لە مەفرەزەکەی پۆلیس کرد، دواتر بەبێ زیان توانیمان دەستگیری بکەین و دەست بەسەر چەکەکەیدا بگرین".

ئەو تۆمەتبارە کە بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچووبوو، بەپێی قسەی پۆلیس لە قەڵادزێ لە ماڵێک خۆی حەشاردابوو.

ڕائید مستەفا گوتی "جگە لەو تۆمەتبارە کەسی دیکە لەو ماڵە دەستگیر نەکراوە کە خۆی تێدا حەشاردابوو".



دیمەنێک لە دەستگیرکردنی تۆمتبار (ع.پ) لەلایەن پۆلیس



# دادگایەکی بەریتانی بە مەرج منداڵێک دەداتەوە باوکە کوردەکەی

**هارڤی مۆریس**
**ڕووداو- لەندەن**

بڕیاری دادوەرێکی بەریتانی ڕێگە بە باوکێکی کوردی تاراوگەنشین دەدات کوڕە 7 ساڵانەکەی کە لە بەریتانیا لەدایکبووە، بباتەوە کوردستان و ژیانێکی نوێ دەستپێبکات. بڕیارەکە دوای ئەوە دێت کە دایکە ئینگلیزەکەی منداڵەکە و ماڵی ئەوان ناڕازی بوون لە بردنەوەی منداڵەکە بۆ کوردستان.

بڕیارەکە دوای لێکۆڵینەوەی شارەزایان هات، دوای ئەوەی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەو منداڵە لە شوێنێکی ئارامدا دەبێت و پێویستییەکانی خوێندنی بۆ دەستەبەر دەکرێت.

سێ لە خزمانی باوکەکە لە ڕێگەی ڤیدیۆوە لە هەولێرەوە بەڵگەیان پێشکەشی دادوەر کرد و دادوەریان دڵنیاکردەوە کە منداڵەکە لە کوردستان باش پەروەردە دەکرێت.

دوای سێ ڕۆژ دانیشتن لە دادگای باڵای میدڵسبۆرۆ لە باکووری بەریتانیا، دادوەر بڕیاری دا منداڵەکە بداتە (د.ە) کە لە تەمەنی 15 ساڵیدا و لەساڵی 2002 گەیشتووەتە بەریتانیا و داوای مافی پەنابەری کردووە.

منداڵەکە (ل.د) لە ساڵی 2006 لەدایکبووە، ئەمەش تەنیا دوای یەک ساڵ لە پەیوەندییەکی ناجێگیری نێوان باوکەکە و دایکە ئینگلیزەکەی، ئەوان هەرگیز هاوسەرگیرییان نەکردووە.

ناسنامەی کەسەکان بە نهێنی هێڵدرایەوە بۆ پارێزگاریکردن لە ژیانی تایبەتیی منداڵەکە. یاسای بەریتانی بۆ پێدانی منداڵ بە دایک یان بە باوک، تەنیا جەخت دەکاتە سەر ژیان و گوزەرانی منداڵەکە، چ لایەک بۆ منداڵەکە باشە. یاسا گوێ بە ویست و خواستی دایک و باوک نادات.

دادوەر، جەستس کاب، بۆی دەرکەوت کە منداڵەکە ژیانێکی سەختی هەبووە، ساڵێک لە ماڵێکی دیکە ژیاوە دوای ئەوەی کە دەرکەوت دایکەکە گرنگی بە منداڵەکە نادات لە ڕووی سۆزەوە. دایک و باوکی منداڵەکە پێش لە دایکبوونی منداڵەکە لە یەکدی جیاببوونەوە. لە کاتی لە دایکبوونی منداڵەکەدا باوکی منداڵەکە لەگەڵ پەنابەرێکی دیکەدا لە باکووری بەریتانیا لە خانوویەکدا دەژیا. لە ساڵی 2011 باوکەکە وڵاتینامەی بەریتانی پێدرا.

منداڵەکە لە ساڵی 2010 وە زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ باوکیدا بەسەر دەبات و مامۆستاکانی بە "منداڵێکی خنجیلانەی ڕووخۆش" وەسفی دەکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا منداڵەکە وا دەردەکەوت کە کێشەی فێربوونی هەیە. ئەو زمانی کوردی و ئینگلیزی بەتەواوەتی دەزانێت، ئەمانە بە دادوەری دادگاکە گوتران لە کاتی دانیشتنەکەدا.

دادوەر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دایکی منداڵەکە و باوانی دایکەکە، هەرچەندە پەیوەندیەکی زۆرباشیان لەگەڵ منداڵەکە هەیە، بەڵام کێشەی شەخسییان هەیە و ناتوانن بەپێی پێویست ئاگایان لە منداڵەکە بێت، ئەگەر ئەو منداڵە لە بەریتانیا بمێنێتەوە. باوکەکە سوورە لەسەر گەڕانەوەی بۆ هەولێر بۆلای ژنە نوێیەکەی کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ساڵی 2011 لە ئێران مارەی بڕیوە. ئەو نەیتوانیوە ڤیزای بەریتانی بۆ ژنەکەی دابین بکات، لەبەرئەوە ژنە نوێیەکە ناتوانێت بچێت بۆ لای باوک و کوڕەکە لە بەریتانیا. لە ڕاپۆرتە 15 لاپەڕەییەکەیدا دادوەر دەربارەی باوکەکە دەنووسێت "لە کاتی پێدانی بەڵگەی زارەکی، دەرکەوت ئەو پیاوە شەکەت بووە بەدەست کێشەی خێزانییەوە".

باوکەکە زۆربەی بەڵگەکانی بە کوردی خستە پێش دادوەر و لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە دادوەر گوێی لە بەڵگەکان بوو. بەڵام بە ئینگلیزیش قسەی کرد بۆ ئەوەی پیشانی دادگای بدات کە دەتوانێت بە ئینگلیزی لەگەڵ کوڕەکەی قسە بکات و توانای زمانی ئینگلیزی منداڵەکە بپارێزێت.

دادوەرەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێت "من بۆچوونێکی باشم لا دروست بووە سەبارەت بە باوکەکە و بەڵگەکانی سەرنجڕاکێش بوون". ئەو هەروەها دەڵێت "باوکەکە پیشانی دا کە ئەو بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بەرپرسیارێتییەکانی دەکات وەکو باوک. "

دادوەر هەروەها دەنووسێت "ڕوون بوو کە باوکەکە خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ بەریتانیا هەیە و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پارێزگاری لە وڵاتینامەکەی بکات و پەیوەندی خۆی بە وڵاتەکەیەوە بپارێزێت".

باوکەکە لە خواردنگەیەکی فاست فوود کار دەکات، بەڵام ئێستا لە هەولێر برایەکی بەڵێنی کارێکی پێداوە. براکەی بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی پێداویستی و کەوانتەری چێشتخانەیە.

باوکەکە و کوڕەکەی بە نیازن لە مانگی تەمووز، واتا کۆتایی ساڵی خوێندن لە بەریتانیا بەرەو کوردستان بگەڕێنەوە. منداڵەکە هەر لە ئێستاوە شوێنێکی لە یەکێک لە خوێندنگەکانی هەولێر بۆ دابینکراوە، لەوێ مامی جێگری بەڕێوەبەری خوێندنگەکەیە.

# پسپۆڕانی بیانی گەنجانی کورد و عەرەب فێری پاراستنی شوێنەوار دەکەن

**کیرا والکەر**
**ڕووداو- هەولێر**

ژن و پیاو، کورد و عەرەب، موسڵمان و مەسیحی، سوننە و شیعە لە هەموو سووچێکی عێراقەوە دێنە ئەو شوێنە کە بووەتە مەنزڵگەی چەندین نەتەوەو باکگراوندی جیاواز. سەرەڕای جیاوازیەکانیان هەموویان هەمان جۆش و خرۆش و ئارەزوویان هەیە بۆ پاراستنی ئەو شوێنەی کە بە یەکێک لە کۆنترین شارستانییەتەکانی جیهان دادەنرێت.

لەو کاتەی یەکەمین وانەی پاراستنی شوێنەوارە کۆنەکان بۆ هەشت قوتابی لە خانوویەکی بچووکی شارۆچکەی عەنکاوە پێشکەشکرا لە پایزی 2009، پەیمانگای عێراق بۆ پاراستنی پارچەی عەنتیکە و شوێنەوارە کۆنەکان فراوان بووە بۆ هاریکارییەکی نێودەوڵەتی بەناوبانگ کە مەرامەکەی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپووری دەوڵەمەندی عێراق و کوردستانە.

شارەزایان لە سەرتاسەری جیهانەوە دێنە هەولێر بۆ مەشقکردن بە کارمەندانی مۆزەخانە و شوێنەوارەکان لە سەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستان و ئاشناکردنیان بە تەکنیکی پاراستنی ئەو شوێنەوارانە.

کۆنترین شارستانیەت و کەلتووری مرۆڤایەتی، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەوییە وشک و کەمبارانەکانی عێراق، بەڵام هەمان ئەو زەوییانە بەهۆی جەنگە یەک لەدوای یەکەکانەوە رووبەڕووی کاولکاری بوونەتەوە.

لەناوچوونی چەندین پارچە شوێنەواری کۆن لە نیسانی 2003دا لە ئەنجامی تاڵانکردنی مۆزەخانەی نیشتمانیی بەغدا لەکاتی پرۆسەی ئازادیی عێراق، گەیشتە لوتکە. هەڵمەتی تاڵانکردنەکە کەمتر لە 48 سەعاتی خایاند، بەڵام لەو ماوەیەدا نزیکەی 15 هەزار پارچە شوێنەواری کۆن دزران. ئەو مۆزەخانەیەی کە سەردەمێک بە شوێنەوار و پارچە بەنرخەکانی سەردەمی میزۆپۆتامیا ناسرابوو، رووبەڕووی لەناوچوون و بە




نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر (فۆتۆ: ڕووداو)

تاڵانبردن بووەوە.

لەئەنجامی ئەم لەناوچوونە و تێگەیشتن لەوەی کە پاراستنی شوێنەوار بەشێکی سەرەکییە لە بنیاتنانەوەی عێراق، بیرۆکەی دامەزراندنی سەنتەرێکی راهێنانی درێژخایەن لە ناو وڵاتدا لەدایکبوو.

"ئامانجی سەرەکی پەیمانگاکە زیادکردنی توانا و بەهرەی ئەو کەسانەیە کە لە بواری پاراستنی شوێنەوارە کۆنەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاردەکەن". ئەمە قسەی برایان لیۆن، بەڕێوەبەری پەیمانگای عێراقییە بۆ پاراستنی ئەنتیک و شوێنەوارەکان کە بەبڕوای ئەو عێراق یەک نەوە لە دواوەیە لە بواری هەڵگرتن و پاراستنی شوێنەوارەکان بەشێوەیەکی زانستیانە.

قوتابیان کە لە پارێزگاکانی عێراقەوە دێن بۆ بەشداریکردن لەو کۆرسانە، بەشێوەیەکی سەرەکی کارمەندن لە بۆردی ئەنتیک و شوێنەواری عێراق و هەرێمی کوردستان.

لیۆن تێبینی کردووە کە پرۆگرامەکانی کۆلیژی شوێنەوار لە زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هیچ وانەیەک لەسەر پاراستنی ئەو پارچە شوێنەوارانەی جووڵەیان پێدەکرێ و پاراستنی بیناو شوێنەوارە کۆنەکان پێشکەش ناکەن "پێویستیی هاتنی ئێمە لێرەدا دەردەکەوێ. ئەو بۆشاییانە پڕدەکەینەوە کە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی وڵاتەکەدا هەیە". لیۆن وایگوت.

پاش هاتنە کایەی بیرۆکەی دامەزراندنی پەیمانگای عێراقی، بەخشینی بودجەیەکی باش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە رێگەی دا کە بینای کتێبخانەی پێشووی هەولێر بکرێتە پەیمانگایەکی دەوڵەتی بۆ خوێندنی هونەری و سەنتەرێک بۆ راهێنانی ئەو کەسانەی لە بواری پاراستنی شوێنەواردا کاردەکەن.

"لێرە هاریکارییەکی زۆرباش هەیە لە نێوان هەموو لایەن و دامەزراوەکاندا بۆ کۆکردنەوەی ئەو کەسانە". ئەمە قسەی دکتۆر نانسی ئۆدیگاردە کە سەرۆکی پرۆگرامی پاراستنی شوێنەوارە لە زانکۆی ئەریزۆنا و بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ویلایەتی ئەریزۆنایە.

پەیمانگاکە کۆمەکی دارایی لە چەند شوێنێک وەرگرتووە وەک باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و پەیمانگای گێتی و خەڵکی ئاسایی.

ئۆدیگارد گوتی "پەیمانگاکە زۆر ناسراوە لە بواری پاراستنی شوێنەوار، بۆیە بوونی سەنتەرێک کە هەموو پێداویستییەکان لەخۆبگرێت، کارئاسانی دەکات بۆ ئەو مامۆستایانەی دێن بۆ وانەگوتنەوە بۆ ماوەیەکی کورت".

ئێستا پەیمانگای عێراق بۆ شوێنەوارەکان، کۆرسی درێژخایەن پێشکەش دەکات لە بواری چاودێریکردن و پاراستنی پارچە شوێنەوارییەکانی ناو مۆزەخانە. هەروەها ژمارەیەک کۆرسی کورتخایەن لە بواری پلاندانان لە کاتی کارەسات و رێکخستنی پارچە شوێنەوارە کۆکراوەکان و رێکخستنی گەنجینەکان و چەند کۆرسێکی دیکە پێشکەش دەکات.

"قوتابیەکان بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی مەشقیان پێدەکرێت". لیۆن گوتیشی "قوتابیەکان تینوون بۆ ئەو زانیاریانە و بەپەرۆشن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستانداردە نێودەوڵەتیانەی کە فێربوون لەو شوێنانەی کاری لێدەکەن."

جێسی جانسن، بەڕێوەبەری ئەکادیمیی پەیمانگای عێراقی بۆ شوێنەوار دەڵێت چەند شارەزایەک لە ویلایەتی ئەریزۆناوە هاتوون بۆ گوتنەوەی کۆرسی کورتخایەن لەسەر رێکخستنی پارچە کۆکراوە شوێنەوارییەکان، چونکە کەشوهەوای وشکی ویلایەتی ئەریزۆنا لە کەشوهەوای عێراق دەچێت.

---



# بەمزووانە کەنەدا لەهەولێر ڤیزا دەداتە هاووڵاتیان

**تێسا مانوێلۆ**
**ڕووداو- مۆنتریال**

برونۆ ساکۆمانی، باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق لە کۆبوونەوەیەکی بازرگانیدا لە شاری مۆنتریالی کەنەدا بە ئامادەبووانی گوت کە ئاڵۆزییەکانی عێراق چانسێکە بۆ کەنەدا تا باشتر لە دۆخی عێراق تێبگات و زیاتر گرنگی بە کاروباری عێراق بدات. ساکۆمانی لە کۆبوونەوەکەی شاری مۆنتریال کە رۆژی 15ی ئەم مانگە ئەنجوومەنی بازرگانی عێراقی-کەنەدی بۆ ئەو و کاربەدەستانی دیکەی کەنەدی لە عێراق رێکیخستبوو، گوتی "ئەمە هەلێکە بۆ حکومەتی کەنەدا تا بەو راستییە بگات کە بۆچی ئێمە پێویستە زیاتر گرنگی بە عێراق بدەین".

لەگەڵ زیادبوونی توندوتیژییەکانی ئەم دواییە و داگیرکردنی هەندێک لە شارەکانی عێراق لەلایەن داعشەوە و هەوڵی بەردەوامی ئەوان بۆ گەیشتن بە بەغدا، پێدەچێت هەڵبژاردنی ئەم کاتە بۆ ئەوەی باس لە بازرگانیکردن لە عێراق بکرێت کاتێکی باش نەبێت، بەڵام هێشتا نزیکەی 50 نوێنەری کۆمپانیا کەنەدییەکان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. هەروەها باڵیۆزی عێراق لە کەنەدا، عەبدولڕەحمان حەمید ئەلحوسەینی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو.

ساکۆمانی هەروەها گوتی کە "ئەو ئاڵۆزیانەی ئێستا لە عێراق سەریانهەڵداوە ئەوە پێشاندەدا کە کەنەدا پێویستە بوونێکی بەهێزی لە عێراق هەبێت بۆ پشتگیریکردن لە خەڵکی عێراق تا ئاشتی و سەقامگیری و بەرەوپێشچوون وەدەست بێنن".

دەربارەی هێرشەکانی داعش باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق گوتی "ئەم پیاوکوژانە بۆشاییەکانی ئامادەنەبوونی ئێمە بۆ گەشەسەندنی خۆیان دەقۆزنەوە. ئەوان کاتێک گەشە دەکەن کە ئێمە کار لەگەڵ عێراق نەکەین، نەک ئەو کاتەی کە بەتەواوی هەماهەنگی لەگەڵ عێراق دەکەین".

عێراق ئێستا دووەم گەورەترین هاوبەشی دوو سەرەی بازرگانی کەنەدییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. زۆر هەلی بازرگانی دیکە بەڕێوەیە بە تایبەتی دوای ئەوەی کە عێراق پلانە یەک تریلیۆن دۆلارییەکەی لە وەبەرهێنانی ژێرخانی ئابووریدا جێبەجێ دەکات.

"من لە 10 مانگی رابردوودا، 10 جار چوومەتە عێراق. بە چاوی خۆم ئەو هەلە زۆر و زەوەندەی ئابووری و بازرگانیم بینیوە". ساکۆمانی ئەوەشی روونکردەوە کە خۆی و تیمەکەی کاری زۆریان کردووە بۆ ئەوەی بازرگانە کەنەدییەکان هەلی بازرگانی لە عێراق ببیننەوە.

دوای ئەوەی کە کەنەدا باڵیۆزخانەی خۆی لە بەغدا کردەوە و هەروەها ئۆفیسی نوێنەرایەتی بازرگانی لە هەولێر کردەوە، ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکات کە ئۆفیسێک لە بەسرەش بکاتەوە. دوای سەرکەوتنی سەردانێکی بازرگانی بواری نەوت و گاز لە مانگی شوباتی رابردوودا بۆ عێراق، ئێستا کار لەسەر رێکخستنی سەردانی دیکەی هاوشێوەی ئەو سەردانە دەکرێت بۆ ئەوەی بواری پەروەردە، بیناسازی، کشتوکاڵ، خزمەتگوزاری دارایی و کەرتی ئاسایش و کەرتەکانی دیکە بەسەر بکرێنەوە. لە چەند هەفتەی داهاتوودا، کەنەدا ئۆفیسی پێدانی ڤیزا لە هەولێر و بەغدا دەکاتەوە بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ پەیوەندی خەڵک و بازرگانی بکرێت.

هێشتا کەنەدا زەنگی چۆڵکردنی عێراقی بۆ هاووڵاتیانی کەنەدی نیشتەجێی عێراق لێنەداوە. سێ کۆمپانیای نەوت و گازی کەنەدی لە کوردستان کار دەکەن. هەروەها کۆمپانیای SNC-Lavalin ئۆفیسی لە بەسرە هەیە.

ساکۆمانی دەڵێت "ئێستا عێراقییەکان داوای کاڵای کواڵیتی بەرز و خزمەتگوزاری بە کواڵیتی دەکەن، ئامادەن پارەی زیاتر بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بدەن ئەگەر دڵنیا بکرێنەوە لەوەی کوالیتی شتەکان باشە".

بە وتەی کاربەدەستان، کەنەدا پێیوایە دەتوانێت هاوکاری بنیاتنانەوەی عێراق بکات هەروەکو چۆن لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا هاوکاری عێراقی کرد. لەبەرئەوەی کەنەدا وەکو وڵاتێکی دۆست و خاوەن بەهای بەهێز دەبینرێت و عێراقییەکان پێیان خۆشە لەگەڵ کۆمپانیا کەنەدییەکان کار بکەن.

"ئەمە سوودێکی گەورەی بۆ ئەو کەنەدیانە هەیە کە دەیانەوێت بچنە نێو بازاڕەکانی عێراقەوە". ساکۆمانی دەڵێت "کەنەدا تایبەتمەندییەکی ناوازەی هەیە".

---

سەرتیپ ئاغا

# ئاسایشی خۆراک.. تەحەددایەک لەبەردەم هەمواندا

دوای ئەوەی زانکۆم تەواو کرد، ئاواتی ئەوەم دەخواست بتوانم ببمە خاوەنی پرۆژەیەکی ستراتیژی تەواوی کێڵگەی پەلەوەر. هەرچەندە ئەوکاتە ئەمە تەنیا ئاواتێکی تاکەکەسی بوو، بەڵام دوای ئەوەی خەڵکی وڵاتەکەمان بە چەند قۆناغێکی دژواردا تێپەڕین، ئەم ئاواتە بوو بە پێداویستییەک بۆ هەمووان.

سەرەتا بە ئاشێکی دانەوێڵەی پەلەوەر دەستمانپێکرد کە دانەوێڵەی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کێڵگەکانی ناوچەکە فەراهەم دەکرد. دواتر وردە وردە پرۆژەکە فراوان بوو بۆ پرۆژەیەکی تەواوی کێڵگەی پەلەوەر کە دەکەوێتە باشووری شاری هەولێر و ئێستا نزیکەی 25%ی پێداویستیی پەلەوەر بۆ عێراق دابین دەکات.

ئێستا ئەم پرۆژەیە بەشێکە لەو هەوڵەی کە دەدرێت بۆ بوژاندنەوەی وڵاتەکەمان کە بەهۆی شەڕ و ئاژاوەوە وێران بووە.

خۆم و هاوەڵەکانم لە بواری کەرتی تایبەتی خۆراکدا بڕیارماندا کارێکی ناوازە بکەین. بڕیارماندا کۆڵەکەکانی کەرتی خۆراک بنیادبنێین، لەبەرئەوەی ئێجگار گرنگن بۆ ئەوەی عێراق بگەڕێتەوە دۆخی پشتبەخۆبەستن و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ و کەمکردنەوەی هاوردە.

بۆیە هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی عێراق و بوژانەوەی ئابووریی کوردستان بەبێ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک کامڵ نابێت و سەقامگیری وڵاتەکەش بەرقەرار نابێت.

ئەو هەوڵەی من دام دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسییە کە بەشێک نییە لە پلان، یان سیاسەتکارێکی تێروتەسەل بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک لە وڵاتێکدا کە بەردەوام لە بەردەم ناسەقامگیریی سیاسیدایە.

لەوانەشە هۆکارێکی ئەو ناسەقامگیرییە نەبوونی ئاسایشی خۆراک بێت کە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر سەقامگیری و ئاسایش و ئابووریی وڵاتەکەمان.

بۆ نموونە، یەکێک لە فاکتەرەکان لە مێژووی سیاسیماندا هەمیشە بریتی بووە لە پشتبەستن بە وڵاتانی دراوسێ. دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک ئەم پشتبەستنە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە و گەرەنتی سەربەخۆییەکی سیاسی زیاترمان بۆ دەکات.

زۆربەمان دژواریی رۆژانی گەمارۆی ئابووری ساڵانی نەوەتەکانمان لەیادە لە دوای جەنگ، ئەوەی کە بارودۆخەکەشی دژوارتر کرد، نەبوونی پشتگیری و هاوکاری بوو بۆ کەرتی کشتوکاڵ. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئاسایشی خۆراک پێویستی بە هەوڵی فرەلایەنە هەیە لەلایەن حکومەت و بازرگان و وەبەرهێنەران و هاووڵاتیانەوە.

دەبێت دەسەڵاتداران جەخت لەسەر پشتگیریکردنی بەرهەمی خۆماڵی بکەنەوە لەپێناو دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک. هەروەها دەبێت پەرلەمان یاسا و ڕێسای تایبەت بە پاراستنی وەبەرهێنەر و بزنسی ناوخۆ دەربکات تاوەکو رێخۆشکەر بێت بۆ سەرهەڵدان و بوژانەوەی بزنسی جیاجیا لە کەرتی خۆراکدا، بەتایبەت پرۆژە ستراتیژییەکان.

هەروەها دەبێت حکومەت هانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بدات لە رێگەی دابینکردنی هاریکاری دارایی و تێپەڕینی یاسا و ڕێسای تۆکمە کە لە خزمەتی بەرهەمی خۆراکی ناوخۆییدا بێت. لەمەش زیاتر، دەبێت زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنرێت بۆ سازدانی گفتوگۆ و راوێژکاری بەردەوام لەنێوان نوێنەرانی کەرتی تایبەت و حکومەتدا لەپێناو دارشتنی پلان و سیاسەتکاری هاوردەنی و باج و هاریکاریی کەرتی خۆراک و هتد.

بەبێ ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا، زەحمەتە هەردوولا بتوانن پێکەوە کاربکەن و بەشداربن لە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریی وڵاتدا بەشێوەیەکی کاریگەر.

سەرەڕای ئەمەش، رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ بوژانەوەی بزنس ئێجگار گرنگە بۆ گەشەسەندنی کەرتێکی تایبەتی تۆکمە تاوەکو ببێتە هۆی رەخساندنی هەلی کار و بەهێزکردنی بزنسی بچووک و پتەوکردنی توانای مرۆیی ناوخۆیی.

هەموو ئەم فاکتەرانەش ئێجگار گرنگن بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی تەندروست و پتەو کە تەنیا پشت بە کار و مووچەی حکومەت نەبەستێ. لەمەش زیاتر، ئەم هاریکارییە بەبێ هۆشیاری و بەشداریی خەڵک بە برەودان و پشتگیریکردنی بەرهەمی ناوخۆیی کامڵ نابێت. دەبێت هەموومان ئەوەمان لەیادبێت کە کڕینی شمەکی ناوخۆیی ئاسایشی خۆراک بۆ نەوەکانی داهاتوو دەستەبەر دەکات.

***سەرتیپ ئاغا، دامەزرێنەر و جێبەجێکاری گشتی کۆمپانیای ئەلشیمال هۆڵدینگ.**

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (315) دووشەممە 2014/6/23

## هیلاری کتێبێک بڵاودەکاتەوە



**ڕووداو- العرب**

وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلینتن هەفتەی ڕابردوو نوێترین کتێبی خۆی بەناوی "هەڵبژاردنێکی سەخت" بڵاوکردەوە کە دەیان ملیۆن دۆلار داهاتی هەبووە. کتێبەکەی هیلاری باس لە ئەزموونی چوارساڵ کارکردنی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا چەند نهێنییەکی تایبەت بە خۆی و باراک ئۆباما بڵاودەکاتەوە کە چەندین جار کێشە کەوتووەتە نێوانیان بەهۆی کشانەوەی ئەمریکا لە هەردوو شەڕی عێراق و ئەفغانستان و پرچەککردنی ئۆپۆزیسیۆنی سووری، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت ئۆباما زۆرجار ڕێزی لە بۆچوونەکانی گرتووە.

# کوردێک سەرتۆپی سێ وڵاتانە



**ڕووداو- دوسلدۆرف**

هونەرمەندێکی گەنجی کورد سەرنجی ئەوروپییەکان ڕادەکێشێت و لەسەر ئاستی سێ وڵات بە یەکێک لە باشترین هونەرمەندەکان دیاری دەکرێت.

حوسێن کۆکسەجەن، 26 ساڵ، دانیشتووی ئەڵمانیا کە ناوە هونەرییەکەی (KC Rebell)ە، هەفتەی ڕابردوو ئەلبوومەکەی بە ناوی (Rebellution) لەلایەن کەناڵی میوزیکی (MTV) وەکو ئەلبوومی هەفتە دەستنیشان کرا.

ئێستا (KC Rebell) لە تۆپی میوزیکی ئەڵمانیادا یەکەمە، لە سویسرا دووەمە و لە نەمساش سێیەمە. لە ئەڵمانیا (KC Rebell) وەکو ئەستێرەیەکی نوێی میوزیکی ڕاپ باس دەکرێت. حوسێن کە ئێستا لە شاری ئیسنی ئەڵمانیا دەژیت، خاوەنی چەند ئەلبوومێکی گۆرانییە لەوانەش (دەردۆ دەردۆ) و (کوردستان). ئەلبوومە نوێیەکەشی کورتکراوەی هەردوو وشەی "Rebell" و "Revolution"ە، واتە "سەرهەڵدان و شۆڕش".

# قەیران دڵی لای پێشمەرگەیە



**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی باکووری کوردستان شەریف قەیران سەرقاڵی ئەلبوومێکی گۆرانییە، بەڵام چاوەڕێی سپۆنسەرێکی باش دەکات. دەشڵێت دڵم هەر لای پێشمەرگەیە.

شەریف قەیران لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لە باکووری کوردستانەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا ئەلبوومەکەم کە لە 15 تراک پێکهاتووە ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، تەنیا چاوەڕێی سپۆنسەرێکی باش دەکەم، لەبەر ئەوەی کارێکی زۆر جیاوازم کردووە".

گوتیشی "ئەلبوومەکەم بەشێوەزاری کرمانجی و سۆرانی و زازاییە، هەروەها دوێتێکی تێدایە لەگەڵ گۆرانیبێژ جان سەڤەر، زۆربەی ئاوازەکانی هی خۆمن و هەندێکیش فۆلکلۆرن".

شەریف گوتی "هەمیشە دڵم لای پێشمەرگەیە، بۆیە گۆرانییەکی نیشتیمانیشم بۆ ئەوان گوتووە".



# کۆنسێرتێکی کوردی لە کوێت


**میوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گەنج موکریان ئەبوبەکر لەگەڵ گرووپێکی کۆراڵی عێراقی چەند گۆرانییەکی کوردی لە کوێت پێشکەش کرد.

موکریان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی ڕابردوو کۆنسێرتێکمان لە کوێت سازکرد کە بەناوی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی وڵاتانی عەرەبی بوو، لەگەڵ گرووپێکی کۆراڵی عێراقی بەشداریمان کرد بەناوی تیور دیجلە کە لە سوید دامەزراوە، چەند گۆرانییەکی کوردی و عەرەبیمان پێشکەش کرد".

موکریان گوتیشی "ئەم گرووپە لە 28 کچ پێکهاتووە، جگە لە چەندین میوزیکژەن. زۆربەی گۆرانی و میوزیکەکانی ئەم گرووپە فۆلکلۆرییە و هەوڵدەدات گۆرانییە کۆنەکان زیندوو بکاتەوە".

# وریا ئەحمەد دەچێتە فەرەنسا



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی میوزیکژەن وریا ئەحمەد بەنیازە لەگەڵ گرووپەکەی بۆ ئاهەنگێکی گۆرانی و میوزیکی کوردی بچێتە فەرەنسا.

وریا ئەحمەد لە ئاهەنگی ڕۆژی میوزیک کە لە هەولێر بەهاوبەشی لەگەڵ گرووپێکی فەرەنسی سازکرابوو، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە مانگی ئابی داهاتوو بۆ سازکردنی کۆنسێرتێک بچینە هەرێمی بریتۆن لە فەرەنسا. گرووپەکەمان کە بەناوی دەنگەکانە لە ژەنیاری کورد فەرەنسی پێکهاتووە".

وریا ئەحمەد دەڵێت "نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوان میوزیکی کوردی و میوزیکی ئەو هەرێمە هەیە، ساڵی پاریش داوەتی ئەوان بووین، کاتێک گوێمان لە گۆرانیەکانیان بوو، هەندێکیان دەقاودەق تامی گۆرانی کوردییان دەدا. بریتۆن تاکە هەرێمە لە ئەوروپا کە لە میوزیکدا چارەکە تۆن بەکاردەهێنن وەک میوزیکی کوردی".

# سینەمای کوردی دەبێتە میوانی فێستیڤاڵی قاهیرە

**ڕووداو- هەولێر**

بۆ یەکەمجار لە مێژووی فێستیڤاڵی سینەمای میسری بەشێکی تایبەت بۆ فیلمە کوردییەکان تەرخان دەکرێت، ئەمەش بەپێی پرۆتۆکۆڵێکی نێوان وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان و میسر.

شاخەوان مستەفا، بەڕێوەبەری سینەمای هەولێر لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە وەک وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان پرۆتۆکۆلێکمان لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریی میسری واژۆ کردووە کە ئاڵوگۆڕی چالاکییەکانمان لەگەڵ یەکدی بکەین و بەشداری فێستیڤاڵە جۆراوجۆرەکانی میسر بکەین".

سەمیر فەرید سەرۆکی فێستیڤاڵی قاهیرە ڕاگەیاند "لە خولی 36 مین فێستیڤاڵی سینەمای نێودەوڵەتیی قاهیرە کە بڕیارە لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوو ببەسترێ، میوانداری فەخریی فیلمی کوردی دەکرێت و بەشێکی تایبەت بە ناوی سینەمای کوردی دەکرێتەوە".






# شاکیرا: شوو بە پیکێ ناکەم

**ڕووداو- ئاژانسەکان**


ئەستێرەی جیهانی شاکیرا بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهانی ئاشکرا کرد کە بەنیاز نییە لەگەڵ پیکێ هاوسەرگیری بکات.

شاکیرا لە کاتێکدا ئەم قسانەی کرد کە دەزگیرانەکەی سەرقاڵی یاریکردن بوو، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا گوتی " ئێستا ژیانمان زۆر خۆشە و هیچ پێویست بەوە ناکات هاوسەرگیری بکەین، لەبەر ئەوەی هەموو شتێکمان هەیە، ڕۆحێکی هاوبەشمان هەیە و یەکدیمان زۆر خۆشدەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵێکمان هەیە".

شاکیرا ئاماژەی بەوەش کرد کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بەفەرمی هیچ لە ژیانی ئەوان ناگۆڕێت، بەم شێوەیەی ئێستا زۆر شادومانن و خەریکی پەروەردەکردنی منداڵەکەیانن و ڕۆژانە شتی نوێی فێر دەکەن.

# بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
چەند خۆت لە دوودڵی دووربخەیتەوە ئەوەندە تەندروستیت باشتر دەبێت و بڕیارەکانت دروست دەبن. کاتێکی زیاترتان لەبەردەست دەبێت بۆ گرنگیدان بە خێزان. چەند دەتەوێت بە هێمنی کاربکەی، بەڵام دوای حەزی ناخت دەکەویت بۆ پەلەکردن.

**گا**
ڕەنگە هەندێک لەکەسانی چواردەورت هەست بەخەمباری بکەن، بەڵام تۆ دەتوانی بەقسە و پشتگیرییان دڵخۆشیان بکەیت. واباشە ئاگاداری هەموو گوتەکانت بیت، نەوەک بەزەرەرت بشکێتەوە. دیداری هاوڕێ دێرینەکان دەتخاتەوە نێو یادەوەرییەکانی ڕابردوو.

**جمک**
چالاکییەکانت زۆربوون، بە ئەنجامی کارەکانت دڵخۆش بە، چونکە لەم دۆخەدا هەرئەوەندە بەدەست دێت. لە ئێستا بەدواوە هەموو هەوڵەکانت بۆ دەستکەوتی ماددی بەگەڕ بخە، لەو بوارەدا سەرکەوتنی گەورە بەدەستدێنی و بەخت یاوەریت دەبێت.

**قرژاڵ**
لەم هەفتەیەوە تیشکی هەتاو دێتە بورجەکەت، هێز و توانایەکی باشت دەبێت بۆ جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی کارەکانت، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی زۆرەوە هەندێک لە شتە گرنگەکان لەیاد دەکەیت، ئەگەر کەسێک هاوکاری کردیت لەیادی مەکە. ئاگاداری دەربڕین و قسەکانت بە.

**شێر**
دەتەوێ هەموو کارەکان بەخێرایی بگەنە ئەنجام، بەڵام چەند جارێک خێرا دەبێت و ماوەیەکی درێژ خاو دەبێتەوە، ئەم ماوەیە دەتوانی چەند پلانێکی نوێت هەبێت و لە داهاتوودا جێبەجێیان بکەیت. دەست لەپرۆژە گرنگەکانت هەڵمەگرە و لە بڕیارەکانت پەشیمان مەبەرەوە.

**گوڵەگەنم**
هەرچەندە ئەستێرەکەت لەگەڕانەوەدا دەبێت، بەڵام دەتوانی کاتێک بۆ گرنگیدان بەخۆت و تەندروستیت دابنێی، پشوویەک بدە و پاشان بیرۆکەکانت ڕێکبخەرەوە. دەتوانی لەگەڵ گرووپێک یان ڕێکخراوێکی نوێ کاربکەیت یان ببیتە ئەندامێکی نوێ.

**تەرازوو**
دۆخەکە وەک خۆی بەردەوام دەبێت بێ ئەوەی گۆڕانکاری گەورەی تێدا ڕووبدات، بەڵام دیدارەکانتان زۆر دەبێت، بەرنامە باشەکانی ژیانت لەیاد مەکە، چونکە بەدڵنیایی لەکاتێکدا دەگەنە ئەنجام. گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بدە.

**دووپشک**
چەند لەگەڵ هاوکارەکانت لەکارکردن هاوکاری یەکتر بکەن ئەوەندە سەرکەوتووتر دەبن. کاتێکی باشە بۆ کارەکانت، بەڵام هەوڵ مەدە فشار بخەیتە سەر بەرامبەرەکەت بۆ ئەوەی کارەکان بە ئارەزووی تۆ بەڕێوە بچن. بۆ سۆزداری کاتێکی باشە.

**کەوان**
نزیکەکانت پێویستیان بەهاوکاریت دەبێت، چالاکیەکانت زۆر دەبن، کارەکان ڕێچکەیەکی باشیان وەرگرتووە و هەنگاوی گەورە دەنێن، بەڵام کاتی باش و گونجاو بۆ جێبەجێکردن هەڵبژێرە. دەرگاکانی بەختەوەری بەسەرتاندا دەکرێنەوەو گۆڕانکارییەکان کتوپڕ دەبن.

**کارژۆلە**
واباشە هەندێک لەپلانەکانت بەنهێنی بهێڵیتەوە هەتا کاتی جێبەجێکردنیان دێتە پێشەوە، پرسیار دەربارەی هەر شتێک بکەیت وەڵامێکی باشت دەستدەکەوێت. کاتێکی باشە بۆئەوەی هەوڵەکانتان لەباری دەرامەت چڕبکەنەوە و بەختیش هاوکاریتان دەکات.

**سەتڵ**
واباشە کاتی زیاتر بەو کارانە ببەخشیت کە دەبنە ڕووناکی بۆ داهاتووی ژیانت، خۆت لە ململانێ و گرفت بەدوور بگرە. لەلایەن هاوڕێیەک یان کەسێکی نزیک هاوکاری دەکرێی. ئێستا کاتی قسەکردن و خەیاڵ نییە، کاتی ئەوەیە بەچالاکییەکانت وەڵام بدەیتەوە.

**نەهەنگ**
هەمیشە دەتوانی پارێزگاری لەوشتانە بکەیت کە پێشتر ماندووبوونت بۆ کێشاون. پێویستە بڕیارێک یەکلایی بکەیتەوە ئەمەش ڕاڕاییت بۆ دروست دەکات، بەڵام پێویست ناکات بترسیت. ئەو پرۆژانەی خۆتان بۆ ئامادە کردووە تەنها دەسپێکیان قورسە پاشان ئاسانتر دەبن.

# کێڵگەی کەرکووک و بەستنەوەی بە هێڵی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە


(فۆتۆ: AFP)

**عومەر ئەحمەد***

پاش ئەوەی کە سوپای عێراق شاری کەرکوکی چۆڵ کرد و هێزەکانی پێشمەرگە تێیدا جێگیرکران، زۆربەی میدیاکانی جیهان باس لە قورسایی سەنگی کورد دەکەن لە بەردەوامبوون لەسەر هەناردەکردنی نەوت و بەرزکردنەوەی بڕی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

لە کۆنفرانسی نەوت و گازی 2014 ی عێراق لە لەندەن، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان بە نیازی بەستنەوەی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووکە بە هێڵی هەناردەکاری نەوتی هەرێمی کوردستانەوە.

بەوپێیەی کە ئەوە بۆ چەندین مانگە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێی هێڵی کەرکووک-جەیهان وەستاوەو بە دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانەش کە ئەو هێڵەی پێدا تێپەڕ دەبێت لەلایەن هێزەکانی داعشەوە، بە کردەیی هیچ ئاسۆیەک بۆ بەکارخستنەوەی ئەو هێڵە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەدی ناکرێت.

بە کۆنترۆڵکردنی تەواوی شاری کەرکووک و کێڵگەکانی نەوتی ئەو پارێزگایە لەلایەن کوردەوە، چیدی هیچ ڕەخنەیەک نامێنێت لەسەر هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

کۆنترۆڵکردنی شاری کەرکووک لەلایەن کوردەوە سەنگی هەرێمی کوردستانی قورس کردووە و دەتوانێت دەستی باڵای هەبێت بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت و بەرزکردنەوەی ئەو ڕێژەیە.

بەرپرسانی کورد بەردەوام ڕایانگەیاندووە کە مەبەستیان لە گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ ئەوە نییە سامانە سروشتییەکەی بخەنە بندەستی خۆیان. کەرکووک چەقی خەباتی سیاسی و چەکداری کورد بووە لە چەندین دەیەی ڕابردوودا و گرنگییەکی سیمبۆلیکی بۆ کورد پەیدا کردووە تا ئەو ڕادەیەی کە بێ کەرکووک، هەرێمی کوردستان بە پێکهاتەیەکی ناتەواو ئەژمار دەکرێت.

سەرەڕای ئەوەش، ناکرێت دەوڵەمەندی و گەورەیی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک و ڕۆڵی سامانی سروشتی دەوڵەمەندی ئەو پارێزگایە بۆ کوردستان لەبەرچاو نەگیرێت.

کێڵگەی کەرکووک پاش 70 ساڵ لە بەرهەمهێنانی نەوت، هێشتا توانای ڕۆژانە بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە ئەگەر نۆژەنبکرێتەوە، هەرچەندە بەهۆی چەندین ساڵ شەڕ و نائارامی توانای ئەو کێڵگەیە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت کەمی کردووە.

بەهۆی خراپ بەکارخستنی ئەو کێڵگەیە لەلایەن ڕژێمی پێشوو، زیانی زۆر گەورەی بەرکەوتووە. یەکێک لەو کارە هەڵانە کە لەو کێڵگەیە کراوە، تێکردنەوەی نەوتی ڕەش بووە. نزیکەی 1.5 ملیار بەرمیل نەوتی ڕەش لە کێڵگەی نەوتی کەرکووک تێکراوەتەوە کە زیانی جددی گەیاندووە بەو کێڵگەیەو کواڵیتی نەوتەکەی دابەزاندووە. پێش ساڵی 2003 و دەسپێکی "ئازادیی عێراق"، ڕۆژانە 900 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە.

پاش 2003 ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکووک بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمی کردووە بۆ ڕۆژانە 250 تا 300 هەزار بەرمیل، زۆرجاریش بەهۆی تەقاندنەوەی هێڵی کەرکووک- جەیهان، هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک پەکیکەوتووە.

پاش کۆنترۆڵکردنی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، سەرکردەکانی کورد چەندین جار ڕایانگەیاندووە کە پێشمەرگە لەو ناوچانە ناکشێتەوە.

بەوپێیەش بێت، دەبێت هەر لە ئێستاوە بیر لە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک و بەستنەوەی کێڵگەکانی بە هەرێمی کوردستانەوە بکرێتەوە.

بەچاوخشاندنێک بە نەخشەی بیرە نەوتەکانی کەرکووک و بۆڕییەکانی نەوتی ئەو کێڵگەیە، دەردەکەوێت لکاندنی ئەو کێڵگانە بە هێڵی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە کارێکی کردەییە و لەڕووی تەکنیکییەوە ئەستەم نییە.

هێڵی نەوتی هەرێمی کوردستان، کێڵگەی تەقتەق کە یەکێک لە کێڵگە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنەری نەوتی کوردستانە، دەبەستێتەوە بە کێڵگەی خورمەڵە لە نزیک هەولێر و بەتێکەڵبوونی نەوتی تەقتەق لەگەڵ نەوتی خورمەڵە، تێکڕای ئەو نەوتە دەڕواتە سنووری پێشابوور و لەوێشەوە تێکەڵی نەوتی کێڵگەی تاوکێ دەکرێت و ئینجا دەگوازرێتەوە بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا.

دەکرێت نەوتی کەرکووک لە خورمەڵە گرێبدرێت بە هێڵی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە، بەو کارەش نەتەنیا لەڕێی خەباتی هێزەکانی پێشمەرگەوە گەڕاندنەوەی خاکی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان گەرەنتی بووە، تەنانەت سامانە سروشتییەکەشی لەڕێی هێڵی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێ.

دوای نۆژەنکردنەوەی کێڵگەی کەرکووک، دەکرێت بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگەیە تا چەند ساڵی دیکە بۆ سەرووی 600 هەزار بەرمیل بەرزبکرێتەوە. بەوجۆرەش ئەگەر هەرێمی کوردستان ئەندام بایە لە ڕێکخراوی ئۆپێک، ئەوا پلەی سێیەمی ناو ڕێکخراوەکەی بەدەستدەهێنا لەڕووی توانای هەناردەکردنەوە.

***پسپۆڕی نەوت**

---

## سکاڵاکەی عێراق لەدژی تورکیا ساڵ و نیوێکی پێویستە

# کوردستان دەتوانێت تا 18 مانگی دیکەش نەوت بفرۆشێ

**تێسا مانوێلۆ**
**ڕووداو- پاریس**

شارەزایانی یاسای بازرگانی دەڵێن هەوڵەکانی بەغدا بۆ ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی خاوی کوردستان بۆ تورکیا ئەنجامێکی خێرای نابێت. هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بەردەوامە سەرەڕای شەڕی یاسایی لەسەر هەناردەکردنی و شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لەدژی سوپای عێراق.

مانگی ڕابردوو عێراق سکاڵایەکی لە دژی تورکیا تۆمار کرد، بۆ ئەوەی تورکیا هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوروپا ڕابگرێت بەپاساوی ئەوەی کە کۆمپانیای بۆتاشی تورکی بە شێوەیەکی "نایاسایی" ڕێگەی بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، لەکاتێکدا کە پێویستە یەکەمجار ڕەزامەندیی بەغدا وەربگیرێت.

لەو سکاڵایەدا کە لە ژووری بازرگانیی جیهانی لە پاریس تۆمارکراوە، بەغدا داوای 250 ملیۆن دۆلار قەرەبوو دەکات. لە بەیاننامەیەکدا وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند کە بە وەرنەگرتنی ڕەزامەندیی وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان، تورکیا ڕێککەوتننامەی بۆڕییە نەوتەکانی ساڵی 1973ی نێوان عێراق و تورکیای پێشێل کردووە.

هەرچەندە ڕەنگە ئەو سکاڵایە کاریگەری گەورەی لەسەر هەولێر هەبێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ناخزێتە نێو داوا یاساییەکە، چونکە سکاڵاکە لە نێوان حکومەتی عێراق و تورکیادایە، بەپێی گوتەی نەبیل ئەنتاکی، کاربەدەستی پێشووتری ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی.

ئەنتاکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەتاوەکو ئەو کاتەی بڕیارێک دەردەچێت لەلایەن ژوورەکەوە، هەناردەکردنی نەوت بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچێت".

ئەنتاکی کە لە مۆنتریالی کەنەدا دەژی، شارەزای بواری کێشەی بازرگانیی ئەوروپا- عەرەبییە. ئەو دەڵێت "زۆربەی کێشە یاساییەکان کە دەگەنە ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی، 18 مانگیان پێدەچێت تا یەکلایی دەبنەوە".

شارەزا یاساییەکە دەڵێت ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە کە دادگایەکی عێراقی فەرمان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات هەناردەی نەوتەکەی ڕابگرێت، بەڵام ئەوە گریمانەیەکی دوورە و بڕیاری دادگایەکی عێراقی دادگای نێودەوڵەتی ناچار ناکات پەیوەست بێت پێیەوە.

ڕۆژی 15ی حوزەیران، تانەر یڵدز، وەزیری وزەی تورکیا ڕایگەیاند، بارهەڵگرێک کە نەوتی کوردستانی عێراقی بار کردووە، بەندەری جیهان لە 22ی حوزەیران بەجێدەهێڵێت، بەڵام شوێنی مەبەستی ئاشکرا نەکرد.

هەرچەندە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای توندوتیژی و سکاڵای یاسایی بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەگەر بڕیاردرا تورکیا ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و عێراقی پێشێل کردووە، دەکرێت ئەنجامەکان کاریگەری خراپیان لەسەر بازرگانیی نەوتی هەرێمی کوردستان هەبێت. عێراق دەڵێت کە هەموو مامەڵەیەکی نەوت پێویستە لە ڕێگەی حکومەتی مەرکەزییەوە بێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت بەپێی دەستوور بۆی هەیە مامەڵە بە نەوتی خۆی بکات.

بە وتەی ئەو شارەزایە، سکاڵاکە تەرکیزی لەسەر ئەوەیە کە ئایا تورکیا ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی پێشێل کردووە یان نا. ئەو سکاڵایە بڕیار لە دەستووریبوون و یان نەبوونی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان نادات. هەروەها بڕیار لە شەرعیبوون یان نەبوونی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەسەر نەوتی کوردستانەوە نادات.

ئەنتاکی دەڵێت "لێکۆڵەرەوانی سکاڵاکە دەسەڵاتی ئەوەیان نییە تانە لە شەرعیەتی دەستووری عێراقی بدەن. تەنیا دەتوانن بڕیار لەسەر کێشەکە بدەن".

ئێلیسۆ کاستینێرا پارێزەرێکی دانیشتووی پاریس کە پێشتر کاری لەسەر کەیسەکانی ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی کردووە لە ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەم لێکۆڵینەوەیەدا پرسی ئەوەی کە کوردستان بەرپرسە لە بەرامبەر عێراق یان نا، ناخرێتە بەرباس، بەڵکو لە گرێبەستی نێوان تورکیا و عێراق دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بزانرێت مافی ڕێککەوتنی عێراق پێشێل کراوە یان نا، ئیدی ئەمە پەیوەندی بە کوردستانەوە نییە".

کاستینێرا دەڵێت لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکە یەکەمجار دەبێت لەوە بکۆڵێتەوە کە ئایا کۆمپانیای بۆتاش لایەنە لە لێکۆڵینەوەکەدا، ئینجا کار لەسەر بڕیاردانی ئەوە بکات کە ئایا عێراق مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە یان نا.

بە ناوهێنانی کۆمپانیای بۆتاش و حکومەتی تورکیا، عێراق ئەگەری قەرەبووەکەی خۆی زیاد کردووە. ئەگەر تورکیا لە هاوردەکردنی نەوتی کوردستان بەردەوام بێت و دواتر دەرکەوت کە تورکیا مافی عێراقی پێشێل کردووە، ئەوکات بڕی قەرەبووی عێراق زیاتر دەبێت، چونکە بڕی هاوردەی نەوت زیاترە. حکومەتی عێراقی داوای لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کردووە نەوتی هەرێمی کوردستان نەکڕن. هەروەها هەڕەشەی ئەوەی کردووە کڕیارانی ئەو نەوتە کە عێراق بە نەوتی "دزراو و قاچاخ" ناوی دەبات، ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەکاتەوە.

بەڵام هەرێمی کوردستان لای خۆیەوە کڕیاران و گوێزەرەوانی نەوتەکەی دڵنیا کردووەتەوە کە ڕێگە نادات عێراق دەست لە کاروباری هەناردەکردنی نەوتی کوردستان وەربدات.

کاستینێرا دەڵێت "کڕینی ئەو نەوتە لە تورکیا ڕەنگە پێچەوانەی ڕێککەوتنی نێوان عێراق و کۆمپانیا بیانییەکان بێت، ئەگەر ڕێککەوتنی لەو جۆرە هەبێت".


(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

---

## ڕاوێژکارێکی مالیکی:

# ئاشتی هەورامی بە ژمارە و داتا چاوبەستی کردین

**هارڤی مۆریس**
**ڕووداو- لەندەن**

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستان، گوتی چەند کەشتییەکی دیکە لە بەندەری جەیهانی تورکی کە نەوتی هەرێمی کوردستانیان بارکردووە، کڕیاریان هەیە و دەگوازرێنەوە.

هەورامی لەکاتی پێشکەشکردنی وتەیەکدا لە کۆنفرانسی نەوتی عێراق لە لەندەن، جەختی لەوە کردەوە کە ئەو نەوتە لەڕێی بۆڕییەکانی نەوتی کوردستانەوە ڕەوانەی تورکیا کراوە.

یەکەم بارهەڵگری نەوتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی گوشارەکانی واشنتن و بەغدا لەسەر کڕیارەکان، بۆ ماوەیەک لە دەریای ناوەڕاست و زەریای ئەتڵەنتیکدا سووڕایەوە.

کۆنفرانسەکەی لەندەن لەژێر ناوی (ستراتیژیی نێودەوڵەتی بۆ بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوت و غاز لە عێراق) لە ڕۆژانی 16-2014/6/18 بەڕێوەچوو.

بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق، ڕەنگە فشار لەسەر هەرێمی کوردستان کەمبووبێتەوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەک لە کۆنفرانسەکەی لەندەن بەدی نەکرا کە قەیرانەکە زۆری بۆ بەغدا و هەولێر هێنابێت بۆ سازشکردن و ڕێککەوتن لەسەر هەناردەکردنی نەوت.

هەورامی ڕایگەیاند "تازە ناگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە بەغدا هەرکاتێک بیەوێت کارتی سوور بەکاربهێنێ".

هەورامی شانبەشانی سامر غەزبان ڕاوێژکاری نوری مالیکی بۆ کاروباری وزە دانیشتبوو. غەزبان هەڵوێستی حکومەتی بەغدای تەئکید کردەوە کە دەبێت هەموو نەوتی عێراق لە ڕێگەی حکومەتی فیدراڵەوە بفرۆشرێ "وەک ئەوەی لە دەستووری عێراقدا هاتووە".

بەڵام هەورامی گوتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق سەلماندیان کە مەرکەزیەت بۆ عێراق چارەسەر نییە و دەبێت حکومەتی بەغدا مل بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهات بدات. ئەو گوتی "بەغدا دەستوور پێشێل دەکات کە ڕێگە بە هەرێمی کوردستان نادات سەرچاوەکانی وزەی خۆی کۆنترۆڵ بکات".

هەورامی حکومەتی ناوەندی تۆمەتبار کرد بە سەپاندنی یاسای نەوت و غازی سەردەمی سەدام حوسێن "بەبۆچوونی ئێمە، یاساکانی سەدام ڕەوایەتییان نەماوە".

ئاشتی هەورامی پاساوی بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان هێنایەوە و گوتی "بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، لە 17%ەوە بووەتە 10% و ئەمساڵیش بووە 0%.

گوتیشی کە کوردستان فێڵی لێکراوە لەڕووی بەکارهێنانی وزەی ناوخۆییەوە. لە ڕابردوودا 10%ی وەردەگرت، بەڵام ئێستا کەمبووەتەوە بۆ 3%. هەرێمی کوردستان دوو پاڵاوگەی ناوخۆیی دروستکردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کورتهێنانە.

هەورامی گوتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پێداویستیانە پڕ دەکاتەوە، بەغداش با هەر هاوار بکات".

وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاشکرای کرد ئێستا ڕۆژانە هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات و لە کۆتایی ئەمساڵدا ئەو بڕە دەگەیێننە 400 هەزار بەرمیل. گوتیشی کە سیاسەتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان وەک خۆی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ڕێککەوتن لەسەر 17%ی بەشی کوردستان دەکرێت و بەشە بودجەی خۆیان لە حکومەتی عێراق وەردەگرن.

بەڵام غەزبان وەڵامی دایەوە کە هەورامی "بەو ژمارانە ئامادەبووان چاوبەست دەکات". مەبەستی لە ئامادەبووان بەرپرسانی بەریتانی و ئەمریکی و بەڕێوەبەرانی ژمارەیەک کۆمپانیای نەوت بوو، بەڵام کۆک بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە بەغدا و هەولێر پێکەوە کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

ئەوە هەمان تێڕوانینی ئامۆس جەی هۆچێستن، جێگری بەڕێوەبەری وزە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش بوو. ئەو داوای لەلایەنەکان کرد سازش و دانوستاندن بکەن لەکاتێکدا کە عێراق لە دووڕیانێکی نادیاردایە "خەڵکی عێراق پێویستیان بەوەیە کە سەرکردەکانیان پێکەوە دابنیشن و چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ ناکۆکییەکانیان بدۆزنەوە".

هەروەها جێرمی گرین ستاک، دیبلۆماتێکی بەریتانی خانەنشین کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی وەزاری لە کۆنفرانسەکەی لەندەن کرد، گوتی قەیرانی ئێستای عێراق گومانی ئەوەی زیاد کردووە کە عێراق توانای هەبێت وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە "تەنیا ترووسکایی هیوایەک ئەوەیە ناوچە نەوتییەکانی باشوور و باکوور لەو ناوچانە نین کە جەنگ تێیاندا پەرەی سەندووە".

# سلێمانی تەنیا 5 پزیشکی پسپۆڕی فریاکەوتنی هەیە

سەروەر سالار و ڕۆژان ئەبوبەکر
ڕووداو- سلێمانی

پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتنی سلێمانی دەڵێن ئەو نەخۆشخانانە لۆدێکی زیاد لە قەبارەی خۆیان لەسەرە. پزیشکێک دەڵێت سیستمی فریاکەوتنی تەندروستی لە سلێمانی هێندە ئاڵۆزە ئەگەر پزیشک نەبیت نازانیت لەکاتی ڕوودانی حاڵەتی کتوپڕدا ڕوو لە کام فریاکەوتن بکەی.

دکتۆر ئومێد عەلی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی نەشتەرگەری سلێمانی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ئەم نەخۆشخانەیە تەنیا بەشی سلێمانی دەکات و بەرگەی ئەو هەموو لۆدە ناگرێت کە لە دەرەوەی شارەکەوە لە سەریەتی".

بە گوتەی ئەو پزیشکە پسپۆڕەی فریاکەوتنی نەشتەرگەری، ڕۆژانە زیاتر لە 1000 کەس سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی نەشتەرگەری سلێمانی دەکەن کە نزیکەی 125 کەسیان لانیکەم بۆ ماوەی 24 سەعات دەمێننەوە و 30-40 کەسیان پێویست دەکات نەشتەرگەری کتوپڕیان بۆ بکرێت. وەک دکتۆر ئومێد گوتی، جگە لە گرفتە هونەرییەکان، گرفتی کادری مرۆییش هەیە "چونکە لە پارێزگای سلێمانی تەنیا 5 پزیشکی پسپۆڕی فریاکەوتن هەن کە سێیان لە ناو شارن و دووەکەی دیکەش لە دەرەوەی شارن".

د.ڕێکەوت حەمەرەشید، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە کەمکردنەوەی ئەو لۆدە لەسەر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گوتی "بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارە، کار لەسەر کردنەوەی بەشی فریاکەوتن دەکەین لە نەخۆشخانەی شار (400 قەرەوێڵەیی)".

### تەنیا پزیشک سەری لێدەردەکەن

دکتۆر سەروەر عارف ستار، بەڕێوەبەری کردە پزیشکییەکانی سلێمانی، دەڵێت جگە لە بچووکیی نەخۆشخانەی فریاکەوتن، پێکهاتەی یەکەکانی فریاکەوتنیش زۆر ئاڵۆزە. ئەویش بە جیاکردنەوەی فریاکەوتنی نەشتەرگەری، فریاکەوتنی هەناوی و بووژاندنەوەی دڵ و فریاکەوتنی منداڵان و فریاکەوتنی ژنان و منداڵبوون.


نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی
( فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان )

بە بۆچوونی ئەو پزیشکە "نەخۆش زۆرکات نازانێت ئەو حاڵەتەی هەیەتی پەیوەندی بە کام بەشەی فریاکەوتنەوە هەیە، مەگەر ئەو نەخۆشە پزیشک بێت و لە هۆکار و جۆری نەخۆشییەکەی تێبگات بەر لەوەی بگاتە نەخۆشخانە".

دکتۆر سەروەر دەڵێت، ئەگەر نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی بکرایەتە نەخۆشخانەیەکی سەرەکیی فریاکەوتن کە سەرجەم ئەو بەشانەی تێدا کۆبکرایەتەوە، خزمەتێکی گەورەی بە شاری سلێمانی دەکرد.

### "مەڵبەندەکانی تەندروستی تەنیا بۆ کوتان باشن"

وەک دکتۆر سەروەر عارف دەڵێت، وەزارەتی تەندروستی هێندەی خەریکی کردنەوەی مەڵبەند و بنکەی تەندروستی و پیشاندانیانە لە میدیاکاندا، هێندە خەم لە نەخۆشخانە و یەکەکانی فریاکەوتن ناخوات. ئەو دەڵێت "ئەو بنکە و مەڵبەندانە، بەدەر لە هەڵمەتەکانی کوتان، سوودێکی ئەوتۆیان نییە و هێزێکی زۆری مرۆیی تەندروستیش بە خۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن".

وەک ئەو دەڵێت، ڕەنگە داخستنی هەندێک لەو بنکە و مەڵبەندە ناپێویستانە بەشێک بێت لە چاکسازیی تەندروستی، چونکە دەکرێت ڕاهێنان بە هێزە مرۆییەکانیان بکرێت و لە یەکەی فریاکەوتنی پێشکەوتوودا بخرێنە کار.

هەروەها دەڵێت "حاڵەتی کتوپڕ ئەگەر بە خێرایی و بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ چارەسەری بۆ نەکرێت، ئەوا لە چەند خولەکێکدا لەوانەیە گیان لەدەستبدات، بەپێچەوانەی حاڵەتە ساردەکانەوە کە دەتوانن ماوەیەکی بەرچاو چاوەڕوان بکەن بێئەوەی مەترسی لەسەر ژیانیان دروست بێت".

### "نەخۆشخانە ئەهلییەکان هاوکار نین"

بەپێی قسەی دکتۆر سەروەر، لە وڵاتانی پێشکەوتوو نەخۆشخانە ئەهلییەکان پاڵپشتییەکی باشی نەخۆشخانە حکومییەکانن، نەک تەنیا بزنسی خۆیان بکەن "بۆ نموونە ناچار دەکرێن یەکەی فریاکەوتنی پێشکەوتوو بکەنەوە و بێ بەرامبەر چارەسەری ئەو حاڵەتە کتوپڕانەش بکەن کە لە نزیکیان ڕوودەدەن". بەڵام لە کوردستان "نەخۆشخانە ئەهلییەکان تەنیا گرنگی بەو بەشانە دەدەن کە تێچوویان کەمە و پارەی باش پەیدا دەکەن، نەک تەواری کە پێچەوانەی ئەوەیە".

### قەرەوێڵەکان چاک بکەنەوە

نەخۆشخانەی فریاکەوتنی نەشتەرگەری سلێمانی 63 قەرەوێڵەی هەیە کە 13 دانەیان بۆ چاودێری چڕن. بە گوتەی دکتۆر سەروەر عارف "لەو 50 قەرەوێڵەیەی فریاکەوتن تەنیا 10 دانەیان کاران و ئەوانی دی تەنیا شوێنی مانەوەن و کەرەستەی فریاکەوتنێکی ستانداردیان نییە".

ئەو پزیشکە دەڵێت نەخۆش نابێت لە بەشی فریاکەوتن لە بەردەم مێزی پزیشکدا سەرە بگرێت، بەڵکو دەبێت تیمی پزیشکی هەبێت کە دیاری بکات کێ سەرەتا ببینرێت و کێ چاوەڕوان بکات "نەوەک حاڵەتێکی سارد ببینرێت و حاڵەتێکی کتوپڕ لە نۆرەدا گیان لەدەستبدات".

### ڕووبکەنە قرگە

نەخۆشخانەی شۆڕش سەر بە دەزگای تەندروستی پێشمەرگەیە و لە گەڕەکی قرگەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی هەڵکەوتووە. دکتۆر ئومێد عەلی هیوادارە پەرەبدرێت بە بەشی فریاکەوتنی ئەو نەخۆشخانەیە و گەڕەک و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی ڕووی تێبکەن تا هەندێک فشار لەسەر نەخۆشخانەی فریاکەوتن کەم بکرێتەوە.

لە حاڵەتی کاراکردنی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی شاردا دەکرێت گەڕەک و ناوچەکانی باکووری سلێمانیش ڕوو لەوێ بکەن.



دکتۆر ئیکرام حوسێن
Ikram_dent@yahoo.com

## سەرۆکی حکومەت گوتی فاشیلە، بەڵام!

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردووی کابینەی حەوتدا، دووجار سەرۆکی حکومەت باسی لە کەرتی تەندروستی کرد، هەردوو جارەکە بە شکستخواردوو وەسفیکرد، جاری دووەمیان لە کاتی گرێبەستەکەی ئاوامێدیکا بوو لەگەڵ سانۆفی فەرەنسی کە گوتی کەرتی تەندروستیی کوردستان و عێراق فەشەلیان هێناوە.

دوو ساڵ ماوەیەکی زۆر نییە تا بتوانی هەموو شتێک بخەیتە سەر ڕێچکەی خۆی، بەڵام هێندە کەمیش نییە نەتوانی شتێکی تێدا بکەیت شایانی باسکردن بێت. فەشەلی وەزارەتی تەندروستی بەشێکی گەورەی لە ئەستۆی وەزیرەکەیەتی، لە کاتێکدا سەرۆکی حکومەت سیستمەکەی پێ فاشیلە، چ خێرە وەزیری ئەو سیستمەی پێ فاشیل نییە!

ڕاستە ئەم سیستمە فاشیلەی ئێستا هی ڕابردووەو بۆ ئەم وەزیرەی ئێستا ماوەتەوە، بەڵام ئەگەر بە دوو ساڵی ڕابردوودا بچینەوە، تەنها سیستمە فاشیلە کۆنەکە پاڵی پێوەنراوەو بەرد نەخراوەتە سەر بەرد بەرەو گۆڕین یان نوێکردنەوە، بگرە هەڵەی کوشندەی تێدا کراوە کە بە سەرکەوتن باسدەکرێت، جگە لەوەی ئێستاش کەس نەیزانی هۆکاری کوێربوونی خەڵکەکەی نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێر بە تەواوی چی بوو.

سیستمی تەندروستی کەموکورتی و خەوشی گەورەی تێدایە لەڕووی بەڕێوەبردن و سەرچاوە مرۆییەکان و چاودێریی تەندروستی و کۆنترۆڵکردنی دەرمان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی، هەروەها ئابووریی تەندروستی.

ئەو هەڵانەی وەزیرەکانی پێشوو کردوویانە، ئەم وەزیرەی ئێستاش لەسەریان بەردەوام بووە، لەوانەش لەبیرکردنی سەرەتاکانی تەندروستی کە چاودێری تەندروستیی سەرەتاییە و بازدان بەرەو دەرمان و نەشتەرگەری. لە هەر سیستمێکی تەندروستیدا چاودێری تەندروستیی سەرەتایی بەهێز بوو، ئیتر کۆی سیستمەکە بەهێز دەبێت. ئەم سیستمەی ئێستا بە دەیان ملیار دینار لە نەشتەرگەریدا خەرجدەکات، بەڵام ئامادە نییە چەند ملیۆنێک لە چاودێری تەندروستیی سەرەتاییدا خەرج بکات. گرنگی بە سەنتەری خێزانی نادات و بە نزیکەیی حسابی چایخانە بۆ بنکە تەندروستییەکان دەکات، فریاکەوتنیش تەنها لە سەنتەری شارەکاندا هەن وەک ئەوەی خەڵکی قەزاو ناحییەکان و دەوروبەریان پۆڵا بن و هەرگیز تووشی ڕووداوی کتوپڕ نەیەن، ئیتر با هەموو ڕۆژ وەزیر قردێلەی بینایەکی نوێ بقرتێنێ، خۆ لە پایتەختی هەرێمدا نە سەنتەری جەڵتەی مێشک هەیە و نە سەنتەری تەندروستیی بەساڵاچووانیش.

بەو لێدوان و چاوپێکەوتنانەی وەزیری تەندروستی لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئەنجامیدان، نەشتەرگەری نیمچە تایبەت و کواڵیتی کۆنترۆڵی دەرمان گرنگترین پرۆژەی وەزارەتەکەی بوون، لە نەشتەرگەری نیمچە تایبەتدا هەزارەها نەشتەرگەری ناپێویست ئەنجامدران و وەزارەتی تەندروستیش کەوتە سەر ساجی عەلی و ئیفلاسی کرد، کواڵیتی کۆنترۆڵەکەی دەرمانیش، نەک هەر دەرمانی کۆنترۆڵ نەکرد، بگرە گرانیشی کرد، ئینجا فەشەلیشی هێنا. دوای دوو ساڵ، ئێستا لە بازاڕەکاندا ئەو دەرمانانەی مۆری کواڵیتی کۆنترۆڵیان پێوە نییە زیاترن لەوانەی مۆریان پێوەیە.

ئەگەر وەزیری نوێ کە دەکاتەوە وەزیری کۆن، ئاڵای دەرمان و نەشتەرگەری لەسەر وەزارەتەکەی نەهێنێتە خوارەوە، ئەوا 4 ساڵی دیکە، نەخۆشخانە حکومییەکانیش دەبنە نەخۆشخانەی ئەهلی و کەس نامێنێ نەشتەرگەرییەکی بۆ نەکرابێ، ئەوکات سەرۆکی حکومەتیش دەبێ هەمان قسەکانی دوو مانگ بەر لە ئێستا دووبارە بکاتەوەو بڵێ، سیستمی تەندروستی فاشیلە فاشیل.

## نەخۆش و مانگی ڕەمەزان

### کێن ئەوانەی نابێ بەڕۆژوو بن؟


( فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم )

د.زانیار نوری عوسمان*

بەڕۆژووبوون مەسەلەیەکی ئاینییە و لەئاینی ئیسلامدا ڕوکنێکی سەرەکییە، بۆیە زۆربەی موسڵمانان بەڕۆژوو دەبن، لەوانەش کەسانێک کە نەخۆشن. ڕۆژووگرتن بەشێوەیەکی گشتی خراپ نییە بۆ تەندروستیی مرۆڤ، بەڵام بۆ کەسێکی نەخۆش مەسەلەکە جیایە و وردەکاری زیاتری دەوێت.

ئەو وەرزەی ڕۆژووگرتنەکەی تێدەکەوێت گرنگە، چونکە ڕۆژ لە وەرزی هاوین درێژترە و گەرمە، کەواتە فشاری زیاتر دەخاتە سەر نەخۆش، وەکو وشکبوونەوەو تێکچوونی خەو و فشاری دەروونی بەهۆی نان نەخواردن.

ئەمەی باسی دەکەین لەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییانەوە هاتووە کە لەلایەن نێوەندە باوەڕپێکراوەکانی پزیشکییەوە کراون، بەڵام بەڕۆژووبوون یان نەبوون بۆ هەر نەخۆشێک تایبەتییە و ڕای پزیشک و مامۆستای ئاینی دەوێت بۆ ئەو کەسە.

ئەو نەخۆشیانەی کە مەترسییان بۆ سەر کەسی بەڕۆژوو هەیە:

1 - شەکرە: لەهەرە هەستیارترین نەخۆشیەکانە بۆ ڕۆژووگر، هەر نەخۆشێک شەکرەکەی لە جۆری یەکەم بێت یان دەرزی ئەنسۆلین بەکاربهێنێت ئەوا باشترە بەڕۆژوو نەبێت. هەروەها هەر نەخۆشێک شەکرەکەی جێگیر نەبێت یان لە سێ هەفتە پێش ڕەمەزانەوە دەرمانی بۆ گۆڕدرابێت. ئەوانەش کە شەکرەکەیان ئاڵۆز بووە بە سستبوونی گورچیلە یان دڵ.

2 - پەستانی خوێن: تووشبووانی بەگشتی دەتوانن بەڕۆژوو بن جگە لەوانەی کە پەستانیان جێگیر نییە، یان لەماوەی سێ هەفتەدا دەرمانیان بۆ گۆڕدراوە، یان نەخۆشییەکەی ئاڵۆز بووە. ئەو نەخۆشانەش کە حەبی میز پێکردن دەخۆن مەترسی وشکبوونەوەیان هەیە ئەگەر بەڕۆژوو بن.

3 - نەخۆشیی دڵ: سستبوونی دڵ قۆناغی چوارەم، یان جەڵتەی دڵ لە ماوەیەکی نزیک پێش ڕەمەزان مەترسی هەیە.

4- سستیی گورچیلە: گەر لەوانە بیت کە شووشتنەوەی گورچیلەت بۆ دەکرێت، نابێت بەڕۆژوو بیت.

5- نەخۆشێک کە چارەسەری کیمیایی وەرگرێت.

ئەو نەخۆشیانەی بە ڕۆژووگرتن خراپتر دەبن:

1- ڕیخۆڵەتووڕە (قۆڵۆن)
2- سەر ئێشەی لا سەر (شەقیقە)
3- ترشەڵۆکی گەدەو سووریێنچک

* هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی هەناو

## "ڕۆژوو خانەکانی جەستە نوێ دەکاتەوە"

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

ڕۆژوو ئەرکێکی ئاینییە و موسڵمان وەک سوودێکی ڕۆحی و بە هیوای پاداشتێکی خودایی پابەندی دەبێت. هەندێک لە پزیشکەکانیش دەڵێن، دەکرێت مانگی ڕەمەزان بکرێتە هۆکارێک بۆ باشترکردنی تەندروستی.

د.کاوە فەرەج سەعدون، پزیشکی پسۆڕی سنگ و هەناسەدان، دەڵێت ئێستا نێوەندە زانستییە جیهانییەکان ڕۆژوو بە ڕێگاچارەیەک دەبینن بۆ تەندروستی گشتیی جەستە و خۆپاراستن لە نەخۆشییە سەردەمییەکان.

ئەو پزیشکە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ڕۆژووی ڕەمەزان وا دەکات جەستە ئەو خۆراکانە بەکاربهێنێت کە دەمێکە لە شێوەی شەکر و چەوریدا لە جگەر و ژێر پێستدا هەڵگیراوون و دەست بە کۆکردنەوەی ماددەی نوێ دەکات، هەروەها چەندین ژەهر و ماددەی زیانبەخشیش لەکاتی بەڕۆژووبووندا فڕێ دەدرێنە دەرەوە". ئەو گوتیشی "ڕۆژوو هانی نوێکردنەوەی خانەکانی جەستە دەدات".

بەپێی توێژینەوەیەکی بەریتانیش "ڕۆژوو ئاستی چەوریيە زیانبەخشەکان کەم دەکاتەوە (یان بەرزی ناکاتەوە) و ئاستی چەوریيە سوودبەخشەکانیش زیاد دەکات، ئەمانەش بۆ تەندروستیی دڵ و بۆرییەکانی خوێن گرنگن"



### پارشێو بکەن

د.کاوە دەڵێت بۆئەوەی جەستە لە ماددە کیتۆنییەکان و ماددە زیانبەخشەکان پارێزراو بێت و سوودەکانی ڕۆژوو بە تەواوی دەربکەون، دەبێت پارشێو بکرێت و لە نزیک بانگی بەیانی بکرێت "ئەگەر پارشێو نەکرێت، ئەوا هەر لە بەیانی زووەوە جەستە دەست بە شیکردنەوەی خانەکان دەکات و هەتا ئێوارە بڕێکی زۆری پاشماوەی ماددە چەورییەکان کۆدەبنەوە و ڕەنگە زیان بە جەستە بگەیەنن".

### ڕۆژوو و نەخۆشییە درێژخایەنەکان

زۆربەی تووشبووانی شەکرەی جۆری دوو، بەرزیی چەوریی خوێن، بەرزیی فشاری خوێن و چەندین نەخۆشی دی، نەک هەر دەتوانن ڕۆژوو بگرن بەڵکو لەوانەیە سوودی بۆ نەخۆشییەکەشیان هەبێت.

د.سەربەست فەخرەدین، ماستەر لە نەخۆشیی شەکرە، ساڵی پار لە سلێمانی توێژینەوەیەکی کرد دەربارەی کاریگەرییەکانی ڕۆژوو لەسەر تووشبووانی شەکرە.

ئەو پزیشکە پسپۆڕە دەربارەی ئەنجامی توێژینەوەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کەسانەی شەکرەکەیان کۆنترۆڵە و دەرمانەکانیان بەباشی بەکاردێنن، بەهۆی ڕۆژووەوە ئاستی هەندێک لە چەورییە زیانبەخشەکانی خوێنیان دادەبەزێت".

### ڕەمەزان و کارکردن

بۆ ئەوەی کێش داببەزێت، دەبێت بەشێوازێکی تەندروستانە و لەسەر ڕێنماییە زانستیەکان ڕۆژوو بگریت، توێژینەوەکان دەڵێن 50-60%ی ئەوانەی بەڕۆژوون، هیچ گۆڕانکارییەک لە کێشیاندا ڕوونادات.

دکتۆر کاوە فەرەج سەعدون دەڵێت نابێت ڕۆژوو بکرێتە هۆکاری تەمبەڵی و دوورکەوتنەوە لە دەوام و ئەرکەکانت، بەڵکو دەبێت کەسی ڕۆژووەوان بە تەواوی و بێ کەموکورتی ڕۆتینە پیشەییەکانی وەک فەرمانبەری و دوکانداری ئەنجام بدات.

### بەربانگی تەندروست

دکتۆر کاوە دەڵێت لەڕووی زانستییەوە باشترە بە شیرینی ڕۆژوو بشکێنرێت، چونکە ئاستی شەکر لە خوێندا دادەبەزێت. پاشان چەند خولەکێک پشوو بدەیت بۆ ئەوەی گەدە و ڕیخۆڵە بکەونەوە چالاکی و دواتر ژەمێکی ئاسایی بخۆیت.

پاشان پشوویەک بدەیت بۆ ئەوەی کات بدەیتە گەدە و ڕیخۆڵە تا خۆراکەکان هەڵبمژن. نابێت لە ژەمە ئاساییەکانی ئێوارانی پێشوو زیاتر بخۆیت، چونکە لە ڕەمەزاندا جەستە تووشی بەدخۆراکی نابێت، بەهۆی ئەو خۆراکە هەڵگیراوەی جەستە لەکاتی برسێتیدا سوودی لێ دەبینێت.

عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# ڕەنگە تا کۆتایی هاوین هەردوو کۆمەڵە یەکبگرنەوە



کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە ساڵی 2007 لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران جیابووەوە، ماوەی یەک ساڵە دەستی بە دانوستاندنی یەکگرتنەوە کردووە. عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) باسی پرۆسەی یەکگرتنەوەکە دەکات و گەشبینە بەوەی کە لە کۆتایی هاوینی ئەمساڵ یەکبگرنەوە، بە مەرجێک لەگەڵ کۆمەڵەکەی دیکە یەک تێڕوانینیان هەبێت بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و هەروەها "هەڵسوکەوتە نادروستەکان"ی کۆمەڵەکەی دیکە نەبنە بەربەرست.

هەڤپەیڤین: ناسر پیرۆتی

**ڕووداو: یەکگرتنەوەی ئەو دوو لایەنەی کۆمەڵە بە کوێ گەیشتووە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پرۆژە و نەخشە ڕێگایەکی خستووەتەڕوو کە تاوەکو ئێستا بەشێکی جێبەجێ کراوە. لەو پرۆژەیەدا باس لە دانیشتنی سکرتێرەکان و کۆمیتەی ناوەندی، کۆبوونەوەی وەفدی دوو لایەنەکە، سەمیناری هاوبەشی کادر و ئەندامان و هەروەها دانانی کۆمیسیۆنێک بۆ دارشتنەوەی پێڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامی حیزبی داهاتوو کراوە و بەشێکی چووەتە پێش. بەڵام بەپێشوەچوونی ڕەوتی دانوستاندنەکان گرفتەکان و خاڵە ناکۆکەکانیشمان زیاتر دەردەکەون. ئێمە پێڕەوی ناوخۆ و سیاسەتەکانمان بەرامبەر بە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستی ئێرانی جیاوازە و لە سیاسەتی کوردستانیشدا وەکو یەک بیر ناکەینەوە. ئێمە قسەمان لەسەر پرسە سیاسییەکان، کۆمەڵەیەکی ئەوڕۆیی و چەپێکی دیموکراسیخواز و هەروەها حیزبێک هەیە کە ئیرادەی گشتی تێیدا زاڵ بێ. ئەو هۆکارانە و هەروەها نادروستیی هەندێک هەڵسوکەوتی کۆمەڵەی شۆڕشگێر بەرامبەر بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ڕەوتەکەی خاوکردەوە، بەڵام سوورین لەسەر یەکگرتنەوە.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی ئەو پرۆسەیە کەی کۆتایی بێت؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** پێشتر کۆتایی هاوینی داهاتووم وەک وادەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنەکە داناوە و ئێستاش هیوابڕاو نیم کە بتوانین لەو ماوەیەدا یەکبگرینەوە، بەڵام ئەو گرفتانەی باسکران پێموایە ڕەوتی یەکگرتنەوە دوابخات.

**ڕووداو: ئێوە چ مەرجێکتان بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەیە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** مەرجی سەرەکیمان بۆ ئەو پەیوەندییە ئەوەیە کە دان بە کورددا بنێن وەکو نەتەوە. ئێمە ناچینە نێو هیچ هاوپەیمانییەکی ئێرانی کە دان بەو بنەمایەدا نەنێت. وەکو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هەمیشە بە ئاشکرا ئەو بابەتەمان باس کردووە و لەگەڵ ئەو لایەنانەی نەتەوەبوونی کورد و خواستەکانی ڕەتدەکەنەوە پەیوەندیمان نەبووە.

**ڕووداو: بەڵام جگە لە هەندێک ڕێکخراوی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کورد وەک نەتەوە ناناسن؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** تاوەکو ئەوان بەو شێوەیە بیربکەنەوە، ناتوانن هاوپەیمانییەکی پایەداریان لەگەڵ کورد هەبێ. ڕۆژێکیش دێ ئەو گوتارە دەشکێ و شۆڤینیزمی گەندەڵی ئێرانیش ناتوانێ بەردەوام بێت. هاوکات گوتاری کورد خۆی دەسەپێنێ، چونکە ئەگەر بە پێرسپێکتیڤێکی دوورتر بڕوانین، هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی بە چەشنێک لە بەرژەوەندیی کورد گۆڕاوە. کورد لە عێراق، سووریا و تورکیا وەکو خۆی دانی پێدانراوە و ئێرانییەکانیش ناچار دەبن کورد بە نەتەوەیەکی جیاواز بناسن و دان بە مافەکانیدا بنێن.

**ڕووداو: بۆ گەیاندنیان بەو قۆناغە لایەنە کوردییەکان دەبێ چی بکەن؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد پێکەوە هاوپەیمان و یەکگرتوو بن و هێزی مەیدانییان هەبێ. ئەگەر کورد خاوەنی ئەو هێزە بێت کەس ناتوانێ نکۆڵی لە خواستەکانی بکات. وەک

## ئێرانییەکان ناچار دەبن کورد وەکو نەتەوە بناسن

## بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بووە

چۆن پێشتریش خومەینی دەیگوت نەتەوە هەر مانای نییە و هەموو موسڵمانین، بەڵام چونکە کورد هێزی هەبوو ناچار بوو بێت و لەسەر خودموختاری قسەی لەگەڵدا بکات. ئێمە پێگەمان بەهێزە و دەبێ مەرجەکانی خۆمان بە ئاشکرا بڵێین و پێویستە ببێتە سیاسەتی گشتی هەموو حیزبە جددییەکان کە بە مەرجی قبوڵکردنی نەتەوەبوونی کورد هاوکارییان بکەن.

**ڕووداو: ئەو حیزبە جددییانە کامانەن؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** کۆمەڵە و دیموکرات بە هەموو کێشە و گرفتەکانیان دوو ڕەوتی سەرەکی سیاسین لە کوردستانی ئێراندا. بەدوای ئەوانیشدا PJAK دێ، بەڵام ئەو حیزبە سەربەخۆ نییە. لایەنەکانی کۆمەڵە و دیموکرات لە قۆناغی گەشە و نەشەی بزووتنەوەی کوردیدا کاریان کردووە و پێگەی جەماوەری و کاریگەریان هەیە. هەرچەندە لاوازییان و پەرشوبڵاویی کۆمەڵەکان و جیایی دیموکراتەکان بە چەشنێک بێهیوایی لەنێو خەڵکدا دروستکردووە، بەڵام ئەو دوو ڕەوتە کەرەستەی خەباتی ئێمەن و دەبێ چاکیان بکەینەوە.

**ڕووداو: بەڵام ئەو دوو ڕەوتە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە نانی سەردەمی چالاکیی چەکدارییان دەخۆن و ئێستا ئەو کاریگەرییەیان نەماوە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** پێش چالاکی چەکداری، پێشینەی خەباتی سیاسیمان هەبووە و نانی ڕابردووی خۆمان دەخۆین نەک تەنیا خەباتی چەکداری. ئێمە بە دەنگ و پشتیوانی خەڵک پشتئەستوورین.

**ڕووداو: هەست ناکەن لە باشووری کوردستانیش پێگەتان لاواز بووە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە لەوێ بە چاوێکی سووک سەیری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد، تەکانی داین. ئەو جێگە و پێگەیەی لە بزووتنەوەی کوردیدا بۆ ڕۆژهەڵات دادەنرێ واقیعی نییە. کوردی ڕۆژهەڵات ڕەقەمێکی نادیارە لە بزووتنەوەی کوردیدا و پێویستە هەموو دان بەوەدا بنێین کە ڕۆژهەڵات لاواز بووە.

**ڕووداو: بۆچی چەند ساڵێکە دیدار و کۆبوونەوەکانتان لەگەڵ سەرکردایەتی باشووری کوردستان لە میدیاکاندا ڕەنگ ناداتەوە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ئەگەر بۆ خۆمان هێز نەبین ناتوانین سەر ئێشە بۆ باشوور دروست بکەین. پێشتر وێنەی هاوبەشی سەرکردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات، کارتی گوشار بوو لەسەر کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئێستا وا نەماوە. سەرکردایەتی باشووریش بەهۆی دانیشتن لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات سەر ئێشە بۆ خۆیان دروست ناکەن.

**ڕووداو: داوودەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان چاودێری کاروبارەکانتان دەکەن؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** کاری هەموو دەزگایەکی ئەمنی ئەوەیە چاودێری کاروباری لایەنەکانی دیکە بکات و دەزگاکانی هەرێمی کوردستانیش چاودێریی ئێمە دەکەن، بەڵام سیخوڕیمان بەسەرەوە ناکەن. هەرچەندە هیچی شاراوەشمان نییە تاوەکو چاودێری بکەن.

**ڕووداو: بەو ڕەوشەی هەتانە، بیرتان لە گەڕانەوە بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان چوونەوە بۆ سەر سنوورەکان نەکردووەتەوە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ئەگەر یەکگرتوو بین هەموو شتێکمان پێدەکرێ. بنەمای خەبات خەڵک و جەماوەرە و هێزێک کە یەکگرتوو بێت و نوێنەرایەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات لە هەموو شوێنێک جێی دەبێتەوە. دەبێ پرۆژەیەکمان هەبێ کە بەبێ ئەوەی ببینە بار بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆخۆمان کار بکەین و چی بە گونجاو بزانین بیکەین. ئەگەر هێزەکانی ڕۆژهەڵات یەکڕیز بن کەس ناتوانێ ڕێگرییان لێبکات لە کوێ بن و چ بکەن.

**ڕووداو: پێتوایە ڕێگەتان پێدەدرێ بگەڕێنەوە قەندیل؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** تا ئێستا نە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە PKK ڕێگرییان لێنەکردووین کە بگەڕێینەوە قەندیل، بەڵام عەقڵانی نییە بارەگامان لە نزیک سلێمانی و کۆیە بێت و هەموو ڕۆژێک پێشمەرگە بنێرینەوە نێوخۆ. ئەگەر ئەو کارە بکەین سەرئێشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەبێت.

**ڕووداو: ئەگەر وایە جارێ ناتانەوێ خەباتی چەکداری دەستپێبکەنەوە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ئێستا ئەوە پێویست نییە و کاری پێویستتر هەیە. گرنگتر لە هەموانیش کاری هاوبەشی حیزبەکانە. بەڵام دەور و ڕۆڵی هێزی چەکدار هەروا لە بزووتنەوەی کوردیدا ماوە. هیوادارم سیاسەت و خەباتی سیاسی ببێتە گۆڕەپانی سەرەکی ململانێی ئێمە و دوژمن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان، بەڵام چەک و هێزی چەکداریش دەور دەگێڕێ. بۆیە حیزبی کوردی دەبێ چەک و هێزی چەکداری هەبێ، بەڵام ئێستا بە هەموو توانایەوە پشت بە خەباتی مەدەنی ببەستێ.

**ڕووداو: چەکی پێویستتان بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری هەیە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ناتوانین ڕێژە و ژمارەی چەکەکانی خۆمان ئاشکرا بکەین، بەڵام ئەگەر بڕیار بدەین چالاکی چەکداری دەستپێبکەینەوە، ئەوکات دەتوانین چەکی پێویست دابین بکەین.

**ڕووداو: لە کوێ دابینی دەکەن؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین سەربازگەی گەورەی لێیە. چۆن ئێمە دوای شۆڕشی ساڵی 1979 توانیمان دەست بەسەر چەکوچۆڵی ئەو سەربازگانەدا بگرین، ئەگەر بڕیارماندا چالاکی چەکداریمان هەبێ دووبارە دەتوانین دەست بەسەر چەکوچۆڵی ئەو سەربازگانەدا بگرینەوە. هەروەها ئەگەر ئەو شێوە خەباتە هەبێ ئاسانتر دەتوانین چەک و چۆڵ دابین بکەین.

**ڕووداو: ئەگەر هەرێمی کوردستان داواتان لێبکات چەکەکانتان دابنێن، ئەو کارە دەکەن؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** تاوەکو ئێستا باسێکی وا لە گۆڕێدا نییە و پێشموانییە هیچکات ئەو داوایە بکرێت، بەڵام ئەگەر شتێکی ئاوا بکەن بە مانای ماڵئاواییە.

**ڕووداو: پێتوایە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن هەستنەوە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** بەڵێ بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی کوردستان لەهەر کوێیەک حکومەتی ناوەندی لاواز بێ، کورد بەسەری دادەدات و هەڵدەستێتەوە. لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەو شێوەیە بووە. بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی سەدام حوسێن نەڕووخابا، کوردی باشوور ئەو هێز و توانایەیان نەدەبوو. هەروەها لە سووریا و تورکیاش بەو شێوەیەیە. بێگومان حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڕووخێت و کەلێنێک دروست دەبێ و کورد بەهێزتر لە ڕابردوو دەردەکەوێ چونکە بە سەدان بەرامبەر زیاتر لەوکات نووسەر و ڕووناکبیری هەیە و بیرۆکەی نەتەوەیی گشتگیرتر بووە و گەشەی کردووە.

**ڕووداو: هەمووتان هەر باسی هاوپەیمانیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، بۆچی ئەو کارە ناکەن؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** حیزبەکان زیاتر لە جاران بەو قەناعەتە گەیشتوون کە دەبێ پێکەوە هاوکاری بکەن و یەکگرتوو بن. هەموو لایەنەکان دەبێ شەهامەتی ئەوەیان هەبێ کە بڵێن بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بووە و بۆ ڕزگاربوون لەو ڕەوشە بۆ وێنە دەتوانین چەترێکی هاوئاهەنگی وەکو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردانی ڕۆژهەڵات دابمەزرێنین و بە بەرنامەوە هەلومەرجەکە بگۆڕین. لایەنەکانیش هەستیان بەو پێویستییە کردووە و دەستپێکردنی ڕەوتی یەکگرتنەوە لەنێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها دوو لایەنی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ نموونەی ئاشکرای هەستکردنە بەو پێویستییە. دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێ کە ئەگەر لایەنێکی کۆمەڵە یان لایەنێکی دیموکرات پەراوێز بخرێ، بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرناگرێت.

**ڕووداو: حیزبەکان پرۆژەیان بۆ پێکهێنانی ئەو بەرە هەیە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** تا ئێستا پرۆژەیەکی تایبەتیمان نییە، بەڵام ئەگەر بە قەناعەتەوە کاری بۆ بکەین دەتوانین پرۆژەی بۆ دابرێژین.

**ڕووداو: لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەوشی جموجۆڵێکی سیاسی – نەتەوەیی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتنی نەتەوەیی و دیموکراسیخوازی، بزووتنەوەیەکی مەدەنی کەلتووری – ڕووناکبیری دروستبووە. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ کە چالاکڤانانی سیاسی، نووسەر و ئەدیب، چالاکانی ژینگەپارێز و هونەرمەندان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن.

**ڕووداو: هێما دیارەکانی ئەو بزووتنەوەیە چین؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ئەو بزووتنەوەیە زمانی کوردی پاراستووە و پەرەی پێداوە. هەروەها هەموو ئەوانەی کە ناهێڵن جەنگەڵەکانی مەریوان بسووتێنن و ئاگری جەنگەڵەکان دەکوژێننەوە یان ئەوانەی کە لەسەر شەقام شانۆی منداڵان بەڕێوە دەبەن. هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی نەتەوەخوازی، دیموکراسی و یەکسانیخوازی لە نیشانەکانیەتی.

**ڕووداو: ڕەوتی سیاسی چی؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** لەوێ هیچ سیاسییەک نییە کە پەیوەندی بەو بزووتنەوە مەدەنییەوە نەبێ.

**ڕووداو: پێتوایە ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی ئێران لە کوردستاندا جێگیر بووە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ڕیفۆرمخوازانی کورد بە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی نازانم بەڵکو بە ڕەوتێکی سیاسییان دەبینم کە تاوەکو ئێستا هەوڵیانداوە بزووتنەوەی کوردی بەلای ڕیفۆرمخوازیی ئێرانیدا رابکێشن.

## هەرێمی کوردستان چاودێریمان دەکات، بەڵام سیخوڕیمان لەسەر ناکات

## دەتوانین چەک بەدەستبهێنین بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری

## دەبێ ڕووبەڕووی سەلەفیەکانی ڕۆژهەڵات ببینەوە

## کۆنگرەی نەتەوەیی بە چاوێکی کەم سەیری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیان دەکرد

زۆر لەو کەسانەی دوای دەسەڵات کەوتن و هەوڵیاندا خەڵکی کورد بە شتێکی کەم ڕازی بکەن، تەنانەت لەسەردەمی دەسەڵاتداری ڕیفۆرمخوازەکانیشدا هیچیان دەستنەکەوت. بۆیە زۆربەیان ئەوڕۆکە لەو ڕەوتە دوورکەوتوونەتەوە و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و نەتەوەیی کوردستان نزیک بوونەتەوە.

**ڕووداو: ژمارەیەک چالاکڤانی سیاسی داوایان لە وەزارەتی ناوخۆی ئێران کردووە مۆڵەتی حیزبیان پێبدات، پێتوایە مۆڵەتیان بدەنێ؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ئەگەر بیانەوێ کورد بن مۆڵەتی حیزبێکی کوردی نادرێ، مەگەر بیانەوێ پێ بەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستاندا بنێن و قبووڵی هەموو شتێکی کۆماری ئیسلامی بکەن. ئەگەریش ئەو مەیلە هەبێ کە پێ لەسەر مافەکان بنێن، خەڵک و چالاکوانەکان لێیان قبووڵ ناکەن.

**ڕووداو: پێویستی حیزبە ئاینییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چییە و دەتوانن چ ڕۆڵێک بگێڕن؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** هیچ حیزبێکی ئاینی بە پێویست نازانم، بەڵام ئەو مەیلە لە کۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا هەیە و بە دڵنیاییەوە ئەو حیزبانەش هەم ئێستا و هەم لە داهاتوودا لە کوردستانی ئێراندا چالاکییان دەبێ.

**ڕووداو: ڕەوشی ڕەوتی بناژۆخوازی ئاینی و سەلەفییەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆنە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** ئەوان زۆر بە جددی خەریکی کارکردنن و بە ڕادەیەکی باشیش گەشەیان کردووە. سەلەفییەکان لە لایەن حکومەتی کۆماری ئیسلامییەوە پشتگیریان لێدەکرێ بۆیە چوونەتە نێو خەڵک و دەرفەتی گەشەکردنیان هەیە.

**ڕووداو: بەڵام 39 کەس لە چالاکڤانانی سەلەفی ئێستا لە زیندانەکانی ئێراندا سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگە ڕێگەی چالاکی بە سەلەفییەکان دەدات کە بە دژی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و بیرۆکەی نەتەوەیی بانگەشە و چالاکی بکەن، بەڵام ئەگەر باسی شیعە و حکومەتی کۆماری ئیسلامیان کرد، لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات و ڕێگەی چالاکییان پێنادات. ئەگەریش بە مەترسییەک لەسەر خۆی زانین، دەستگیریان دەکات یان دەیانکوژێت.

**ڕووداو: ئێوە وەکو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەگەر ئەو ڕەوتە بەمەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە دەزانن چۆن ڕووبەڕوویان دەبنەوە؟**

**عومەر ئیلخانیزادە:** بە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبێ بەرەوڕووی سەلەفیەت ببینەوە. بۆ پێکهاتنی ئەو ڕەوتە دەبێ پێش هەموو شتێک یەک گوتار بین. ئێمە نابێ پێمانوابێ بە زۆر دەبێ سەلەفیەت لاواز بکەین، بەڵکو دەبێ بە ڕەوتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و روناکبیری و بەهێزی خەڵک پاشەکشەیان پێ بکەین. هەروەک چۆن لەدوای شۆڕشی 1979 پاشەکشەمان بە ڕەوتی موفتیزادە کرد.

ئێمە نەهاتین ئەحمەد موفتیزادە بەو قەناعەتە بگەیەنین کە بیرۆکەکەی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نییە، بەڵکو بە هێزی خەڵک و جەماوەر پاشەکشەمان پێکرد.

عەلی سیرینی

# بۆ ئەوەی بچینە ریزی میللەتە پێشکەوتووەکان

کورد بۆئەوەی بچێتە ریزی جیهانی پێشکەوتوو، پێویستی بە پرۆژەیەکی درێژخایەن هەیە کە لانیکەم 20 ساڵ کاری لەسەر بکات. ئەم پرۆژەیە دەکرێ ناوبنرێ رێنیسانس. رێنیسانس واتە سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە، یان گەڕانەوە بۆ پێشینان. لێرەدا ئەم مانایە و هەندێکیش بە شێوازێکی فراوانتر مەبەستی ئەم وتارەیە بۆ تیشک خستنە سەر تیۆرێکی قابیل بە جێبەجێکردن نەک خەیاڵی. ئەم پرۆژەیەش کە لێرەدا باسی دەکەم، هەر کەسێک جێبەجێی بکات، سیاسەتمەدارێکی دەستڕۆیشتووی کوردستان یان بازرگانێکی گەورە، ئەوا لە داهاتوودا ناوی دەچێتە ریزی کەسایەتییە مەزنەکانی مێژوو. وەک ناوێک لە هەرێمێکی بچووکی سووچێکی دونیای سێیەمی داماودا نامێنێتەوە!

هەر میللەتێک بیەوێ پێشبکەوێت پێویستە ئاستی زانست و ئەکادیمیا و هۆشیاریی تێیدا پێشبکەوێ. بۆ ئەوەی ئاستی رۆشنبیری و ئەکادیمی و زانستی لە کوردستان بهێنرێتە ئاستی میللەتە پێشکەوتووەکان، پێویستمان بە بنکەیەکی تەرجەمە هەیە کە سەدان کەس، بەڵکو هەزاران کەس کاری تێدا بکەن.

**بنکەی تەرجەمە:**

ئەم بنکەیە، پێویستە چەند باڵەخانەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت (واتە شارێکی بچووک یان کۆمەڵگەیەکی بچووک). چەندین ئامێری چاپ و بڵاوکردنەوەو پێویستییەکانی دیکەی هەبێت. لە پێناو ئەمەدا دوو ئەرک پێویستە جێبەجێ بکرێن:

یەکەم: کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی ئەو کوردانەی هەندەران و ناوەوەی کوردستان کە شارەزایی تەواویان، جگە لە کوردی، لە یەکێک لەو سێ زمانە هەیە: ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی، مەبەستیش لەم سێ زمانە ئەوەیە چونکە توراس و بەرهەمی شارستانی مرۆڤ بەم سێ زمانە دەوڵەمەندە نووسراوەتەوە.

دووەم: کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیا و دەزگاکانی بازرگانی بەناوبانگی جیهانی بۆ کتێب، یان دامەزراندنی کۆمپانیایەکی کوردیی هاوشان.

بۆ مەرامی یەکەم پێویستمان بە چەند پسپۆڕێک هەیە، تێکەڵەیەک لە کورد و پسپۆڕی رۆژئاوایی، بۆ تاقیکردنەوەی زمانزانانی کوردی و یەکێک لەو زمانانەی ئاماژەمان پێدا. لێرەدا هەر کەسێک لە تاقیکردنەوە دەرچوو کاری تەرجەمەی پێ دەبەخشرێ. کاری ئیداری و لێزانین بەپێی شارەزایی و خوێندن و توانا دابەش دەکرێ.

بۆ مەبەستی دووەم، هێنانی کتێبە لە ئەوروپا و ئەمریکاوە بۆ کوردستان. لێرەدا وەک قۆناغی یەکەم هەوڵ بدرێت هەرچی کتێبە سەرەکییەکان و مەرجەعییەکانی فەلسەفە و زانست و وێژەیە تەرجەمەی کوردی بکرێن. کاری وەرگێڕانی هەر کتێبێک دەکرێ بە چەند کەسێک بسپێردرێ و چەند کەسێکیش بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن. قۆناغی دووەم پێویستە ئەم بنکەیە دابەش بکرێت بۆ بەشە جیاوازەکانی فەلسەفە، زانست، وێژە، سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و..هتد. هەر بەشە کتێبە سەرەکییەکانی ئەم کێڵگەیە تەرجەمە بکات کە پەیوەستە بەو. ئیتر لێرەدا چەند کەسێکی شارەزای کورد و رۆژئاوایی پێویستە ئەو کتێبانە دەستنیشان بکەن بۆ تەرجەمە کە هەم بنەڕەتین و سەرەکین، هەمیش دواهەمین لێکۆڵینەوەو شرۆڤەن لەم بوارەدا. لێرەدا تەرجەمەکردن دەبێتە شتێکی بەردەوام و سیستماتیک، هەروەها پێداویستیەکی زیندووی کایەکانی میللەت، لە پێش هەمووشیان زانکۆ و خوێندنگاکان. ئەم پرۆژەیە کەموکورتیی سەرچاوەی ئەکادیمی چارەسەر دەکات.

بۆچی لە کوردستان لێکۆڵینەوە بێ بایەخە؟

لە نێو زانکۆکان و دامودەزگاکانی ئێمەدا، سەرچاوەی ئەکادیمی زۆر دەگمەنە. هەروەها گرفتێکی دیکەی قووڵیش ئەوەیە قوتابی لە دواناوەندی و زانکۆ فێری چۆنیەتی لێکۆڵینەوە ناکرێت، کە ئەمەیان مێتۆدی سەرەکییە لە قۆناغی دواناوەندی و زانکۆ لە وڵاتانی رۆژئاوا. بەداخەوە لە کوردستان، هەم مامۆستاکان و هەمیش قوتابیان کۆڵەوارن لە بواری لێکۆڵینەوە. باسی سەرچاوەو مەسەلەی مێتۆدی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەش هەر لەولاوە. مەسەلەی مێتۆدی زانستیش بۆ لێکۆڵینەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی دەوێت لە رێڕەوی خوێندن لە کوردستان. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئەم گۆڕانکاریە بکرێت، پێویستە شۆڕشێک بەرپا بکرێت. ئەم شۆڕشە بە تەرجەمەکردن دەستپێدەکات.

پەیمانگای تەرجەمە

لە میانی دروستکردنی بنکەی تەرجەمە، پێویستە پەیمانگایەک یان قوتابخانەیەک دابمەزرێ بۆ تەرجەمەی ئەکادیمی و ئەو قوتابییە سەرکەوتوو و زیرەکانە قەبووڵ بکات کە لە زمان و نووسیندا لێهاتوون. دەکرێ لە پۆلی سێی ناوەندی قوتابی وەربگرێت، بۆ ماوەی 5 ساڵ لەم پەیمانگایە بخوێنێت کە پێویستە لە تەک کوردیدا سێ بەشی جیای ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی تێدا بخوێندرێت. هەر قوتابیەک لە تەک کوردیدا پێویستە پسپۆڕیی لە یەکێک لەم سێ زمانە پەیدا بکات. بەڵام ئەو قوتابیانەی دەرچووی پۆلی سێی ناوەندین پێویستە ئەم زمانانەیان لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە خوێندبێت. ئێستاش لە دەرەوە کوردی هەندەران لەم سێ وڵاتە منداڵەکانیان بێگومان بەم زمانانە دەخوێنن (گرفتی زۆرێکیان پچڕانە لەگەڵ زمانی دایک کە کوردییە!). ئەوەی پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیکات ئەوەیە قوتابخانەی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد لەم سێ وڵاتە بکاتەوەو بودجەی بۆ تەرخان بکات. ئەمە جگە لە قوتابیانی ناوەوەی کوردستان کە چەند ساڵێکە لە قوتابخانە نموونەییەکان ئەم زمانانە یان بە تایبەتی ئینگلیزی فێر دەبن.

دەکرێ خوێندنی ماستەریش بە جیا بۆ ئەم پەیمانگایە زیاد بکرێت، لە سیستمی خوێندنیش وەک یەکەیەکی باڵای خوێندن حسێب بکرێت. ئەگەر لە ساڵی یەکەمی خوێندن لە هەر شارێک سەدان قوتابی هەبن لەم پەیمانگایە بخوێنن، ئەوا دوای 5 ساڵ لە دەستپێکی خوێندن، هەزاران وەرگێڕی پرۆفێشناڵ بۆ ئەم بنکەیەو بۆ کوردستان دروست دەبێت کە دەکرێ هەر هەزار قوتابی لەمانە، لە تەک کوردی، لە یەکێک لەو سێ زمانە تایبەتمەندی پەیدا بکەن.

ئیتر بە تێپەڕبوونی رۆژگار ئەم پەیمانگایە کادیر و پرۆفێشناڵ بۆ ئەم بنکەیە بەرهەم دێنێ.

بەڵام تا ئەم پەیمانگایە دەکەوێتە کار، کە پێویستی بە پسپۆڕی کورد و رۆژئاوایی هەیە، پێویستە ئەو کوردانە کۆبکرێنەوە بۆ دروستکردنی تیمی جیاواز بۆ تەرجەمەکردن لەم سێ زمانەوە بۆ کوردی. بۆ نموونە، لە بەشی فەلسەفەدا دەکرێ هەرچی کتێبی کۆنی فەلسەفە هەیە تەرجەمە بکرێت. گەر هەزار کەس هەبێت تایبەت لەم بوارە، دەکرێ لە چەند ساڵێکی کەمدا هەرچی فەلسەفەی رۆژئاوا هەیە تەرجەمەی کوردی بکرێت.

لێرەدا وێڕای ئەوەی ئەم پرۆژەیە سەرەتای رێنیسانسی کوردە، بەڵام سێ کاری زۆر مەزنی دیکەش لەگەڵ خۆی دێنێتە کایەوە:

یەکەم: دروستکردنی سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی بۆ خوێندنگا و زانکۆ و بوارە ئەکادیمییەکان و خوێندەوارانی کوردستان، کە بەداخەوە نە کتێبخانەکانمان، نە زانکۆکانمان ئەم کایەیان تێدا بەدی دەکرێ و نە ئاستی خوێندەوارانیشمان بەپێی ستاندەری ئەکادیمی جیهانی پێشکەوتووە. بۆیە زانکۆکانمان زۆر زۆر لە دواوەی ئاستی جیهانین، چونکە تا بڵێی هەژارن لەڕووی سەرچاوە، ئینجا لە بواری لێکۆڵینەوەش. ئەمەش هۆکارێکە کە نابینین زانکۆکانی کوردستان لێکۆڵینەوە پێشکەش بکەن و بێ بەرهەم بن لە کێڵگەکانی زانستدا (لە گەڵ نەبوونی هیچ ناکرێت!).

دووەم: لە دوای 10 تا 20 ساڵ لە دەستپێکی ئەم پرۆژەیە، هیچ پێویستیەک نامێنێ بۆ دروستکردنی زمانی ستاندەر، چونکە ئەو زمانەی ئەم کتێبانەی پێ تەرجەمە دەکرێ دەبێتە زمانی ستاندەر و یەکجار دەوڵەمەند، کە سەرجەم لق و پۆپی پێکهاتەی کورد بۆ لای خۆی رادەکێشێ. خەڵک هەمیشە هەڵوەدای زمانی دەوڵەمەند و پێشکەوتووە. کەس بە زۆر ملی خەڵکی نەگرتووە فێری ئینگلیزی ببن. زمانێکی پێشکەوتووە بۆیە خواستراوە. کوردیش دەتوانێ زمانی خۆی ئاوا لێبکات، بەڵام پێویستە یەکەمجار واز لە تەمبەڵی و بێ هیوایی بهێنێ. گەر بۆ خەونی گەورەش کار بکات، ئەم خەونەی ئەمڕۆ بە مەحاڵی تێدەگات بەیانی دەبێتە رابردوویەکی راست کە تێیدا هاتووەتە دی.

سێیەم: ئاستی مەعریفی و زانستی تاکی کورد دێنێتە ئاستی جیهانی پێشکەوتوو و کوردستانیش بە جیهانی پێشکەوتوو گرێدەداتەوە. هەروەها زمانی کوردیش دەکاتە زمانێکی زیندووی جیهان و لەوانەشە لە دوای 20 یان 30 ساڵی دیکە ببێتە دەوڵەمەندترین زمانی ناوچەکە، بە شێوازێک لە جیاتی قوتابی کورد بچێتە میسر و سوودان و لوبنان و ئوردن بۆ خوێندن ئەوکات بە دووری مەزانە قوتابیانی عەرەب و تورک بێنە کوردستان بۆ خوێندن.

ئەگەر ئەم مەسەلەش بە لای کوردەوە قورسە، بەڕای من وا باشترە لە جیاتی ئەو چەند شێوەزارە شڕ و پەڕپووتەی هەمانە لە نێو زمانی کوردیدا، زمانی ئینگلیزی بکرێتە زمانی خوێندن و زانست، هەر لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە. ئینجا لە جیاتی تەرجەمەکردن، دەکرێ کتێب بە زمانی ئینگلیزی بهێنرێت بۆ زانکۆکان، تا زمانی ئینگلیزی بەتەواوی هەیمەنە دەکات. لە تەک ئەمەشدا زاراوە ناوخۆییەکانی کوردیش دەکرێ بمێننەوە بۆ پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا و ژیانی رۆژانەیان. ئەگەر یەکێکیش لەم دوو رێگایە هەڵنەبژێرین ئەوا تا ماوین هەر گیرۆدەی ئەو دەردەسەریە دەمێنین کە هەر لە بنەڕەتەوە تێیکەوتووین!

بەڵام ئەم پرۆژەیە خەیاڵی نییە و دەکرێ لە کوردستان جێبەجێ بکرێت. ملیاران دۆلاری نەوت هەیە دەکرێ لە پرۆژەیەکی ئاوادا سەرف بکرێت.

بێگومان، بەرهەمی ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زانست و مەعریفە و ژیان بە گشتی لە نێو کۆمەڵگای کوردستان. هەزاران کەس دەبێتە خاوەن کار، فرسەتی زۆرتری کاریش بەرهەم دەهێنرێت. بەسەر ئەمە هەموویەوە، کوردستان باوەش دەگرێتە رابوونێکی شارستانیی ئەوتۆ لە ئاست رابوونەکەی ئەوروپا کە لە سەدەی پانزەهەمەوە دەستیپێکرد و سەرەتاش لە رێگای تەرجەمەکردنەوە، رێنیسانس سەری هەڵدا. هەروەها رێنیسانسی عەرەبیش تا رادەیەکی زۆر، قەرزداری تەرجەمەکردنی بەرهەمەکانی زمانەکانی دونیای ئەو سەردەمەبوو.

هەر کەسێکی باڵادەست لە کوردستان، لەرێگای وەخۆگرتنی پرۆژەیەکی ئاوا دەتوانێت ناوی خۆی لە مێژوودا تۆمار بکات، ئێمەش ناواخنی پێکهاتەی میللەتێکی پێشکەوتوو و گونجاو و هەماهەنگمان دەستدەکەوێت. زۆرێکیش لەم گرفتانەی ئەمڕۆ هەمانە، بە پرۆژەیەکی ئاوا چارەسەر دەبن.



عەبدولڕەحمان ئەحمەد وەهاب

# بازاڕی کار، رێگەیەکی تەمومژاوی بۆ فێرخوازان

لە ئاهەنگی ئەمساڵی دەرچوونی فێرخوازانی زانکۆی ئەمریکیدا لە سلێمانی، نووسەری ئەمریکی تۆماس فریدمان بە فێرخوازانی گوت کەوا لەبری ئەوەی بە دوای هەلی کاردا بگەڕێن، باشترە خۆیان پیشە و کارێک دابهێنن. هەفتەیەک دوای ئاهەنگەکە، سایتی (ڕووداو)یش راپۆرتێکی لەسەر ئەم قسەیەی فریدمان بڵاوکردەوە. راپۆرتەکە بە هەمان شێوەی فریدمان نموونەی هێناوەتەوە کەوا چۆن وا وردە وردە پیشە و کار پێویستیان بە مرۆڤ نامێنێ. لە هەردوو بارەکەشدا ئەوە بە گوێی فێرخوازان و لاوانی کوردستاندا درا کە لەسەریانە خۆیان بۆ دنیا و بازاڕی نوێ ئامادە بکەن. کارکردن و دامەزراندن و پەیوەستبوون بە پیشەوە بابەتی سەرەکیی قسەوباس و خەم و خولیای فێرخوازان و خانەوادە و کۆمەڵگەن. لە بەرەبەری تەواوبوونی خوێندنی زانکۆش ئەم بابەتانە بە شێوەیەکی سەرەکی چڕدەبنەوە، چونکە ئیدی دەبنە هەنگاوی سەرەکیی پاش خوێندنی زانکۆ. پیشە و کارکردن و دامەزراندن و بەشداریکردن لە کایە ئابوورییەکاندا بەشێکی سەرەکیی مەبەستی پەروەردە و فێرکردن پێکدەهێنن و پێکهاتەی گشتیی فەلسەفە و سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە جیهان و لە کوردستانیشدا لە زۆر رووەوە لەسەر بنەمای پێکهێنان و بنیاتنان و فراوانکردنی دەرفەتە ئابوورییەکان دامەزراون.

تێکەڵکردن و بەستنەوەی پەروەردە بە بازاڕی کارەوە زۆرجار وەک واقیعێکی بێ کێشە و پرسیارلێنەکراو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەوەی لەم تێکەڵکردنەدا ناچێتە گفتوگۆ و روونکردنەوەوە، ئەو پرۆسە سیاسی و ئایدیۆلۆجیانەن کە نەخشی کایە ئابوورییەکان دیاری دەکەن. وتەکانی فریدمان بە شێوەیەکی روون ئەو بۆچوونە سیاسییە دەردەبڕێت کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر لەخۆیان گرتووە و، پێشکەشکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی کۆن و ناتەواوە لە بەرگێکی نوێدا. لەم باسەشدا پرۆسەی پەروەردە و خوێندن دەکرێتە ئەو پەردەیەی کە رووی راستەقینەی مامەڵە ئابوورییەکان و پێکهاتەی بازاڕی کاری پێ دەشاردرێتەوە. بەناوی کایەی زانستی و ئەکادیمییەوە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن روویەکی ناسیاسی و نائایدیۆلۆجی دەداتە کایە ئابوورییەکان، بەمەش کۆمەڵگە تەنها لە رووکەشدا بەشداری کایە ئابوورییەکان دەبێت، کەچی لەڕاستیدا کەمینەیەکی سیاسیی سەرمایەدار دەسەڵاتیان بەسەر کۆی کایە ئابوورییەکاندا دەسەپێنن. تۆماس فریدمان بە دوو خاڵ گوزارشت لە گرێدانی بەهاکانی بازاڕ بە پرۆسەی پەروەردەوە دەکات. یەکەمیان ئەوەی کە فێرخوازان و لاوان دەبێت بەرپرسیارێتی پێکهێنان و دۆزینەوەی کار و پیشە لە ئەستۆ بگرن. دووەمیان پێوانەکردنی بەهای خوێندنی چەندساڵەی زانکۆ بە وابەستەبوون بە بازاڕی کار و پیشەوە.

بەرپرسیارکردنی لاوان لە دۆزینەوەی کاردا وێنەیەکی ناتەواوی دنیا و ژیان لە هەرێمی کوردستاندا دەنەخشێنێ، وەک بڵێی بێ هیچ رێگری و ململانێی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجی و سیاسی دنیا رووتەختێکی سپی بێت و ئامادە بێت تا لاوان نیگاری داهاتووی خۆیانی لەسەر بکێشن. ئەگەر باسی بەرەنگاربوونەوە و رەخنەکاریی ئەو سیاسەت و تێڕوانینە بۆ جیهان نەکرێت کە بڕیار لەسەر بەهای مەعریفە و توانای فێرخوازەکان دەدات، مانای وایە داوای ئەوە دەکرێت فێرخوازان جیهانی ئەمڕۆ وەک شتێکی تەواو و باش قەبووڵ بکەن یان وەک واقیعێک ملکەچی ببن. ئەوەی فریدمان لە فێرخوازانی داوا دەکات ئەوەیە بە سانایی لە پەراوێزی واقیعدا پیشەی نوێ بۆخۆیان پێکبهێنن. لەم پرۆسەیەشدا، (ڕووداو) وەک دەزگایەکی میدیایی فراوانخواز، لە کۆی قسەکانی فریدمان ئەو بەشەی دابڕیوە و کردوویەتی بە راپۆرت بۆ تەواوکردنی ئەو نەخشەی کە کەسە سیاسییەکان دەیکێشن.

ئەوەی زۆر بەم گوتارە دڵخۆشە لە کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسیی ئابوورییە، چونکە باسکردنی پێکهێنانی کار و پیشە و داوانەکردنی هەلی کار زۆر ئاسایی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەهانەیەکە بۆ هەڵاتن لەو بەرپرسیارێتییەی لە دابینکردنی دەرفەتی کار و کردنەوەی دەرگا ئابوورییەکان بە ڕووی گەنجاندا لەئەستۆیانە. هەڵنانی فێرخوازان تا پیشە و کاری خۆیان بنیات بنێن، بێ ئەوەی دەسەڵاتداران لە پرۆسەی پشتگیری و رێگەپێدان و کردنەوەی دەرگا داخراوەکاندا بەرپرسیار بن، فێرخوازان دەخاتە نێو گێژاوێکی نەبڕاوەوە. لە روویەکەوە رێگریی سیاسەت و گەمەکانی دەسەڵات لە کایە ئابوورییەکاندا لاوان تووشی قەیرانی دووڵی و ماندووبوونێکی بێ هوودە و راکردن بە دوای سەرابدا دەکەن، لە روویەکی دیکەوە نادڵنیایی و بێئاکامیی ساڵانی خوێندن و بێنرخبوونی بڕوانامە و بوونی مەعریفە و تواناکان بۆ لاوان دەسەلمێت و دەگەنە ئەو بڕوایەی کە خوێندن و زانین لە نەخشاندنی کایەکانی ژیاندا هیچ بەهایەکیان نییە. پێکهێنانی بواری کار و پیشەی نوێ تەنها لە کاتێکدا مانای ئیجابی دەداتە لاوان کە هەوڵێک بێت بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و هێز و بەرفراوانکردنی مەوداکانی بەشداریکردن لە پێکهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا، نەک وازهێنان لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتداران و پاوانخوازانی بازاڕ و بوارە جیاجیاکانی کارکردن.

فریدمان بەهای کۆی خوێندن و کۆشش و خەرجی فێرخوازان و خانەوادەی فێرخوازان لە کارکردن لە پیشەیەکدا کە هێشتا لە ئارادا نەبێت، بچووک دەکاتەوە. ئەم گوتارە، کە بەهای خوێندن لە بازنەی بازاڕدا بچووک دەکاتەوە، کێشمەکێشە سیاسییەکانی پێکهاتن و برەوپێدانی هەر پیشە و کارێک، نەک تەنها لە جیهاندا بەڵکو لە هەرێمی کوردستانیشدا، دەشارێتەوە. ئەم گوتارە وا دەکات فێرخوازان لە ئەگەری بێئیشیدا یان لە گیرسانەوەیان لە کارێکی نەخوازراودا تەنها گلەیی لە خۆیان و لە خوێندنیان بکەن، نەک لە دەسەڵات و ناوەندەکانی کار و لە سیاسەتەکانی برەوپێدانی کار و پیشە و کایە ئابوورییەکان. کێشەی چوارچێوەدارکردنی پرۆسەی پەروەردە و خوێندن بە کایە ئابوورییەکان نەک تەنها مەبەستەکانی پەروەردە لە یەک مەبەستدا بچووک دەکاتەوە بەڵکو توانای دەستێوەردان و بڕیاردان لە ئامانجەکانی پەروەردەدا دەداتە دەسەڵاتە سیاسی و ئایدیۆلۆجییە ئابوورییەکان، بەمەش هێزی ئەو دەسەڵاتانە فرەمەودا دەکات. لە کۆی ئەمەشدا پرۆسەی پەروەردە، وەک کایەیەکی ئەخلاقی بۆ بەهێزکردنی پێگە مرۆییەکانی وەک ئازادی و عەدالەت و هەماهەنگی، هیچ بەهایەکی نامێنێت تەنها بەو پێوانەیە نەبێت کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بڕیاری لەسەر دەدات.

کایە ئابوورییەکان و مامەڵەی بازاڕکاری ناکرێت لەسەر بنەمای ململانێی وەرزشی و کایەی هاوشێوە بیریان لێ بکرێتەوە، چونکە تەنها پلاندانان و بەگەڕخستنی توانا مرۆیی و ماددییەکان ناتوانن سەرکەوتنی بازاڕ مسۆگەر بکەن. مامەڵەی بازاڕکاری، بەتایبەتی لە دنیای ئێستادا، مامەڵەکردنێکی سیاسییە، واتە ئەوە سیاسەت و بەکارهێنانی دەسەڵاتە کە بڕیار لەسەر نرخی بابەتە پێشکەشکراوەکان دەدات. لەم بڕیاردانەشدا توانا و پلاندانان و زیرەکی هێندەی هێز و دەسەڵات کاریگەرییان نییە، چونکە هێزی بڕیاردان لە مامەڵە ئابوورییەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەسەڵاتەوەیە نەک لە بەهای خودی بابەتە ئابوورییەکانەوە. گرێدانی کایە ئابوورییەکان بە پەروەردەوە لە روویەکەوە سنووردارکردنی پرۆسەی پەروەردەکردنە و سڕینەوەی مەبەستە مرۆییە ئەخلاقییەکانە بە سوودی فراوانکردنی سەرمایەی کەمینەیەک. لە روویەکی دیکەوە شاردنەوەی رووە سیاسییەکەی بازاڕە بۆ دروستکردنی هێزێکی کارگوزاری دەستەمۆ. ئەمەش دەرفەت دەداتە سیاسی و دەسەڵاتدار و هێزە ئابوورییەکان کە ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەر کۆمەڵگە پشتگوێ بخەن و لە هەر حاڵەتێکدا گلەیی لە بێتوانایی و ناکاریگەریی پرۆسەی پەروەردە بکەن. دەسەڵاتدارانی ئابووری و بازاڕی کار لەبری ئەوەی خۆیان کارمەند و پیشەگەر بۆخۆیان ئامادە بکەن، ئەرکەکە دەخەنە سەرشانی ناوەندەکانی خوێندن. بەمەش دەیانەوێت بە هیچ یان بە کەمترین تێچوو باشترین کارمەندیان دەستبکەوێت. مەبەستە پەروەردەییەکانیش وردە وردە لەناو دەچن و مەبەستەکانی بازاڕکاری و ململانێی تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی کار ئەو دەسەڵاتە قۆرخکارە لە چنگی کەمینەیەکدا دەهێڵنەوە. بۆیە دەبینین لە ئێستادا سیاسەت و بازاڕ بڕیار لە چییەتی و چۆنیەتی پرۆسەی پەروەردە دەدەن بێ ئەوەی پەروەردەکاران بتوانن نە تانوپۆی کایە پەروەردەییەکان دیاری بکەن و نە لە کایە سیاسی و ئابوورییەکاندا رۆڵێکی ئەوتۆیان هەبێت.

ئەم گوتارە سیاسی و ئابوورییەی لە گەردنی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنەوە پێچراوە، وێنەیەکی ناڕاست و سەرلێشێوێنەر بۆ کێشەی هەژاری لە وڵاتدا دەکێشێت. کێشەی هەژاری کێشەی نەزانی و نەبوونی توانای کارکردن و پسپۆڕی نییە هێندەی کێشەی گەندەڵی و ناعەدالەتی و چەوساندنەوە و گەمەی هێز و دەسەڵاتە لە کایە ئابوورییەکاندا. کە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە بە دەستگیربوون لە کارێک لێکدەدرێتەوە، لە کاتێکدا دەرفەتی کارکردن پەیوەندیی بە گەمە ئابوورییەکان و قۆرخکاری و ئایدیۆلۆجیی سەرمایەدارییەوە هەبێت، ئیدی کاری پەروەردە دەبێتە گەیشتن بە ئامانجێک کە هیچ پەیوەندی بە هەوڵ و توانا پەروەردەییەکانەوە نییە. بۆ نموونە باسی پشتبەستن بە تەکنۆلۆجی و ئامێرەکان و سنووردارکردنی توانا مرۆییەکان لە کارکردندا رێک پێچەوانەی مەبەستی پەروەردەیە کە گەشەپێدان و فراوانکردنی سنوورەکانی توانا مرۆییەکانە. بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین کە جەختکردنەوەی تۆماس فریدمان و راپۆرتەکەی سایتی (ڕووداو) لە توانای رۆبۆت و بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان و جێگرتنەوەی مرۆڤ، واتە باسکردنی پێویستنەبوونی توانای مرۆڤ لە کارکردن لە کوردستاندا بە سوودی کێ دەشکێتەوە و کێ دڵی پێ خۆشە؟ ئەم قسانە کە لە کوردستاندا دەکرێن، کێن ئەوانەی گوێقوڵاخی ئەم پێشنیازەن و بە روخساری داهاتووی کوردستانی دادەنێن؟ لە کوردستاندا کێن ئەوانەی گیرۆدەی زۆریی لاوان و پەستانی شەقامیان لەسەرە؟ چ گاڵتەجارییەکە بەو فێرخوازانەی زانکۆی ئەمریکی و لاوانی کوردستان دەکرێت کە لەلایەک پێیان بڵێیت نرخی هەوڵ و کۆششی چەندساڵەی خۆتان و خانەوادەتان بە دۆزینەوەی کارەوە بەستراوەتەوە، کەچی باس لە دنیایەک بکەیت کە تیایدا مرۆڤ وردە وردە بەهایەکی ئەوتۆی لە کایە ئابوورییەکاندا نامێنێ؟ ئەمەش بەتایبەتی کە باسی ئەوە نەکرێت ئەم کۆمەڵە مرۆڤە چی بکەن تا بەرەنگاری ئەو هێز و دەسەڵات و رەوتە پاوانخواز و سەرمایەخوازانە ببنەوە کە رۆبۆت و بەرنامەی کۆمپیوتەریان پێ لە مرۆڤ گرنگترە.

هەر پرۆسەیەکی پەروەردەیی گەر برەودان بە بیر و هۆشیاریی رەخنەگرانە لای فێرخوازان نەکاتە مەبەستێکی سەرەکی و گەر فێرخوازان لە نهێنییەکانی پەیوەندیی هێز و دەسەڵات بە کایە مەعریفی و سیاسی و ئابوورییەکانەوە هۆشیار نەکاتەوە، ئەوا ئاسایی دەبێتە پرۆسەیەکی چەوسێنەر و خەڵەتێنەری فێرخوازان و، بۆ تەسلیمبوون بە تارماییەکانی واقیع ئامادەیان دەکات. بۆیە پرۆسەی پەروەردە دەبێت پرۆسەیەکی رەخنەگرانە بێت تا ئەو کایە ژێربەژێر و نادیارانە ئاشکرا بکات و بگۆڕێت کە تەنها گرنگی بە خولیا و توانا و دنیای دەوڵەمەند و نوخبەی سیاسی و ئابووری دەدەن و لە دژی هەوڵەکانی هەژاران و بێدەسەڵاتان دەوەستنەوە. ئەوەی لە کوردستاندا گرنگە وەک دەرەنجامی فێربوون و مەبەستی پەروەردە بەرەوی پێبدرێ، پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکی رەخنەگرە لەسەر بنەمای بنیاتنانی کۆمەڵگە و گەیشتن بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی نەک دابڕینی کۆمەڵگەکان لە یەکدی و فراوانکردنی خەرەندەکانی نێوان دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات و دەوڵەمەند و هەژاران. کاری زانکۆ و ناوەندەکانی دیکەی خوێندنیش لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی رەخنەگرانەدا پێگەیاندنی پیشەوەران و کارمەند و کارگوزاری دەستەمۆکراو بە یاساکانی بازاڕ و جووڵانەوە بەپێی رێنماییەکان نییە، بەڵکو پێگەیاندنی مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئیجابی و هۆشیار و رەخنەگرە کە پێکهێنەر و بڕیاردەر و بەشداری کایە جۆربەجۆرەکانی ژیانن.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# تورکیای نوێ، کابووسی گەورەی ئەوروپا

هــەر لــەو ڕۆژەوەی کە کۆماری تورکیا لە 1923وە دامــەزراوە، ئامانجی هەرە گەورەی ســەران و دامەزرێنەرانــی ئەو کۆمــارە ئەوە بــوو کــە تورکیا لــە جوگرافیــا و کەلتوورە ڕۆژهەڵاتییەکــەی دابــڕێن و بــە جوگرافیــا و میللەتــەوە بیکەنــە وڵات و کۆمەڵگایەکــی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی.

هەوڵەکانــی تورکیــا لە چەندیــن دەیەی ڕابردوودا بۆ بوونە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا، نــاکام بــوون. ســەرانی پێشــووی تورکیــا ئەندامێتــی وڵاتەکەیان لــە یەکێتیی ئەوروپا وەک تاکــە ڕێگــەی دەربازبــوون لــە هەموو قەیرانــەکان دەبینی و بەچــاوی ڕزگارکەری مەزن تەماشــای ئــەو یەکێتییەیــان دەکرد. وڵاتە ئەوروپییەکان کە بەردەوام لە زاکیرەی مێژوویی خۆیاندا، عوسمانییەکان و فتوحاتی ئەوروپای ئەو ئیمپراتۆریەتەیان لەبیرە، قەت نەیانتوانی و نەیانویســت تورکیای موسڵمان بێتە ناو ئەو یەکێتییە کریستیانەوە.

لە 12 ســاڵی ڕابردوودا و لەو کاتەوەی کە سیاسەتی تورکیا لە دەستی تاقمێکی مێژوویی دەرهات و سیاســەتمەدارانی ئەنــەدۆڵ، ئەو کوڕانەی کە باوکیان لە کوولەکەی تەڕیشــدا ناوی نەبــوو، مامێکیان یان باپیرێکیان قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان پۆســت، یــان پلەو پایەیان نەبــوو، هاتن و جڵــەوی دەســەڵاتیان گرتە دەست، ئیتر وردە وردە سەروسیمای حوکمی تورکیــا گۆڕا. ئەو سیاســەتمەدارە تازانە کە بە فکر موسڵمان و موحافزەکار بوون، دڵنیا نەبوون لەوەی ڕۆژێک وەک حکومەتەکانی پێش خۆیان بکەونە بەر غەزەبی دامودەزگاکانی ناو دەوڵەتــەوە. بۆیە لە سیاســەتی دەرەوەیاندا درێــژە پێــدەری دروشــمەکانی ئەندامێتــی لــە یەکێتــی ئەوروپا بــوون و تەنانــەت لەو پێناوەشــدا هەنگاوی جددییان لە مەسەلەی مافی مرۆڤ و ئازادییەکاندا هاویشت.

ئەوروپییــەکان کــە ڕۆژ بــە ڕۆژ بازنــەی یەکێتیەکەیــان بــەڕووی وڵاتانــی دیکــەی ئەوروپــای کریســتیاندا دەکــردەوە، زۆر لەو ڕیفۆرمانــەی تورکیــاش خۆشــحاڵ نەبــوون کــە وا بکات بیانوویان نەمێنێ. بە ســیلەی چاویــش لەوەیــان دەڕوانــی کــە وەک چۆن لە شەســتەکان، حەفتــاکان، هەشــتاکان و ناوەڕاستی نەوەدەکان، سوپا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت، شتێکی ئاواش لەساڵانی دوو هەزار ڕوویدات.

هەوڵــەکان بــۆ درووخســتنەوەی پارتــی داد و گەشــەپێدان AKP لــە کۆتایــی خولی یەکەمی دەسەڵاتی ئەو حیزبە دەستیپێکرد و دواتریش هەوڵێکی سەرنەکەوتووی کودەتای ســەربازی ئاشــکرا بــوو. سیاســەتمەدارە نوێیەکانی تورکیا سەرباری ئەوەی لە ناوخۆی وڵاتــدا لەگەڵ چەندین کێشــەی بە جێماو لە کۆمــاری تورکیــا و کەمالیزمەوە بــەرەوڕوو بوون، دەبووایە ڕوخســاری تورکیاش لەسەر ئاســتی نێودەوڵەتــی تەعمیر بکەنــەوە. بە شــێنەیی و زیرەکانــە، لــە خولــی دووەمی دەســەڵاتیاندا دەستیان بە ڕیفۆرم کرد و زۆر لــەو دامەزراوانەی تورکیایــان هەڵتەکاند کە مەترسیی ئەوەیان لێ هەبوون ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دەرەوەی سندووقی دەنگدانەوە، خۆیان و حیزبەکەیان ڕابماڵن. لە دەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر و بــە تایبەتیــش لە جیهانی ئیســلامیدا توانیان ببنە حیزبێکی نموونەیی موسڵمان کە پابەنــدی بنەماکانی مافی مــرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسیەکانن. نموونەیەکیان لە موسڵمانی ســکۆلار پێشکەشــی دنیا کرد و بەوەش لە سیاســەتی دەرەوەیانــدا بــازی گەورەیــان هاویشــت. ئەم کرانەوانەی ناوخۆ و دەرەوە، تورکیــای بەرەو ســەقامگیرییەکی سیاســی و ئابــووری ئەوتۆ برد کە بتوانێ ســەرمایەی دەرەکی بۆ لای خۆی ڕابکێشــێت و ئابووریی تورکیا لە 12 ســاڵدا ســێ بەرابەری هەموو مێژووی کۆمــاری تورکیا ژمــارەی پێوانەیی تۆمار کرد.

جیۆســتراتیژی تورکیــا لــە مەســەلەی وزە، ســتراتیژی سیاســەتمەدارە تازەکان و بێمنەتبوونیان لە ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا، ئەوروپییەکانــی نیگــەران کــردووە، چونکە جــاران هــەر چۆنێک بووایە لــەو ڕوانگەیەوە کە تورکیا بەردەوام قــەرزدار و لەرزۆک بوو، ئەوروپییەکان بە تایبەتیش ئەڵمانیا دەستیان دەخســتە سیاســەتی ناوخــۆ و دەرەکیــی تورکیــاوە و سیاســەتمەدارە کۆنەکانیش بە خۆشــحاڵییەوە لێیــان قەبووڵ دەکــردن. لە تورکیــای سیاســەتمەدارە نوێیەکانــدا، ئیتر قسەی وڵاتانی ئەوروپی نایخوات، سیاسەتی دەرەوەی تورکیــا لە ڕۆژهەڵاتــەوە بۆ ڕۆژئاوا پەیوەنــدی دروســت دەکات و ئیتــر ڕۆژئاوا وڵاتــی خەونەکانــی تورکە نوێیــەکان نییە. بەپێچەوانــەوە بــە یەکێتییەکــی نەخۆشــی ئیفلیجی دەزانن و لە دڵی خۆیاندا دەڵێن زۆر چاک بوو کە ئەوان تێیدا ئەندام نەبوون.

ئەو تورکیایە نوێیە کە نفوســێکی گەنجی یەکجــار گەورەی هەیە، بە دینامیزمەکانی لە بــواری وزە، ئابــووری و سیاســەتدا، ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتــر دەبێ و دەبێتە کابووســێک بۆ ئەوروپییەکان، ئەو کابووسەی کە ڕۆژێک بێت عوسمانی زیندوو ببنەوە...



قەرەنی قادری

# کۆماری ئیسلامی و ڕووداوەکانی عێراق

ئەمریکا لە ســاڵی 2003دا شەڕی لە دژی ســەددام بــردەوە، بەڵام تا ئێســتا ئاشــتی لە عێراقــدا نەهاتووەتە کایەوە. سیاســەتە چەوتەکانــی ئەمریــکا لــە عێــراق کارێکــی وایان کرد کــە کۆماری ئیســلامی بــراوە بێــت و بە چەشــنێک دەستڕۆیشتوویی ئەو لە عێراقدا مسۆگەر بکات. تــاران نەیتوانی ڕژێمی ســەددام بڕووخێنــێ، بــەڵام زەبــری ئەمریــکا لە ڕژێمــی بەعــس، کۆماری ئیســلامیی لە عێراقدا کردە هاوکێشە کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی شــیعە لە عێراقدا و بە تایبەت پشــتیوانی لە مالیکی، دەوری سەرەکی هەبێت.

هاتنــی داعــش و داگیرکردنــی چەند شــار و ناوچەیەک لە عێراق، نەک تەنیا مالیکــی، بەڵکــو کۆماری ئیســلامیشــی تووشی شۆک کرد. تەواوی هەوڵی ئێران ئــەوە بــوو کــە حکومەتەکــەی مالیکی تووشی کێشــەی لەو چەشنە نەبێتەوە، چونکە هەم هاوســنوورە لەگەڵ کۆماری ئیســلامی، هەمیش کۆماری ئیســلامی خاوەنــی کۆمەڵێک کێشــەی ناوخۆییە. بێشــک شکستی سیاسەتەکانی مالیکی، بە چەشــنێک شکستی سیاســەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراقدا دەگەیێنێت. تاران هەستی بەوە کردووە و نیگەرانیشە. چەند ڕۆژ بەر لە ئێســتا عەلی یونســی، ڕاوێژکاری سەرکۆماری ئێران لە سەردانی بۆ لوڕســتان و لە ژێر کارتێکەرییەکانی داعشدا ورییایی دا: "باسی کافر و ئیسلام وەڕێ مەخــەن، خۆتــان بــە ئیســلام و ئەوانیتر بە کافر لە قەڵەم مەدەن".

هــاوکات ناوەنــدی توێژینــەوەی مەجلیسی ئێران لە ڕاپۆرتێکدا بە ئاماژە بــە "مەترســی"یەکانی داعش بۆ ســەر ناوچە سوننییەکانی عێراق، دەڵێت: "بۆ چارەســەرکردنی ئــەو قەیرانــە، ڕاوێژ و هاوکاری لەگەڵ ئەمریکادا بکەن، چونکە زاڵبوونی داعش بەســەر ئەو دەڤەرانەدا، زۆرتریــن هەڕەشــەی ناوچەیی بۆ ســەر ئێران دەخولقێنێ". سەبارەت بە کوردیش هاتــووە: "هــەر چەندە کــورد هاوکاریی خۆیان بە دژی داعش ڕاگەیاندووە، بەڵام کــردەوەی ئــەوان ئەمە نیشــان نادات". تەنانەت لە ڕاپۆرتەکــەدا ئاماژە بەوەش دراوە کــە "لــە کاتــی ســەقامگیربوونی داعش لە ناوچە ســوننییەکاندا، ئەگەری ئــەوە هەیە عێراق دابەش بێت و ئەمەش مەترســییە بۆ ســەر یەکپارچەیی خاکی ئێــران". کێشــەی ئەمجــارەی کۆمــاری ئیسلامی لەگەڵ سوننەکان بەپێچەوانەی پێشوو، گوێزراوەتەوە سەر سنوورەکانی ئێــران، ئەمــەش ڕاســتەوخۆ کۆمــاری ئیســلامی ڕووبــەڕووی عەرەبســتانی ســعوديی هاوپەیمانی ئەمریکا دەکاتەوە کە تا ماوەیەک بەر لە ئێســتا لە هەوڵی ئەوەدابوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕیازدا ئاسایی بکاتەوە.

## داعش و کۆماری ئیسلامی

کێشەی داعش لە عێراق، زۆر جیاوازە لــەوەی ســووریا. بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەوەش کە کۆماری ئیســلامی ئەمجارە دەبــێ لــە وڵاتێکــی دیکەشــدا تێچووی سیاســی، ئابووری و دیپلۆماســی بدات. گــەر کێشــەی داعــش و ســوننەکان لە عێراقدا درێژخایەن بێت، بێشــک هەم لە ناوەوەی ئێران و هەمیش لە ناوچەکەدا، تــاران تووشــی گرفتــی گەلێــک جددی دەکاتــەوە. فەتوای عەلی سیســتانیش، دۆخەکــەی ئاڵۆزتر کرد و هــەر بەدوای ئەویشــدا ســەرکۆماری ئێران ڕایگەیاند: بــۆ پاراســتنی مەزارگــە "پیرۆز"ەکانی شــیعە ئامادەیە هەموو کارێک بکات. کە ئەمەشیان بە چەشنێک فەتوای ئێرانە و گڕی ئاگری شەڕی نێوان شیعە و سوننە خۆشــتر دەکات، بــەڵام ئــەو دەنگەش لــە ئێرانــدا هەیە کە کۆماری ئیســلامی جارێکی دیکە بە ڕێگەی ئەمریکاوە خۆی لەو تەنگژەیە دەرباز بکات.

ئۆبامــاش لــە بری ئەوەی ســەرباز ڕەوانەی عێراق بکات، چەند مەرجێکی سیاســی بــۆ مالیکی دیــاری کردووە کە باس لە چاکســازی لە سیســتەمی حوکمڕانــی لە عێراقــدا دەکات، بەڵام تا ئێســتا مالیکــی وەڵامێکی ئەوتۆی بە ئەمریکا نەداوەتەوە. جێی ئاماژەیە کە لە ساڵی 2003وە تا ساڵی 2011، تێچــووی ســاغکردنەوەی ئەرتەشــی عێراق لەلایــەن ئەمریــکاوە 25 ملیار دۆلار بــووە، نزیــک بــە 4500 کەس لــە هێــزە ئەمریکییەکان لــە عێراقدا کــوژراون و تا کۆتایی ســاڵی 2011، تێچووی شەڕی ئەمریکا لە عێراق یەک تریلیۆن دۆلار بووە. جیا لەو تێچووە، سیاســەتەکانی ئەمریکاش لە عێراقدا شکســتی هێناوە و ئەو مەرجانەی کە ئۆبامــا بۆ عێراقــی دیاری کــردوون، لەڕاستیدا چەشــنە پێداچوونەوەیەکە بــە سیاســەتەکانیاندا. لەلایەکــی دیکەوە، تاران لە هەوڵی ئەوەشــدایە کە هەرێمی کوردســتان ڕاکێشــی ئەو شــەڕە بکات. بــەڵام کێشــەی عێراق لــەوە کۆنترە و ئاڵۆزترە کە ســوپای قــودس بتوانێت تێیدا ســەرکەوێت و دەســتی باڵای لە سیاســەتی عێراقدا هەبێــت، چونکە بە لادانــی مالیکی و چاکســازی لــە پێکهاتەی دەســەڵاتی سیاسی (دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەســەڵات) و دەســتووری هەمیشەیی عێراق، دەتوانێت تا ڕادەیەک دۆخەکە هێــور بکاتەوە کە ئەمەشــیان لەگەڵ سیاسەتی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا یــەک ناگرێتــەوە. لەلایەکــی دیکەوە کۆماری ئیســلامی بە باشــی هەستی بــەوە کردووە کە عێراق ســووریا نییە و کێشەکانی عێراق چەشنێکی دیکە و ناواخنێکــی دیکەیــان هەیە و ئەگەری لێکترازانی عێراق گەلێک زۆرە، چونکە هاوکێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە جــاران زۆرتــرن و جموجۆڵی کۆماری ئیســلامیش بەرتەســک دەکەنــەوە و ئەگەری ئەوەش زۆرە کە عێراق ببێتە زەلکاو بۆ کۆماری ئیسلامی.



مەجید نیزامەدین گلی*

# گوتارەکەی ئۆباما مێژوو دەگۆڕێ

ڕاســتە باراک ئۆباما باســی هیچ شتێکی تــازەی نەکــرد دەربــارەی عێــراق، بــەڵام گرنگیــی گوتارەکەی لــەوەدا نەبوو کە چی گــوت. بەڵکو لــەوەدا بوو کە چــی نەگوت و چ جــۆرە بڕیارێکــی دا. گوتارەکەی 19ی حوزەیرانــی بــاراک ئۆبامــا ڕەنگدانــەوەی کەمبوونــەوەی ترســی ئەمریــکا بــوو لــە سیناریۆی دابەشبوونی عێراق.

ئۆباما، کە سەرکردەی بە هێزترین وڵاتی جیهانە، پێگەکەی وای لەســەر دەســەپێنێ کە وشــەکانی زۆر بــە وردی هەڵبژێرێ. لە گوتارەکەیــدا "پاراســتنی یەکێتیــی خاک" بەشــێک نەبــوو لــە ئامانجەکانــی ئەمریکا لــە عێــراق. "شــەڕی تائیفــی لە عێــراق چ پەیوەندییەکــی بــە بەرژەوەنــدی نەتەوەیی ئەمریکاوە هەیە؟" ڕۆژنامەنووســێک ئەمەی پرسی. لە وەڵامدا ئۆباما گوتی بەرژەوەندیی ئەمریــکا لە عێراق بریتییە لــە "ڕێگە گرتن لە شــەڕی تائیفی سەرتاسەری کە هەڕەشە لە ســەقامگیریی ناوچەکە و ڕۆیشتنی نەوت بــکات"، هەروەها "دروســتنەبوونی مۆڵگەی ئارام بۆ داعش لە ناوچەکە".

پاراســتنی یەکێتیــی خاکی عێــراق نەک هــەر یەکێ نەبوو لــەو خاڵانە، بەڵکو ئۆباما ئەرکی "دووبارە دروستکردنەوەی متمانە لە نێــوان پێکهاتەکانی عێــراق"ی بە تەواوەتی خستە ئەســتۆی عێراقییەکان خۆیان. ئەمە پێچەوانــەی زۆربەی گوتارەکانی پێشــووی ئۆبامــا بوو کە یەکپارچەیــی خاکی عێراقی وەکــو ئامانجێکــی سیاســەتی ئەمریکــی بــاس دەکرد. پێــش کەمتر لــە دوو مانگ، ئۆبامــا لــە بەیاننامەیەکــی کورتــی 150 وشــەییدا دەربــارەی هەڵبژاردنەکانی 31ی نیســانی ڕابــردووی عێراق، دوو جار باســی یەکگرتوویــی عێراقــی کــرد. ڕۆژی 19ی حوزەیران، لە میانەی گوتارەکەیدا کە زیاتر لە 4 هەزار وشــە بــوو، ئۆباما یەک جار بە ناڕاســتەوخۆ باســی لە یەکگرتوویی خاکی عێــراق کــرد، ئەویش کە داوای لــە وڵاتانی ئیقلیمی کرد ڕێز لە سەروەریی عێراق بگرن. ئەمــە ڕێکــەوت نییــە. ئــەو هۆکارانەی کە پێش گرتنی موســڵ لەلایەن داعشــەوە وای دەکرد ئەمریکا یەکپارچەیی خاکی عێراق بە ئەولەویــەت بزانێت، ئێســتا نەماون. تورکیا جیابوونــەوەی کــوردی عێراق بە هەڕەشــە نابینــێ و مانەوەی عێراق بــە یەکپارچەیی ناســەقامگیری زیاتری لێ دەکەوێتەوە وەکو لە دوو هەفتەی ڕابردوودا بینیمان.

## سەقامگیریی کەنداو یان یەکپارچەیی عێراق

دوای ڕووداوەکانــی موســڵ، عێــراق بــە کــردەوە دابــەش بووەتــە ســەر هەرێمــی کوردســتان، ناوچەکانــی ژێــر دەســتی چەکدارانی ســوننە و ناوچە شیعییەکان کە هێشــتا ئاڵای عێراق تێیاندا دەشــەکێتەوە. بــەڵام ئەم دابەشــبوونە ســەربازییە نابێتە هــۆی بەرقەراربوونــی ســەقامگیری لــە عێــراق ئەگــەر شــەرعیەتی نێودەوڵەتــی و ڕێککەوتنێکی سیاسی لەسەر نەبێ. ئەمەش بەبــێ ناوبژیوانیــی ئەمریکــی زۆر زەحمەت دەبێ، چونکە هیچکام لە ئێران و ســعودیە و تورکیا بێلایەن تەماشا ناکرێن لە عێراق.

ئۆبامــا لــە گوتارەکــەی ڕۆژی 19ی حوزەیــران، یەکپارچەیــی خاکــی عێراقــی وەکــو هێڵێکــی ســوور یاخــود ئامانجێکی سیاســەتی ئەمریکــی باس نەکــرد، چونکە ئەگەرێکی زۆر هەیە کە لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکان، ئیــدارەی ئۆباما دوو بژارەی لە پێش بمێنێتەوە لە عێراق. یان دابەشبوونی عێراق قبــووڵ بکات وەکو ڕێگەچارەیەک بۆ ڕاگرتنی شــەڕی سوننە و شیعە، یاخود ئەو ریســکە بکات و هەر لە دژی دروســتبوونی ســێ کیانی ســوننی و شیعی و کوردی بێت لە عێراق. ئەمەش دەبێتە هۆی بەردەوامیی شــەڕی تائیفی کە هەڕەشە لە سەقامگیریی ناوچەکە دەکات. ئۆباما هەر دەبێ یەکەمیان هەڵبژێرێ.

ئۆباما بژارەی سەربازی لە پێش نەماوە. لە گوتارەکــەی 19ی حوزەیرانــدا دوو جار گوتی کە ئەمریکا سەرباز نانێرێتەوە عێراق. ئەمــە تەنیــا ویســتی ئۆبامــا و ئیدارەکەی نییــە، بەڵکــو ڕەنگدانــەوەی ڕای گشــتیی ئەمریکییــە کــە لە دژی ئــەوەن وڵاتەکەیان ســەرباز بنێرێت بۆ عێــراق، تەنانەت ئەگەر هەڕەشەی دروستبوونی مۆڵگەیەکی ئارام بۆ گرووپێکــی وەکو داعش-یش هەبێ. ترســی دروستبوونی مۆڵگەیەکی ئارام بۆ ڕێکخراوە توندڕەوەکانی وەکو قاعیدە و داعش چەندین جار وەکو بیانوویەک لەلایەن ئیدارەی جۆرج بــۆش و باراک ئۆباماشــەوە بەکارهاتووە بۆ بەرپاکردنی شــەڕ و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت. بەڵام ئەم بیانووە بۆ ناردنی ســەرباز بۆ عێراق سوودی نییە. دوای گرتنــی ناوچەیەکــی زۆری عێــراق لەلایــەن چەکدارانی داعــش و بە پراکتیکی دروســتبوونی مۆڵگەیەکی ئارام بۆیان، بە گوێرەی گەورە کۆمپانیای ڕاپرسی یو گۆڤ، نزیکەی 70%ی ئەمریکییەکان هێشــتا هەر لــە دژی ناردنــی ســەربازانی ئەمریکین بۆ عێــراق. گیانی 4500 ســەربازی ئەمریکی و نزیکەی 3 تریلیۆن دۆلار نرخی شەڕی عێراق بوو بۆ ئەمریکا.

بــەڵام بــۆ ئەمریــکا ئــەم شــەڕە نابێ بەردەوام بێت، عێراق سووریا نییە. بەردەوام ڕۆیشــتنی نەوت لە کەنداوی فارســیەوە بۆ جیهان بەرژەوەندیی سەرەکیی ئەمریکایە لە ناوچەکە. هەر شەڕێکی سەرتاسەری سوننە و شیعە لە عێراق لەوانەیە ئاسایشی ناوخۆی ســعودیە و ئــوردن و هەنــدێ لــە وڵاتانــی کەنــداوی دەوڵەمەنــد بە نــەوت تێکبدات و بەردەوامیی ڕۆیشــتنی نــەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتەوە بــۆ بازاڕەکانــی جیهان بخاتە ژێــر هەڕەشــەوە. شــیعەی ســعودیە کــە نزیکــەی 10%ی دانیشــتووانی ئــەو وڵاتە زۆرینــە ســەلەفی ســوننەیەن، زۆربەیان لە نزیک ســنوورەکانی ڕۆژئاوای عێراق دەژین. گواســتنەوەی ئاژاوەی تائیفــی لە عێراقەوە بۆ ســعودیە شتێکی مەحاڵ نییە و ئەمریکا دەیــەوێ لەوە دڵنیا بێت کە ئەمە ڕوونادات ئەگــەر ئەوە لەســەر حســابی یەکپارچەیی خاکی عێراقیش بووە.

*** شــرۆڤەکاری نێودەوڵەتــی (تــۆڕی میدیایــی ڕووداو) و هەڵگــری بڕوانامــەی ماجســتێر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیویۆرک.**



ناسر باباخانی

# زەنگێکی مەترسیدار

یەکێــک لە هــەرە گرینگتریــن پێوەرەکانی وڵاتێکــی دیموکراتیــک و پێشــکەوتوو، هێما (ئیدێکــس)ی ئازادیی دەربڕینــی بیروڕایە کە بەهۆی ڕۆژنامەنووســانەوە دێتە ئــاراوە، واتە پەیوەندییەکــی ئەم ئەوێتی لــە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووســان و دەســەڵاتی دیموکراتیکــدا هەیــە، هــەر ڕادە میدیــا و ڕۆژنامــە ئازادتر و سەربەســتتر بــن ئــەوا ئەم وڵاتە ســیمایەکی دیموکراتیکتری هەیە. ڕێکخراوەی پەیامنێرانی بێ سنوور (RWB) وەک ڕێکخراوەیەکی جێی متمانە و باوەڕپێکراو لەســەر ئاســتی جیهان، لــە دواییــن ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ ســاڵی 2014، ڕیزبەنــدی ســەرجەم وڵاتانی دنیــای لە باری ئازادی ڕۆژنامەنووســانەوە لەسەر بنەمای ئەم هێمایانەی خــوارەوە دیاری کردووە کە بریتین لــە: بوونی بیــروڕای جیــاواز لــە میدیاکاندا، سەربەخۆیی میدیاکان لەهەمبەر هێزە سیاسی، ئابووری، ئایینی و نیزامییەکاندا، لێهاتوویی ئەو چوارچێوە یاسایــیانەی کــە چالاکی ڕاگەیاندن ڕێکدەخەن، شــەفافیەتی ئەو دامەزراوانەی کە چاودێریی چالاکیی ڕاگەیاندنن، توانایی و وزەی ئــەو ژێرخانانەی کــە خاوەندارێتی لە چالاکیی ڕاگەیاندن دەکەن و هەروەها فەزای گشــتی کە تێیــدا کاری میدیایــی دەکرێ. لــەو ڕاپۆرتەدا فینلاند، هۆڵەندا و نەرویج بە پلەی یەک تا سێ دێن و هەروەک جاری جاران وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویــن لــە دوایــن پلەکانــی ڕیزبەنــدی ئەم ڕێکخراوەدان. بە هەڵکەوت خاڵی سەرنجڕاکێش لەناو 180 وڵاتی دنیادا پلەی ئەو وڵاتانەیە کە نەتەوەی کورد تێیاندا دابەش بووە: تورکیا بە پلــەی 154، ئێــران بە پلــەی 173، عێراق بە پلەی 153 و ســووریا بە پلــەی 177!!! دیارە حەوجــێ بــە گوتن نــاکات لەم چــوار وڵاتەدا کــورد بەردەوام بووەتە قوربانی جینۆســاید و تیرۆریســمی دەوڵەتی و دنیــاش ئاگاداری ئەم غەدرەیە. ڕۆژنامەنووســان و ڕۆشنبیرانی کورد لە ژێر توندترین گوشــار لەم وڵاتانەدا خەریکی ئیشــن و دواجــار کونجی زینــدان جێگایانە و دیــارە دنیای دیموکراتیــک و خوازیاری ئازادی و یەکســانی و مافی مرۆڤ بەهــۆی ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی ئاگاداری ئەم کێشانەیە، لێرەدا دەبێ کورد ئەم هەلە بۆخۆی بقۆزێتەوە و خۆی لــەم وڵاتانە جیاواز نیشــان بدات هەرچەندە با ویژدان ســەنگی مەحەک بێ ئازادی دەربڕینی بیــروڕا، ڕادەی بڵاقۆکــی کــوردی و میدیــا و ڕۆژنامەنووســانی ڕەخنەگــر لــە ژێــر چەتری دەســەڵاتی کوردیــدا لەچاو ئەم چــوار وڵاتەی باســمان لێکرد تەنانــەت وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت زۆر زیاترە و ئازادتر خەریکی کاری خۆیەتی، بەڵام ئەگەر کورد بەدووی وەدیهاتنی خەونــە لەمێژینەکەیەتی دەبێ زۆر وشــیارانە لەگــەڵ دۆخــی ئازادیــی میدیــا و ڕۆژنامــەدا مامەڵــە بکات کــە ئەمە دواجــار دەبێتە هۆی پاڵپشتێکی بەهێز بۆ مســۆگەربوونی ئامانجە گەورەکانی. هــەروەک ئاماژەم پێکرد لەســەر بنەمــای هێماکانــی گۆڕین کە باســمکردن لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕادەی دیموکراتیکبوونی "وڵات"ێک هەڵدەسەنگێنن.

دەمــەوێ ئــەم باســە گرێبــدەم لەگــەڵ ڕاپۆرتەکانی چەنــد ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی لەســەر بارودۆخــی ڕۆژنامەوانی لە باشــووری کوردســتان. لــە 6ی دیســامبەری 2013 ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان (IFJ) لە نامەیەکی ســەرئاوەڵادا ڕاستەوخۆ سەرۆکی هەرێمی کوردســتان دەکاتە بەردەنگی خۆی و شــێلگیرانە داوای لێدەکات دۆسیەی کوشتنی ڕۆژنامــەوان کاوە گەرمیانــی بــە شــێوەیەکی جددی بەدواداچوونــی بۆ بکات. لــە کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵدا ڕۆبێرت ماهوون جێگری سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان (CPJ) سەردانی باشووری کورستان دەکات و بە دەربڕینی هەندێ دڵەڕاوکێی ئەو ڕێکخراوەیە لەســەر بارودۆخــی ڕۆژنامەوانــان لە باشــوور نیگەرانــی خــۆی دەردەبڕێ. هــەر بۆیە کاتی گەڕانــەوە لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕاســتەوخۆ باس لە پێشــێلکاری مافــی ڕۆژنامەوانــان دەکات و بە تایبەتی کوشــتنی سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانــی دەخاتە بەر باس. لەلایەکی دیکەوە ڕاپۆرتــی ڕێکخــراوی پەیامنێرانی بێ ســنوور (RWB) ســەبارەت بــە پێشــێلکاری مافــی ڕۆژنامەنووســان بەهۆی دەســەڵاتی سیاســی حیزبییــەوە واتە PDK لەهەمبــەر PYD دێتە ئــاراوە. (لە پەراوێزدا ئامــاژە بەم خاڵە بکەم کــە بەر لــەم ڕاپۆرتە هەر ئــەم ڕێکخراوەیە لە ڕاپۆرتێکــی دیکــەدا گوشــارەکانی PYDی لە ناوچە کوردنشــینەکانی ڕۆژئاوای کوردســتان بۆ ســەر میدیــاکاران و ڕۆژنامەوانان بە توندی ئیدانــە کردبــوو. یان هــەر لــەم پەیوەندییەدا لــەم دواییانــەدا موگەنس بژەرگارد ســەرۆکی فیدراســیۆنی ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپا (EFJ) نیگەرانی خۆی بەرامبەر بارودۆخی پەیامنێران لە ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕیوە. نموونەیەکی دیکە ڕاپۆرتە تێروتەسەلەکەی هیومان ڕایتس وۆچ (HRW)ە کە دەستەواژەی "پێشێلکاریی مەترســیدار" بەکاردەهێنــێ ســەبارەت بــە ئەشــکەنجە و دادگاییکردنــی نادادپەروەرانە و چەکدارکردنی مندالانی تەمەن خوار 18 ساڵ).

دیارە هەر لە ڕاپۆرتەکەی لێژنەی ســەرۆکی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان (CPJ)دا باس لە چەند خاڵێکی ئەرێنیش کراوە کە ئۆمێدبەخشە کاتێک دەڵێ: بە شــێوەیەکی ڕێژەیی هەرێمی کوردســتان خاوەنی ڕۆژنامەگەرییەکی بەهێزە و بەپێی ســتانداردەکانی ناوچەکــەش ئازادە. بــەڵام هــەروەک باســمکرد ڕاپۆرتەکانــی ئەم ڕێکخراوانە زەنگێکی مەترســیدارە بۆ ســیمای دیموکراتیکــی دەســەڵاتی کوردی بە گشــتی و هەرێمی کوردســتان بــە تایبەتی، هەر بۆیە کاربەدەســتانی هەرێمی کوردســتان دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بن ســتانداردەکانی ڕۆژنامەوانی بەرزتر بکەنەوە، چونکە بێگومان کوردستان نە ئێرانە، نە عێراقە، نە تورکیایە و نە سوورییایە. کوردستان کوردستانە و خەونی دواڕۆژی کاتێک دێتــە دی کە خۆی لە قــەرەی وڵاتانی ئازاد و دیموکراتیک بدات.



هێمن عەبدوڵڵا

# دووربینی و بێ بەنزینی

هێشتا میدیاکاران و چالاکڤانانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تێرقسە نەببوون لەسەر داعش، کەچی بێ بەنزینی هەموو شتێکی لەبیربردنەوە. سەرکردەکانی کوردستان بە شانازییەوە لە هەڤپەیڤین و لێدوانەکانیاندا باسی ئەوەیان دەکرد کە دووربینانە پێشبینیی ئەو ڕووداوانەیان کردبوو کە لە موسڵ و ناوچە سوننەنشینەکانی دیکە ڕوویاندا، بەڵام ئێستا کە بەنزین نییە، پێمان ناڵێن کێ کورتبین بووە لە پێشبینیکردنی ئەو قەیرانەی بەهۆی بێبەنزینییەوە دروستبووە؟

داعش گۆمە مەنگەکەی عێراقی خراپ شڵەقاند. بەجۆرێک کە ئەو منداڵەی لە لاکۆڵانیش یاری دەکات لەجیاتی ئەوەی بۆ ترساندنی هاوڕێکەی بڵێت "پخخخ" پێیدەڵێت: "هەڵێ داعش هات". ئەو هات و نەهاتی داعشە تەنیا بەوە دڵخۆشی نەکردین کە ناوچە دابڕاوەکان بە "پخخخ"ێک کەوتنەوە دەست پێشمەرگە. تەنیا ئەوەشی نەکرد کە ئەمریکا لە کەلی شەیتان بێتە خوارەوە و بڕوا بەوە بکات کە مالیکی لەجیاتی ئەوەی بەشێک بێت لە چارەسەر بۆخۆی بەشێکە لەو هەڵەیەی عێراقی گەیاندووەتە ئەمڕۆ. بەڵکو جموجۆڵێکی ترسناکیشی خستە بازاڕەوە.

بەرلەوەی داعش سەروگوێلاکی لە موسڵ پەیدابێت، کەس لە کوردستان نەیدەزانی بۆ وەرگرتنی بەنزین نۆرەگرتنێکی سێ کیلۆمەتری و پێنج کاژێریت پێویست دەبێت. بەندەش نەیدەزانی بۆ پەیداکردنی بەنزین دەبێ بچێتە نزیک گوێر و لە هۆڵێکی چاوەڕوانیی "ڤی ئای پی"دا، چوار کاژێر بەدیار گەیشتنی تەنکەرێکی بەنزینەوە بوەستێت، کە خوا دەیزانی بەدزییەوە بۆ داعش دەبردرێت یان کوڕی بەرپرسێک بە نرخی چەند قات بە کەسانی کەمکات و خووگرتوو بە بەنزینی وەکو بەندەی دەفرۆشێت.

ئەگەر داعش نەبووایە غازفرۆشەکان بیریان چووبووەوە چاوچنۆکی بکەن، میوەفرۆشەکان بە قازانجی کەم ڕازی بوون و بریکارانی بەشە خۆراکیش دەستیان لەوە شووشتبوو هەندێک کەس بێن و داوای بەشە ئاردی خۆیان بکەن. لە شارۆچکەیەکی نزیک سۆران شۆفێرێک بەنزینی نێو ئۆتۆمبێلەکەی بە نرخی چوارقاتی ئەوەی لە بەنزینخانەکاندا دەفرۆشرێت پێفرۆشتمەوە. کاتێک ڕۆیشتیش نە هەستی بە بێویژدانی کرد و نە ئاوڕێکی لەدوای خۆی دایەوە. منیش مەمنوون بووم و دوعای خێرم بۆ چاکەکانی ئەو و داعش کرد!

حکومەتی کوردستان ئیشی چاکیکرد کە لە ساڵانی ڕابردوودا ئیشی بۆ پشتبەخۆبەستوویی لە بواری وزەدا کرد، بەڵام ئەو قەیرانەی لەبەر بێ بەنزینی لە کوردستان دروستبوو، سەلماندی کە دڵنیاکردنەوەکانی حکومەت سەد لە سەد ڕاست نەبوون و هێشتا دەست لە "ملان" درێژترین بۆ ڕۆژی ڕەش. دەریشیخست کە بۆ دوور زۆر دووربینین بەڵام بۆ نزیک زۆر کورتبینین.

ئێمە چاومان لەوە بوو دەوڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنین. بەدزییەوە چەقەنەمان بۆ "برایانی داعش" لێدەدا و دەمانگوت ئەوەی بە توندوتیژی لێیانستاندین هەر بە توندوتیژیش لەدەستیان بەربووەوە و لێمان وەرگرتنەوە، بەڵام نەماندەزانی ئەوەی خۆمانی پێوە بادەدەین و ئەو بێمنەتییە درۆیینەیەی بۆیان دروستکردووین، تەنیا نیوەی ڕاستییە.

ئێستاش دەزانین ئەو ڕەوشە بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ ناگۆڕێت. بێبەنزینی سەرەتای دەرکەوتنی عەیب و عارەکانی دیکەی ئیدارە پشتبەخۆبەستووەکەمانە. دەزانین باجیماڵجیاکردنەوە و فرۆشتنی ئەو خانووەی ناومان لێنابوو عێراق و سێ خاوەنی هەبوون دەبێ بدەین و باجەکەشی گەورەیە. بەڵام دڵمان بەوە خۆشە کە چیدیکە شەرم ناکەین لەوەی عێراقین. دەشزانین چیدیکە نیگەران نابین لەوەی کە سەدامێکی نوێمان لێ قیت دەبێتەوە و عەبدولئەمیر زەیدییەکمان لێ دەکاتە کەڵەگا یان شەهرستانییەکمان لێدەکاتە ئاگری بن کا.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# لە ئەتاتورکەوە بۆ ئەکمەلە"دین"

دانیشتووانی تورکیا بە هاونیشتمانیانی باکووریشەوە، 10ی ئابی ئەمساڵ دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرۆک کۆماری وڵات هەڵدەبژێرن. تا ئێستا نەزانراوە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی ئێستای تورکیا خۆی دەپاڵێوێت یان نا. هاوکات بەربژێری پارتی دیموکراسی گەلانیش دیار نییە. ناوی هەردوو بەربژێرەکە پێدەچێت تا کۆتایی ئەم مانگە یەکلایی ببێتەوە. بەڵام پێش هەموو لایەک پارتی گەلی کۆماری CHP لەگەڵ بزووتنەوەی نەژادپەرست MHP بەربژێری خۆیان دیاری کرد. لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا CHP ەکەی ئەتاتورک کەسایەتییەکی ئیسلامییان کردە نوێنەری خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکەی مانگی ئاب.

پاڵێوراوی هاوبەشی CHP و MHP کەس نەبوو بێ لە "ئەکمەلەددین ئیحسانئۆغڵو"، سکرتێری گشتی پێشووی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی. کاتێک کە بیستم CHP ئیحسان ئۆغڵویان پاڵاوتووە بۆ نوێنەرایەتی خۆیان، منیش هاوچەشنی زۆربەی ئەندام پەرلەمانانی ئەو پارتە تووشی شۆک بووم! پارتی گەلی کۆماری لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەتا ئەمڕۆ نوێنەرایەتی چینی سێکولار و چەپی تورکیای کردووە. CHP پارتی "تورکە سپییەکان" بوو هەتا ئەمڕۆ. ئەو پارتە بوو بانگی کرد بە تورکی و بە دەیان ساڵ دژایەتی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی ناو تورکیای کرد. کەمالیزم و ئەتاتورکچییەتی لەسەر دەستی CHP بوو بە ئایدیۆلۆژیای فەرمیی تورکیا. چ هێزێک ئەو پارتەی لە هێڵی کەمالیزمەوە گەیاندە ئەوەی کەسایەتییەکی ئیسلامی بکاتە نوێنەری خۆی؟ یان بە واتایەکی دیکە چۆن بوو نوێنەرایەتی CHP لە ئەتاتورکی دامەزرێنەرییەوە گوازرایەوە بۆ سەر ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغڵو؟

ئەم پرسیارە چەند ڕۆژێکە گەورەترین کێشەی ڕووناکبیرە چەپەکانی ناو CHP یە. هەست دەکەن پارتەکەیان و "ئومێدی تورکیای سێکولار" لەناودەچێت. ئەو چینەی ئەردۆغان بە "تورکەکانی گوێ دەریا" ناویان دەبات، ماوەیەکی زۆرە نیگەرانن لە ڕەوشی تورکیا. خودی ئەردۆغان و ئیجرائاتەکانی پارتەکەی بە مەترسییەکی گەورە دەزانن بۆ سەر شێوە ژیان و ئازادییەکانیان. بەڵام باوەڕ ناکەم هیچ بڕیار و هەنگاوێکی ئەردۆغان هێندەی بڕیارە چاوەڕواننەکراوەکەی سەرۆکەکەی خۆیان ئازاری دابن. کەمال کلیچدارئۆغڵو خەنجەری دا لە باوەڕەکانی جەهەپەییەکان.

چەند فاکتەرێک هەن کە وایان لە سەرۆکی ئەو پارتە کرد پەنا بۆ ئیحسان ئۆغڵو بەرێت. سەرەکیترینیان هەوڵیانە بۆ بردنەوە لە ئەردۆغان. بیرکردنەوەی ئێستای جەهەپە ئەوەیە، هەر چۆنێک بێت ئەردۆغان بڕوات، ئیدی گرنگ نییە کێ دێتە جێی. لەو پێناوەدا مەرج بوو لەگەڵ پارتی دووەمی ئۆپۆزسیۆن هێزەکانیان یەکبخەن دژی ئەردۆغان. لەو باوەڕەدام لە پرۆسەی یەکخستنی هەڵوێستی جەهەپە و مەهەپە، ڕاوێژ بە ئەندازیارانی سیاسی کراوە. چونکە ڕوون و ئاشکرایە کە ئیحسان ئۆغڵو بەرهەمی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەیەکی قووڵە. با وا دابنێین کەسایەتییەکی نزیک لە جەهەپە بەربژار بکرایە و سەرکردایەتی مەهەپەش قایل بکرایە. قەت دەنگدەری نەژادپەرستی مەهەپە ئامادە نەدەبوو دەنگی پێبدات. دیارە بیر لەوە کراوەتەوە، دەنگدەری جەهەپە زۆر تووڕەیە لە ئەردۆغان و هەرکەسێک ببێتە ڕکابەری دەنگی پێدەدەن. بەڵام من نازانم تا چ ڕادەیەک ئەم بۆچوونە لە جێی خۆیەتی. فاکتەرێکی دیکە ئەوەیە جەهەپە کەسی نەبوو بتوانێت ڕکابەرایەتی ئەردۆغانی پێ بکات. بۆ نموونە، ئەگەر دەنیز بایکاڵیان بەربژار بکردایە، بایکاڵ دەیان جار کێبڕکێی لەگەڵ ئەردۆغان کردووە و دۆڕاوە. ئەگەر کەمال دەرویشیان بهێنایە، هەر چانسی نەبوو چونکە خەڵکی تورکیا دەرویش بە سیاسەتە ئابوورییە دۆڕاوەکانی دەناسنەوە. دەتوانین بڵێین، لە ناو خودی ئەو پارتەدا قەیرانی کەسایەتی سیاسی بەهێز هەیە.

هەموو ئەمانە لەلایەک، چیدی فاکتێک دروستبووە لە سیاسەتی تورکیدا کە تەنها کەس و لایەنە موحافیزکارەکان توانای بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەیان هەیە. ڕەنگە ڕاستترین خوێندنەوەش ئەوە بێت کە کلیچدار ئۆغڵوش لەو ڕاستییە تێگەیشتووە. وا تێدەگەم کە سەرکردەکانی جەهەپەش تێگەیشتوون لەوەی ڕەوتی چەپ لە تورکیا ئایندەی نییە. بە کردەوە پارتە چەپەکان لە کەناری دەریاکان قەتیسبوون و نەیانتوانیوە بچنە قووڵاییەکانی ئەنادۆڵەوە. بەڵام هاندیکاپی جەهەپە ئەوەیە کە ئایا دەتوانێت ئەو ڕاستییە لە لایەنگرانی "کەنار دەریاکان" بگەیەنێت و قایلیان بکات بەوەی دەنگ بدەن بە کەسایەتییەکی موحافزکار تەنیا بۆئەوەی موحافکارێکی دیکە لە دەسەڵات دووربخەنەوە؟ بەڕای من ئەوە زۆر قورسە. هاوکات عەلەوییەکان کە ڕێژەیەکی زۆری دەنگدەرانی جەهەپە پێکدەهێنن، دەڵێن ئامادە نین دەنگ بە ئیحسان ئۆغڵو بدەن. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، 10ی ئاب گەرمەی وەرزی گەشتوگوزارە و زۆربەی زۆری دەنگدەرانی جەهەپە بە کردەوە لە کەناری دەریاکانی ئیجە و دەریای سپی سەرقاڵی بەسەربردنی ڕۆژەکانی پشوون. ئایا ئیحسان ئۆغڵو دەتوانێت ڕایانکێشێتەوە بۆ بازنەی دەنگدانەکانی خۆیان هەتا دەنگی پێبدەن؟!

سەرنجڕاکێشترین بەشی ئەم قۆناغە، هەوڵی میدیاکانی نزیک لە جەهەپەیە بۆ قایلکردنی خەڵک بەوەی ڕاستە ئیحسان ئۆغڵو زانای ئاینییە و سکرتێری گشتی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی بووە، بەڵام بەپێی ستانداردەکانی تورکیا ئیسلامی نییە. یەکێک لە ئارگومێنتەکانیان ئەوەیە دەڵێن هاوسەرەکەی لەچک بەسەر نییە! بەڵام نازانم چۆن جێهێشتنی تورکیا لەلایەن باوکی ئیحسان ئۆغڵووە لە کاتی هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەتاتورک بۆ دەنگدەرانیان ڕوون دەکەنەوە؟ خانەوادەی ئیحسان ئۆغڵو لە سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆماری تورکیا وڵاتیان جێهێشتووە و چوونەتە میسر. ڕایەکی باویش هەیە کە پێیوایە هۆکاری ئەو کۆچە سیاسەتەکانی خودی ئەتاتورک و جەهەپە بووە. بە کورتی و بە کوردی، چۆن قەناعەت بە دەنگدەریان دەهێنن کە ئیحسان ئۆغڵو ببێتە میراتگری ئەتاتورک؟!

ئەگەر شرۆڤەیەکیش بۆ ئەگەرەکانی دابەشبوونی دەنگ بکەین. دەبینین لە ڕووی ماتماتیکییەوە ئیحسان ئۆغڵو چانسی ئەوەی هەیە کێبڕکێ لەگەڵ ئەردۆغان بکات. جەهەپە پشتیوانیی نزیکەی 30%ی تورکیای هەیە، مەهەپەش نزیکەی 15%. بە هەردوولا دەگەنە نزیکەی 45%. ئەگەر وای دابنێین کە سەرجەم دەنگدەرانی هەردوو پارت دەنگ بدەنە کاندیدە هاوبەشەکەی پارتەکانیان. دەنگەکانی ئیحسان ئۆغڵو نزیک دەبێتەوە لە دەنگی بەربژێری پارتی داد و گەشەپێدان. لێرەدا دووبارە دەنگی کورد یەکلاکەرەوە دەبێت، لە ئەگەری مانەوەی هەڵبژاردنەکە بۆ خولی دووەم. چونکە HDP ڕایگەیاند کە بۆ خولی یەکەم پاڵێوراوی خۆیان دەبێت، بەڵام ئەگەری مانەوەی بۆ خولی دووەم زۆر کەمە. لەو حاڵەتەدا کورد لە خولی دووەمدا دەبێت هەڵبژاردنێک بکات لە نێوان ئەکمەلەددین ئیحسان ئۆغڵو یان بەربژێری پارتی داد و گەشەپێدان کە ئەگەری زۆرە خودی ئەردۆغان بێت. ئاخۆ کورد دەنگ بە کامیان دەدات؟!



دەیڤد ڕۆمانۆ

# با مالیکی لۆمەی خۆی بکات

لەم هەفتەیەدا چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لەگەڵ گرووپە ناڕازییە سوننەکانی دیکە بەردەوامبوون لە پێشڕەوی، پاش کۆنترۆڵکردنی موسڵ. شارەکانی وەک فەللوجە، ڕومادی و سامەڕا کەوتنە کۆنترۆڵی چەکدارە سوننەکان. یەکێک لە گەورەترین پاڵاوگەکانی عێراق لە بێجی کە نزیکەی 25%ی بەنزین و کارەبای وڵات دابین دەکات، خەریکە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو چەکدارانە. سووربوونیان لەسەر ڕووخاندنی حکومەتەکەی مالیکی، وا دەردەخات ئەو چەکدارانە لە بەغدا نزیک دەبنەوە.

لەکاتی قەیرانێکی لەو جۆرەدا، ئاساییە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران لۆمەی کەسێک بکات. بۆیە چەند ئەفسەرێکی سەربازیی پلە بەرزی وەک مەهدی غەراوی، فەرماندەی سوپای عێراق لە پارێزگای نەینەوا و جێگرەکەی و چەند ئەفسەرێکی دیکەی لە پۆستەکانیان دوورخستەوە.

مالیکی فەرمانی دادگاییکردنی سەربازی بۆ فەرماندەی کورد هیدایەت عەبدولکەریم لە هێزی 3ی سوپا دەرکرد کە ماوەی 40 ڕۆژێکە ئەو پۆستەی وەرگرتووە. ئاشکرایە فەرماندە باڵاکانی وەک عەلی غیدان، فەرماندەی هێزی وشکانی عێراق و کەسێکی وەکو عەبود قەنبەریش دەربازیان بوو لەو سەرزەنشتکردنە.

ئاشکرایە مالیکی بێ پرس و ڕاوێژ لەگەڵ هیچ کەسێک فەرماندەی جێگرەوەیان بۆ دەستنیشان دەکات. بەواتایەکی دیکە، سوننەکان بە پارێزگاری موسڵیشەوە هیچ پرس و ڕاوێژێکیان پێناکرێ لەو دەستنیشانکردنەدا. بەپێی دەستووری عێراق دەبێت فەرماندەی باڵای سەربازی لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێ. بێگومان لە ڕابردوودا ئەوە کاری پێنەکراوە و وادەردەکەوێ مالیکی هیچ وانەیەک فێرنەبووبێت لە ناڕەزایی کورد و سوننەی وڵاتەکەی.

دادگایی سەربازی بۆ تەنیا فەرماندەی کورد، ئەو تۆمەتە پشتڕاست دەکاتەوە کە مالیکی جیاکاریی تایفی دەکات و هەوڵی دابەشکردنی کۆمەڵگەی عێراقی دەدات. کورد دەپرسن ئایا چۆن دەبێت فەرماندەیەکی کورد کە تەنیا 40 ڕۆژە پۆستە سەربازییەکەی وەرگرتووە بەرپرسیار بێت لە ڕووداوەکانی موسڵ؟ دەردەکەوێت ئەمە هاوتایە لەگەڵ ئەو پڕوپاگەندانەی کە لە بەغدا دەکرێ و دەڵێن کورد ڕۆڵیان هەبووە لەو قەیرانەی ئێستای عێراق بەمەبەستی لاوازکردنی حکومەتەکەی مالیکی.

کاتێک قەیرانێکی وێرانکەری لەو جۆرە ڕوودەدات، دەبێت بەرپرسە باڵاکان لۆمەی کەسێکی دیکە بکەن بۆ هەڵگیرسانی. دەبێت مالیکی فەرمانی دەستگیرکردنی وەزیری بەرگری و ناوخۆ و ئاسایشی نەتەوەیی و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بدات. ئەمەش مانای ئەوەیە تەنیا کەسێک کە دەبێت لۆمە بکرێت بۆ ئەم قەیرانەی ئێستا خۆیەتی، چونکە جگە لە پۆستی سەرۆک وەزیران، مالیکی هەموو ئەو پۆستانەی دیکەشی هەیە.

ئەگەر کەسێک بیەوێت بزانێ بۆ ئاستی ناڕەزاییەکان لە عێراق ئەوەندە زۆرە، ڕەنگە بەو پرسیارە دەستپێبکات، چۆن دەبێت پیاوێک کە پارتەکەی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکەی ساڵی 2010ی نەبردەوە، ئەم هەموو پۆستانەی هەبێت؟ فەرماندە سەربازییەکانی عێراق بەرپرسیار نین لە نزمیی ئاستی ورەی سەربازەکانیان، لەوەی کە حکومەتەکەی بەغدا بە حکومەتی خۆیان نازانن. ئەوە ئەفسەرە سەربازییەکان نەبوون کە ڕەتیانکردەوە ڕێگەبدەن بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە ناوچە سوننەکان چالاکی بکەن یان شکستیان هێنابێت لە هێشتنەوەی ئەنجومەنی سەحوەی سوننی کە ئەمریکییەکان زۆر بە وریاییەوە دروستیان کرد. هەروەها ئەوە سەرکردایەتی سوپا نەبوو لە نەینەوا و شوێنەکانی دیکە کە شکستی هێنابێت لە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ پارێزگاکە و هەروەها ڕێگەنەدان بەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکە بودجەی خۆی هەبێت بۆ کارکردن. ئەوە هێزە ئەمنییەکان نەبوون کە مافی کوردستان و پارێزگاکانی دیکە ڕەتبکەنەوە لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە نەوتییەکانی خۆیان. هیچ فەرماندەیەکی سوپا مافی هیچ پارێزگایەکی ڕەتنەکردووەتەوە بۆ پێکهێنانی هەرێمی سەربەخۆ.

مالیکی هەوڵیدا هەموو شتێک لە عێراقدا کۆنترۆڵ بکات. هیچ متمانەیەکی بە سیاسییەکانی دیکە نەبوو لە کارکردن بۆ وڵات و خەڵکەکەیان. هەوڵیدا بۆ بەهێزکردنی خۆی و حکومەتەکەی بەمەبەستی بردنی عێراق بەرەو ئاراستەیەک کە ئەو بە باشی دەزانی. بەپێی قسەی زۆر خەڵک، مالیکی لە ئاستی کەسێتیدا پیاوێکی باشەو هیچ ڕقێکی لە کورد و سوننە نییە. هەروەها دەردەکەوێت مالیکی کەسێکی سادە بێت و حەز بە خۆدەرخستن نەکات و بۆ هەڵێک نەگەڕێ بۆ نمایشکردنی دەسەڵاتی یان تینووی کۆکردنەوەی سامان بێت. بەڵام، نیاز و مەبەستە کەسییەکانی هەر شتێک بێت ئەو وەک سەرۆک وەزیر شکستی هێناوە.

لە ساڵی 2011 ئەمریکییەکان وڵاتێکیان بۆ جێهێشت کە دەستوورێکی باشی هەبوو لەگەڵ ئاستێکی باش لە سەقامگیری. بەڵام دوای ئەوە، مالیکی ئیدی بە ئەنقەست بێت یان نا، هەموو توانای خستەگەڕ بۆ بێبەهاکردنی ئەو دوو خەڵاتە.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# وا بزانە ئەمریکا بوونی نییە!!

لەپەڕاوی یادەوەری ڕۆژانەمدا هەندێک شتی سەرنجڕاکێش یاداشت دەکەم بەکورتی، یەکێک لەوانە ئەم ناونیشانە بوو (بەجۆرێک هەڵسوکەوت بکە وابزانە ئەمریکا بوونی نییە)، ئەمە ناونیشانی بابەتێک بوو کە (تارق عەبدولحەمید) لەبەرواری (2013/1/2)دا لە ڕۆژنامەی (شەرقولئەوسەت)دا نووسیبووی، پاش ئەوەی بینی ئەمریکای ئۆباما دەستەوەستانە لەئاست یارمەتیدانی دۆستەکانی، بەپێچەوانەی ڕوسیا و ئێرانەوە کە هەموو شتێک بۆ دۆستەکانیان دەکەن.

ئەو نووسیبووی "ناڵێم سەر لەسەری ئەمریکا بدەو دژی بوەستە، بەڵکو دەڵێم هەڵەی ئەگەر چاوەڕێی ئەمریکا بکەی. ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیعدا دەکات، ئەمڕۆ کاری خۆت بکە، ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ ڕۆژی دووەمدا دەکات، ئەمە بۆ 10 ساڵ دەچێت ئەمریکا وای لێهاتووە".

من ئێستا کە سەیری ئەو چەند دێڕەم کردەوە، بینیم زۆر لە وڵاتانی وەک ڕوسیا و ئێران و تورکیاو سعودیە و ئیمارات ئاوا دەکەن و ئەمریکاش مامەڵە لەگەڵ ڕۆژی دووەمی سیاسەتەکانیاندا دەکات.

ئەمریکا لەعێراقدا سەرکەوتوو نەبوو لەوەی ویستی و دەیویست، چونکە ئەمریکا ویستی عێراق (کلیل) بێت بۆ کردنەوەی (قوفڵ)ە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەعێراقەوە دیموکراسی بۆ دەوروبەر بنێرێت، بەڵام ئێستا عێراق خۆی بووە بە (قوفڵ) و کلیلیشی لای ئەمریکا نەماوە.

ساڵی پار گۆڤاری (فۆرن پۆلیسی) ئەمریکی نووسیبووی:

"عێراق دەتوانێت ببێتە کلیل بۆ خراپترین ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بەو مەرجەی:

یەکەم: سەرکەوتوو بێت لەڕێکخستنەوەی کاروباری نێوماڵی خۆی.

دووەم: پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی بەئەنجام بگەیەنێت.

سێیەم: ئەو سیاسەتی پەراوێزخستنەی ئەوانی دی وەلا بنێت کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق پەیڕەوی دەکات".

بەڵام بۆ هەموو چاودێرێکی سیاسی دیارە کە عێراق لەماوەی 11 ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت لەڕێکخستنەوەی کاروباری نێوماڵی خۆی و نەشیتوانیوە لەسەر زەمین و لەواقیعدا پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی بەئەنجام بگەیەنێت، بەردەوامیش درێژە دەدات بە سیاسەتی پەراوێزخستنی ئەوانی دی کە لەلایەن خودی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە پەیڕەوی دەکرێت.

کەواتە کاتێک ئەو سێ مەرجەی بوون بە (کلیل) نایەتەدی، ئەوا دیارە کە مەرجەکانی بوون بە (قوفڵ) هاتووەتە دی.

ئێستاو لەدوای تێپەڕبوونی 11 ساڵ بەسەر پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام و هاتنە ئارای عێراقی نوێ، ئەم عێراقەی ئێستا ساڵانە بەپلەی دووەم و سێیەم دێت لەسەر ئاستی جیهاندا لەخراپترین شوێنێک بۆ ژیان و لەگەندەڵی و لە لەسێدارەدانی مرۆڤدا، بۆیە ئێستا لەهەموو کات زیاتر و بەپێی هەر چوار کردە ماتماتیکییەکە کە (لێکدان) و (لێدەرکردن) و (کۆکردنەوە) و (دابەشکردن)ە، پرۆسەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ یان زیاتر لە سێ هەرێمی فیدراڵ یان کۆنفیدراڵ یان دەوڵەتی جودا، بەردەوامە بەهەنگاوی خێرا و بەشێوازی توند.

بۆیە کاتێک ئەم پێکدادان و (لێکدان)انەی ئێستا بەردەوام دەبێت، بۆ دەرکردن و (لێدەرکردن)ی کەمینەی شیعە لەهەر شوێنێکی عێراق و گەڕانەوەیان بەرەو ناوەڕاست و باشوور و هەڵاتن یان گەڕانەوەی کەمینەی سوننەش بۆ ڕۆژئاوای عێراق و هەڵاتن و گەڕانەوەی کەمینەی کوردیش لەباشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە بەرەو کوردستان.

بەم شێوەیەش دوای تەواوبوونی (لێکدان) و (لێدەرکردن)ەکە، دواتر هەر پێکهاتەیەک لەناوچەکانی خۆیاندا (کۆدەبنەوە) و سەرئەنجام (دابەشکردن)ی عێراق دەبێتە داوای پێکهاتەکان خۆیان نەک (بایدن)!!

ئەمڕۆ ئەم شەڕی هەمووان لەدژی هەمووانە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە کولتووری دیموکراسی بەئاسانی ناڕوێت لەخاکێکی وشکی وەک عێراقدا و وا بەخێراییش نایەتە بەرهەم.

بینیتان دەسەڵات لای زۆرینەی شیعەوە درایە هاوپەیمانیی نیشتمانی و لەویشەوە درایە دەستی دەوڵەتی یاسا و لەویشەوە بۆ لای کەسی سەرۆک وەزیران. ئیدی لێرەوە مانایەک بۆ حکومەتی شەراکەت نەما، کە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش جۆرێک لەبێ ئومێدیی هاتە ئاراوە، بۆیە ئەمڕۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و پێکهاتەکانی عێراق هەوڵ دەدەن خۆیان کاری خۆیان بەدەستی خۆیان ئەنجام بدەن و ئەگەر ئەمەش بەردەوام بێت، ئەوا ژمارەی بانگخوازان بۆ ئەگەری دابەشکردنی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندا دەبێت.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



هەڤاڵ ئیبراهیم:

# لە موزیک و تەکنیک دەتوانم یەکەمی بێ ڕکابەر بم

10

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




www.farukmedicalcity.com




چاودێریکردنێکی پزیشکیی بێ وێنە

لە شاری پزیشکیی فاروق، تەندروستیی نەخۆشەکانمان ئەرکی سەرەکیمانە. وە بە نوێترین شێوە و بەهۆی تەکنۆلۆجیای تازە و بە شارەزایی و پسپۆڕیی توانادارى کادرە پزیشکییەکانمانەوە کۆشش دەکەین کە بەرزترین ڕادەی خزمەتگوزاریی چروپڕی پزیشکایەتی بۆ نەخۆشەکانمان دابین بکەین.

شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، سلێمانی، کوردستان، عێراق | +964 (0) 770 900 0000

fmc
FARUK MEDICAL CITY